# کۆنگرەی هاوپەیمانە دیموکراتەکان و شرۆڤەی بارزانی بۆ ئاشتی و دیموکراتی

گوتارەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە رۆژی ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠ لە کۆنگرەی هاوپەیمانە دیموکراتەکان کە لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا سازکرابوو، خستنەڕووی چەمکێکی نوێ بوو بۆ چۆنیەتی بەگەڕخستنەوەی هەوڵەکان و پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ رزگارکردنی عێراق لەم تەنگژەیە و پیشاندانی ڕوویەکی دیکەی دیموکراسیخوازی گەلی کوردستان بوو لەبەردەم هاوپەیمانە دیموکراتەکانی جیهاندا،شرۆڤەی نوێ لە وتارەکەی بارزانی لەو پەرەگرافەوە دەست پێدەکات کە بارزانی بە ئامادەبووانی راگەیاند، زۆرجار گوێبیستی ئەوە بووم کە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی گەردوونی نییە کە بتوانێت زەمینەی هاوبەش لە نێو ئەو دابەشبوون و جیاوازییە قووڵانە بدۆزێتەوە کە گەلانی سەر ئەم زەمینەی لەسەری دابەشبوون،هەروەها بارزانی ئاماژەی بەوەکرد لەم روانگەیەوە و بەهۆی مێژووی درێژی دیکتاتۆریەت و ئەو مەرگ و ململانێیانەی بەسەرعێراقدا هاتووە، عێراق وەك دیاردەیەکی ئەو جیاوازیانە باس دەکرێت بەوەی ئاشتەوایی تێدا نایەتەدی، بەڵام وێڕای ئەو نەهامەتی و مەرگەسات و برینە قووڵانەی لە جەستەی عێراقیەکاندا هەیە بارزانی بە ئامادەبووانی کۆنگرەکەی راگەیاند ((من ئەمڕۆ لەبەردەم ئێوە رایدەگەیەنم ئەوە راست نییە)) ئەمەش واتە ئەو بۆچوونە راست نییە کە پێی وایە ئەگەر دابەشبوون و جیاوازی قووڵ لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتێکدا هەبێت، نەتوانرێت زەمینەی هاوبەش بۆ کۆکردنەوەی ئەو پێکهاتە جیاوازانە بدۆزرێتەوە و ئاشتی و دیموکراتی لەنێو ئەو جیاوازی و دابەشوونانە بەرهەم بهێنرێتەوە.

ئەم تێگەیشتنە قووڵەی بارزانی لە مانای ئاشتی و دیموکراتی و لە چۆنیەتی بەدیهێنانی ئاشتی و دیموکراتی لە وڵاتێکدا کە نامۆیە بە ئاشتی و دیموکراتی هەڵوەستەیەکی لەرادەبەدەری دەوێت، لەبەر ئەوەی قسەکانی بارزانی سەبارەت بە چۆنیەتی بەدیهێنانی ئاشتی و دیموکراتی لە عێراقدا، شرۆڤەیەکی تیۆری نییە کە لەسەر گریمانە و نەگۆڕ و گۆڕاوەکانی نێو هاوکێشە سیاسیەکە بونیادنرابن و پێویستیان بەوە بێت تاقیبکرێنەوە تا رێژەی سەرکەوتنی بۆچوونەکە دیاری بکرێت، بە پێچەوانەوە بارزانی شاهیدی ٥٠ ساڵی خەباتی پێشمەرگایەتی شەخسی خۆیەتی کە بەدرێژایی شۆرشی ئەیلوول تا ئێستا و بەبەردەوامی یەکێك بووە لەو پێشمەرگانەی لەگەڵ رووداوە و کارەسات و مەرگەساتی گەلانی عێراق و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی عێراق و ئیقلیمی و جیهانیەکاندا ژیاوە و لە چەشتنی مەرگەسات و دەردەسەری نەتەوەکەی و گەلانی عێراقەوە کە ماوەی نزیکەی سەدەیەکە بەهۆی نەبوونی ئاشتی و دیموکراتیەوە دەناڵێنن، فێری مانا بەرزەکەی ئاشتی و دیموکراتی بووە، بارزانی لە گوتارەکەیدا پرسیاری خۆی بەو ئاڕاستەیە دەوروژێنێت و دەڵێت: (پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە چۆن هەوڵی بەدیهێنانی ئەو نرخ و بەهایانە بدەین و بۆ کۆمەڵگە دەستبەریان بکەین؟) لەوەڵامی ئەم پرسیارە بەجێیەدا بارزانی پەندێکی دێرین بەنموونە دەهێنێتەوە کە دەڵێت: (کەسێك ناتوانێت هەست بە ئارامی بکات، ئەگەر کەسێکی دیکە مەترسی لەسەر بێت) کەواتە بارزانی بۆ بەدیهێنانی ئەو نرخ و بەهایانەی مانای ئاشتی و دیموکراتی لە کۆمەڵگە دیاری دەکەن، پێویستیی بەگۆڕینی فیکری سیاسیی و فێربوونی میکانیزمی بەرهەمهێنانی ئاشتی و دیموکراتیەتە، ئەمەش واتە هەستکردن بەوەی یاسا لە سەرووی هەمووان بێت، هەموو لایەنە سیاسیەکان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئاسایش و ئارامی بەبێ ئازادی و دیموکراتی و بەبێ توانستی هەڵبژاردنی سەرکردەکان و لێپرسینەوەی سەرکردەکان هیچ مانایەکی نامێنێت.

بارزانی هۆکاری هەستکردنی بەڕێزی بەم راستیە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی بەهاکانی ئاشتی و دیموکراتی و ئازادی کرۆکی خەباتی رزگاریخوازی کوردستان بووە و خەباتی رزگاریخوازی کوردستان فێری کردووە کە چۆن ئاشتی و دیموکراتی بۆ هەرێمی کوردستان وەك رێگە چارەیەك سەیر بکات، بەهەمان شێوە

گوڵان
ژمارە (٨٠٠)
٢٠١٠/١٠/٤



ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی و سەروەریی یاسا بۆ عێراقیش بە کردنەوەی گرێکوێرەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کێشەکان بەکاربهێنێت.

لە درێژەی وتارەکەیدا بارزانی ئەوە ناشارێتەوە کە هەندێك هەن لەسەر بەها و مانای ئاشتی و دیموکراتی لەگەڵمان جیاوازیان هەیە، بۆیە هۆکاری ئەم جیاوازییە دەگێڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك، کەیەکەمیان بەهۆی نەزانیانە بەو بەهایانە، یان لە پێناوی گەیشتن بەدەسەڵات ئەو بەهایانە پشتگوێ دەخەن، یان سروشتی شەڕانگێزی هەندێك لەسەرکردە عێراقیەکان کە مەبەستیانە جارێکی دیکە عێراق بگێڕنەوە بۆ رابردوو، واتە بۆ دژایەتی دیموکراتی و ئاشتی و گێڕانەوەی دیکتاتۆری، بەڵام بارزانی ئاماژەی بەوەکرد عێراقیەکان خوازیاری ئەوەن سەرکردەکانیان بۆ ئایینده بڕوانن، ئەمەش واتە عێراقیەکان خواستی ئەوەیان هەیە عێراقی ئایینده، عێراقێکی دیموکراتی و فرەیی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە بێت.

لە میانەی ئەم وتە ڕاشکاوانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نەك تەنیا خەڵکی کوردستان بەڵکو هاوپەیمانە دیموکراتەکانمان و تەواوی جیهان لە هەڵوێستی گەلی کوردستان بۆ چۆنیەتی بەشداریکردن لە حکوومەتی داهاتووی عێراق تێگەیشتون، کە دەکرێت بەچەند خاڵێك چڕیان بکەینەوە:

**١-** گەلی کوردستان یان هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر چەند پرانسیپێك دەچنە نێو وتوێژەکانی داهاتوو بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئاییندەی عێراق، ئەو پرانسیپانەش پاراستنی بەهاو نرخی ئازادی و دیموکراتی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەیە.

**٢-** ئەو چوارچێوەیەی دەبێتە نەخشەی ڕێگای هاوپەیمانی کوردستانی بۆ پاراستنی ئەو بەهایانە، پابەندبوون و جێبەجێکردنی دەستووری عێراقە، ئەو دەستوورەی کە لە ٨٠٪ی زیاتری عێراقیەکان دەنگیان پێداوە.

**٣-** قسەکانی بارزانی راشکاوانە ئاماژەبوون بۆ ئەوەی کە هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان هێڵی سووریان لەسەر هیچ کەسێك نییە کە لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ئاییندەی عێراق رادەسپێردرێن، بەڵام مەرجیان لەسەر شێوازی حکومەت بەوەی حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی بێت و بەرنامەی حکومەتەکە، پابەندبوونی بەدەستوورەوە هەیە، ئەمەش واتە لایەنی کوردستانی لەپرۆسەی وتوێژەکانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکات کە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق لە حکومەتدا بەشداری بکەن و هیچ کەسێك پشتگوێ نەخرێت و کۆبوونەوەی هەمووشیان لە دەووری یەك مێز لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی بێت.

ئەم لایەنانە کە تەوەری سەرەکی وتەکانی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لەخۆی گرتووە بۆ چۆنیەتی رزگارکردنی عێراق لەم قەیرانەی ئێستا تێیکەوتووە، ناوەرۆکی ئەو دەستپێشخەریەشە کە بەڕێزیان بۆ رزگاربوون لەم تەنگژەیە پێشکەشی هەموو لایەنە سیاسییەکانی نێو پرۆسەی سیاسی عێراقی کردووە و داوای لێکردوون کە هەموو لایەنە سیاسەکان ئامادەباشیان تێدابێت بۆ ئەوەی بەرێگەی ئاشتی و دیالۆگ کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، نەك پەنا بۆ دوورکەوتنەوە و شێوازێکی دیکە بەرن، هەر بۆیە ئەم هەفتەیە کە هەفتەی یەکەمی دوای یەکلاییکردنەوەی کێشەی کاندیدکردنی پۆستی سەرۆك وەزیرانە بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق و لێرەوە بە شێوەیەکی جیدی لایەنەکان دەکەونە وتووێژ لەسەر چۆنیەتی بەشداربوونیان لە کابینە تازەکەی د.مالکیدا، بەڵام وەك بۆتە نەریتێکی باو لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، هەموو ڕێگاکان دەگەڕێنەوە بۆ لای بارزانی و ئەمجارەش ئەگەر هەموو لایەنەکان پابەندبن بەو دەست پێشخەرییەی سەرۆك بارزانی پێشنیاری کردووە، ئەوا نەك عێراق ئەم قۆناخە تێدەپەڕێنێت و خۆی لەقەیرانێك رزگار دەکات بەڵکو عێراقییەکان دەتوانن بۆ هەموو جیهان قسەکەی بارزانی بسەلمێنن، گەر بەدیهێنانی ئاشتی دیموکراتی هەتا دوێنی بۆ عێراق مەحاڵ بووبێت ئەوا لە ئێستاوە ئەو مومکینەیە کە دەبێت هەموو جیهان وانە و پەندی لێوە فێربێتەوە.



# دەستنیشان کردنەوەی مالیکی بۆ پۆستی حکومەت خێرا دەکات بەڵام

گوڵان
ژمارە (٨٠٠)
٢٠١٠/١٠/٤





# سەرۆک وەزیران هەنگاوەکانی پێکهێنانی کۆتایی بەتەنگژەکە ناهێنێت

# دەستپێشخەری سەرۆك مسعود بارزانی بۆ دانیشتنی نوێنەری کوتلەکان بە یەکەوە کلیلی چارەسەرە بۆ پێکهێنانی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی



**حەیدەر مولا وتەبێژی ئەلعراقیە بۆ گوڵان:**

پاش نیوەڕۆی هەینی ٢٠١٠/١٠/١ و دوای تێپەڕبوونی ٢٠٨ ڕۆژ بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ٧ی مارتی ڕابردوو، هاوبەندی نیشتمانی عێراقی بەبێ بەشداری نوێنەرانی حزبی فەزیلەی ئیسلامی و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا، بەتەوافوق لەسەر دووبارە کاندیدکردنەوەی نوری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران ڕێککەوتن، ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی دەبێتە هۆکارێك بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان و دەسنیشانکردنی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك کۆماری عێراق بۆ ئەوەی پاش ئەوەی سەرۆك کۆمار سوێندی یاسایی دەخوات، جارێکی دیکە د.نوری جەواد ئەلمالیکی بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕاسپێردرێتەوە، تا لەماوەی مانگێکدا وتووێژ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق بکات و کابینەکەی تەواو بکات و لە مانگی تشرینی دووەم لەبەردەمیان سوێندی یاسایی بخوات، بەڵام چاودێرانی بارودۆخەکە ئەم هەنگاوە هەروا بەسادەیی نابینن و پێیان وایە لەدوای کاندیدکردنەوەی د.مالیکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران تەنگژەیەکی دیکە دەست پێدەکات و پێدەچێت چارەسەرکردنی تەنگژەی نێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ چۆنییەتی ڕێککەوتن لەسەر بەشداریکردن لە حکومەتی داهاتوودا دەسپێکی تەنگژەیەکی دیکە بێت و نوری مالیکی نەتوانێت لەماوەی مانگێکدا کابینەکەی تەواو بکات، لە تازەترین لێدوانی پرۆفیسۆر پۆست هێلترمان جێگری بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەورووپا لە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان و تایبەتمەند لەسەر دۆسێی عێراق دەڵێت: ((ناتوانرێت مەزندەی ئەوە بکرێت پێش ساڵی تازەی ٢٠١١ حکومەتی داهاتووی عێراق ببینرێت))، هەر بۆیە ئەگەر ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/١ بە سەرەتایی یەکلایکردنەوەی کێشەی کاندیدکردنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران بێت، ئەوا بەپێی مەزندەکانی هێلترمان ڕێککەوتنی لایەنەکان بۆ بەشداریکردن لەکابینە تازەکەی د.مالیکی لانی کەم لەسەروو ٩٠ ڕۆژی پێویست دەبێت، گومانیشی تێدانییە ئەگەر لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا د.مالیکی لە پێکهێنانی کابینەکەی سەرکەتوو نەبێت ئەوا دەبێت پەرلەمان جارێکی دیکە کۆبێتەوە و پاڵێوراوێکی دیکە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ڕابسپێرێتەوە، بەڵام دیسان ئەمەش کێشەکە چارەسەر ناکات و لەوانەیە ئەگەر کاندیدی دوای د.مالکی، د.عادل عەبدولمەهدیش بێت وەك کاندیدی ئەلعراقیە و فەزیلە و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، ئەوا ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی توندی پەرلەمانی دەبێتەوە، کاریگەرتر لەو ئۆپۆزسیۆنەی کە د.مالیکی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەر بۆیە پێشنیی و مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە دوای کاندیدکردنەوەی د.مالکیش بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران جارێکی دیکە عێراق لەنێو بازنەیەکی دیکەی تەنگژەکان بسوڕێتەوەو ناتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم تەنگژانە بە ئاسانی چارەسەر بکرێن.

**ئەگەر لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا د.مالیکی لە پێکهێنانی کابینەکەی سەرکەتوو نەبێت ئەوا دەبێت پەرلەمان جارێکی دیکە کۆبێتەوە و پاڵێوراوێکی دیکە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ڕابسپێرێتەوە**

### پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی یەکێك لە ئەگەرە دوور و ئەستەمەکانە

ئەگەر پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی ئامانجی زارەکی هەموو پێکهاتە سیاسیەکانی عێراق و ئیدارەی ئەمریکاش بێت، ئەوا پێکهێنانی ئەم هاوبەشیە نیشتمانییەی بەوەی هەموو لایەنەکان بەشداری لەحکوومەتی داهاتووی عێراقدا بکەن لەسەر ئەرزی واقیع کارێکی ئاسان نییە و ئەگەر لەم بارۆدخەدا پێکهێنانی ئەم حکوومەتە مەحاڵیش نەبێت ئەوا، پێکهێنانی حکوومەتێکی لەمجۆرە یەکێك دەبێت لە ئەگەرە دوورەکان و دەکەوێتە دوای ئەوەی کە چەند جارێك ماوەی مۆڵەت پێدراو بۆ کاندیدە جۆراو جۆرەکان تەواو دەبێت، ئەمەش بە واتایەکی دیکە پاش ئەوەی هەموو لایەك لە پێکهێنانی حکوومەت شەکەت و ماندوو دەبن و دەگەنە ئەو قەناعەتەی حکومەتیان بۆ پێکنایەت ئەوجا جارێکی دیکە ناچار دەبن لەدەوری مێزێك کۆبنەوەو بە تەوافقێکی سیاسیی حکومەت پێکبهێنن، سەبارەت بە گرژی بارۆدخەکە و ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەبنەوە، حەیدەر مەلا وتەبێژی لیستی ئەلعراقیە لە لێدوانێکی تایبەتیدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان ڕاگەیاند و وتی: (( بێگومان بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزە و چاوەڕوانی ئەنجامی خراپی لێدەکرێت، ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا ڕوویدا هێنانە ئارای سیاسەتی جەمسەربەندی لایەنەکان بوو لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقیدا، ئەم سیاسەتەش نابێتە هۆی چارەسەرکردنی قەیرانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، بەڵکو بارودۆخ سیاسی و مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت ئاڵۆزتر دەکات، دیارە سروشتی بارودۆخی سیاسی

عێراق ئەوە دەخوازێت بەپێی بەرژەوەندی نیشتمانی و تەوافوق مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لەنێوان سەرەکییە براوەکان لە هەڵبژاردن، بۆیە دەستپێشخەری سەرۆك مسعود بارزانی بۆ دانیشتنی نوێنەری کوتلەکان بە یەکەوە بۆ دامەزراندنی حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی ئەلعێراقییە پێشوازی لێکرد، چونکە کلیلی چارەسەرە بۆ پێکهێنانی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی.)) ئەوەی حەیدەر مەلا لە لێدوانەکەیدا ئاماژەی پێکرد بایەخی دەستپێشخەریەکەی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی، هەربۆیە سەبارەت بەم دەستپێشەخەریەی سەرۆك بارزانی لە وتەبێژی لیستی ئەلعراقیەمان پرسی ئایا وەك هەڵوێستی فەرمی لیستی ئەلعراقیە چۆن لەو دەست پێشخەرییە دەڕوانن، سەبارەت بەم لایەنەش وتەبێژی لیستی ئەلعراقیە بە گوڵانی راگەیاند: ( ئێمە لە سەرەتاوە گوتمان هیچ نەخشەیەکی رێگا نییە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی پێکهێنانی حکومەت تەنیا لە رێگای حکومەتێکی شەراکەتی نیشتمانی نەبێت و مامەڵە کردنێکی راستەوخۆ لەگەڵ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نەك لە رێگای گفتوگۆی نێوان کوتلە براوەکان،پێمانوایە دەستبەردار نەبوونی دکتۆر مالیکی بە کورسی دەسەڵات رۆڵی هەبوو لە ئاڵۆزتر کردنی بارودۆخی سیاسی لە عێراق، بۆیە ئەم دەستپێشخەرییە هاوپێچە لەگەڵ چەمکی شەراکەتی نیشتمانی و گونجاوە لەگەڵ ئاوات و ئارەوزوو و بیروڕاکانی لیستی ئەلعێراقییە، بۆیە دەڵێین ئەم دەستپێشخەرییە نەخشەیەکی رێگای روون وئاشکرایە بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکە.)) بەڵام ئەوەی ئێستا دەبینن ئەوەیە هاوبەندی نیشتمانی عێراقی بەبێ بەشداری هەردوو لایەنی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و حزبی فەزیلە دووبارە د.مالکیی کاندید کردۆتەوە، ئەمەش پێدەچێت رۆڵی ئەمریکای تیدابێت بەتایبەتی دوای ئەوە هات کە جۆزیف بایدن لە رۆژانی رابردوو



محەمەد بادلی نوێنەری تەیاری سەدر لە پێکهێنانی حکومەت بۆ گوڵان:

**ئەگەر نەتوانین لە ئایندەیەکی نزیک حکومەت پێکبهێنین بارودۆخی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤**

پێوەندی راستەخۆی بەزۆربەی سەرکردە عێراقیەکان کردووە، سەبارەت بەرۆڵی ئەمریکا و ئاڵۆزێتی باردۆخەکەش حەیدەر مەلا بەمجۆرە نیگەرانی خۆی پیشانداو وتی: ((ئەمریکییەکان لە هەوڵی بەردەوامدان، چونکە دەیانەوێ بەر لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگریس قەیرانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق کۆتایی پێ بهێنرێت و چارەسەرێکی خێرا و ئاسان بدۆزرێتەوە بۆ قەیرانەکە، بەڵام ئاشکرایە کە چارەسەری خێرا نابێتە هۆی پێکهێنانی حکومەتێکی جێگیر و بەهێز و لایەنی ئەمریکیش درکی بەو راستییە کردووە،هەر بۆیەش جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بە د.عەلاوی راگەیاند کە پێویستە پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای رێزگرتن لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بێت و ئیستیحقاقی دەستووری و پێکهێنانی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی بێت کە لە لایەن هەموو کوتلەکانەوە قبوڵ بکرێت وپێی رازی بن، هەروەها بایدن رایگەیاند کە ئەوان پشتگیری لە هیچ کەس ولایەنێك لەسەر حیسابی کەس و لایەنێکی ترناکەن.

هەربۆیە ئەو مەترسیانەی مەزندە دەکرێت رووبەرووی باردۆخی عێراق ببنەوە ئەو مەترسیانەن کە رێز لە ئیرادەی گەلی عێراق نەگیرێت دوای ئەوەی لە ٧ی ئادار ئەرکی سەر شانی خۆی بەجێگەیاند، گەلی عێراق مافی خۆیەتی حکومەتێکی هەمیشەیی هەبێت کە سەروەت و سامانەکانی عێراق رێکدەخاتەوە و لەو بارودۆخە تاڵەی دەربهێنێت کە لە بواری ئەمن و ئاسایشەوە بەرۆکی گرتووە، بە پێچەوانەوە ئیرادەی گەل پشتگوێ دەخرێ و ئاواتەکانی نایەنە دی و رێز لە ئیرادەی ناگیرێ.))

**لێکنزیبوونەوەی دەوڵەتی یاسا و تەیاری سەدر مالکی بۆ پۆستێکی دیکە کاندید کردەوە**

لیستی سەدر لە کۆی ٧٠ کورسی هاوبەندی نیشتمانی شیعە کە عەمار حەکیم سەرۆکایەتی دەکات، ٣٩ کورسی هەیە هەربۆیە ئەم ژمارەیە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە تەیاری سەدر لە زۆر مەسەلەی نێو هاوبەندی شیعە رۆڵی یەکلایکەرەوە بگێرێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لایەنی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی هۆکاری زۆری کورسیەکانی تەیاری سەدر و کەمی کورسیەکانی ئەنجوومەنی باڵا بۆ ئەو شێوازە تازەیەی هەڵبژاردن دەگێرێتەوە پێی وایە لە کاتێکدا رێژەی کورسیەکانی تەیاری سەدر دوو هێندەی کورسیەکانی ئەنجوومەنی باڵایە، بەڵام جیاوازی نێوان رێژەی دەنگەکانی سەردرو مەجلس تەنها ٦٠ هەزار دەنگە، لەگەڵ ئەم راستیەشدا بەڵام لەبەر ئەوەی رێژەی کورسیەکانی تەیاری سەدر رێژەیەکی بەرزە هەربۆیە لەناو وتوێژەکانی ئیتیلافی شیعە رۆڵی تەیاری سەدر رۆڵێکی گەورەیە و توانای ئەوەی هەیە ئاراستەی هاوکێشکە

**ئەوەی لە ماوەی رابردوودا روویداوە هێنانە ئارای سیاسەتی جەمسەربەندی لایەنەکان بووە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقیدا**

**پرۆژەی دابەشکردنی دەسەڵات پرۆژەیەکی ترسناکە و بارودۆخێکی ترسناك لە عێراق دەهێنێتە ئاراوە و دەبێتە دامەزراندنی زیاتر لە حکومەتێك لە یەك وڵاتدا**

بگۆڕێت، هەروەك چۆن لە هاوکێشەی یەکلاییکردنەوەی کێشەی کاندید کردنی پۆستی سەرۆك وەزیران لەنێوان د.مالکی و عادل عەبدولمەهدی، تەیاری سەدر توانی پارسەنگی هاوکێشەکە بەلای د.مالکی بکشێنێتەوە، زۆر لە چاودێران پێیان تەیاری سەدر لەژێرگوشاردا رای خۆی گۆڕیووە، ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت تەیاری سەدر رەخنەیەکی زۆری لەسەر ئەدای حکومەتی مالیکی هەبووە، سەبارەت بەم بۆچوونەی تەیاری سەدر بەرامبەر حکوومەتەکەی مالیکی، محەمەد بەهادلی ئەندامی دەستەی سیاسیی بۆ وتوێژەکانی تەیاری سەدر بۆ پێکهێنانی حکومەت لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە تیشکی خستە سەر ئەم لایەنە و گووتی : (( من وەك نوێنەری رەوتی سەدر و ئەندامی دەستەی سیاسی کە سەرکردایەتی وەفدی گفتوگۆکان دەکەم بۆ پێکهێنانی حکومەت، براشکاوانە دەڵێم و هەموو لایەکیش ئەو راستیە دەزانن،کە حکومەتی رابردوو دووچاری گرفتی جۆراوجۆری ئیداری و سیاسی و تەنانەت هەندێ جار ئەخلاقیش بۆوە، ئەم گرفتانە رەنگدانەوەیان لەسەر هەڵوێست و رەفتاری لایەنەکان هەبووە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، ئێمە وەك پێکهاتەیەك تەحەفوزی خۆمان هەبوو لەسەر حکومەت و ئەدای و کەسەکانی و بەرنامەکەی،بۆیە داوای گەرەنتیمان دەکرد بۆ ئەوەی حکومەتی داهاتوو پێوەی پابەند بێت، وەك زۆربەی کوتلەکانی دیکە بینیمان گرفتەکە یان لە بەرنامەی حکومەتدایە یانیش لە کەسایەتییەکەیە، هەندێك جار کەسایەتییەکە خۆی کەمتەرخەمە و ئەوەندەی بەدوای گرفتەکاندا دەگەڕێت ئەوەندە بە دوای چارەسەردا ناگەڕێت، هەندێك جاریش دەبینین ئەسڵی بەرنامەکەی هەڵە بووە.

هەربۆیە رەوتی سەدری تەحەفوزی خۆی نەشاردۆتەوە لەسەر ئەدای حکومەتی پێشوو و هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی شەش لە وەزیرەکانیشی



**محەمەد سەعدون سەهیود نوێنەری دەوڵەتی یاسا بۆ گوڵان:**

# ئەو بەرنامە ١٩ خاڵەی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پێشکەشی کردووە ئێمە وەك دەوڵەتی یاسا زۆربەیمان قبوڵە و چەند خاڵێکیشیان وتوێژی لەسەر دەکەین

لە حکومەتی پێشوو کشانەوە دواتریش لە ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتووش کشاینەوە، ئێستا دەمانەوێت ئەو هەڵانە دووبارە نەکرێنەوە و سوود لە تاقیکردنەوەکانی پێشوو وەربگیرێت، ئێمە دەمانەوێ بە چەند پرەنسیپێك مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین،

یەکەمیان: بەدوای حکومەتێکی شەراکەتی نیشتمانیدا دەگەڕێین لە تاکرەوی و بە دیکتاتۆری بوون دوور بێت یان هەوڵ نەدات بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیکتاتۆری.

دووەمیان: پرۆژەی ئەوەمان پێشکەش کرد کە هەموو لایەنە بڕاوەکان کۆبکەینەوە لەسەر مێزی گفتوگۆ، هەروەها بەپێی توانا هەوڵمانداوە رێنمایی خۆمان بکەین وەك چۆن رێنمایی لایەنەکانی تر دەکەین بۆ دوور کەوتنەوە لە دروستبوونی گوشار لەسەر بنەمای کێشەکانی رابردوو، ئەمەش وایکرد تا رادەیەك خۆمان لەو تەحەفوزانە دوور بخەینەوە کە وەك رەوتی صەدری پێشتربۆ پێکهێنانی حکومەت هەیبوو.

دەتوانم بڵێم لەم قۆناغەدا ئێمە سوورین لەسەر دامەزراندنی حکومەت لە رێگای هاوپەیمانی نیشتمانییەوە، هەروەها پابەندین بە ئیستیحقاقی دەستووری بۆ ئەو لایەنەی کە مافی پێکهێنانی حکومەتی هەیە بەو پێیەی هاوپەیمانی نیشتیمانی گەورەترین کوتلەیە لە پەرلەمانی عێراقدا، لێرەوە دەمێنێتەوە سەر ئەوکەسایەتیەی دەستنیشانکراوە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران و پێکهێنانی حکومەتی نوێ، بێگومان رەنگە تێبینی و بیرورای جیاواز هەبێت لەسەر ئەدای ئەو کەسە و هەموو لایەك پێی رازی نەبن، پێوەری سەرەکی ئێمە وەك رەوتی سەدر بۆ ئەو کەسە ئەوەیە کە چۆن دەتوانێت خزمەتی گەل بکات و تەنیا لەو روانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسەدا دەکەین نەك لە روانگەی دیکەوە، ئێمە لەرووی ئەخلاقییە فشارێکی زۆرمان لەسەرە بۆ کەمکردنەوەی مەینەتییەکانی گەلی عێراق کە چاوەڕێی حکومەتی داهاتوو دەکات و دەناڵێنێت بە دەست نەبوونی خزمەتگوزاری سەرەکی و نەبوونی ئاسایش و سەقامگیری، هەروەها چاوەڕێی تەواو کردنی پرۆژەکانی بنیاد نانەوە و کۆتایی هێنان بە گەندەڵی دەکات، بۆیە بابەتی زۆر چاوەڕوانی سیاسەتمەداران دەکات بۆ تەواو کردن یان دەستپێکردنیان)).

نوێنەری دانوستانە سیاسیەکانی رەوتی سەدر لەم لێدوانە تایبەتەی ئەوە ناشارێتەوە کە ئەوان ئێستاش تەحەفوزاتیان لەسەر مالکی و حکومەتی پێشوو هەیە،هەر بۆیە سەبارەت بەدەستتێوەردانی دەرەکی و گوشارە دەرەکییەکان بۆ گۆڕینی هەڵوێستی تەیاری سەدر، محەمەد بەهادلی بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵانی دایەوەو وتی : ((ئەوەی راست بێت ناتوانین ئەم مەسەلەیە پشت راست بکەین یان رەتی بکەینەوە، پشتراست

کردنەوە بەو شـێوەیەی کـە حکومەت تـا ئێستا نەیتوانیوە پێوەرێـك دابنێت بە ویستی دەوڵەتێك یان هێزێك لەسەر حیسابی هێزێکی دیکە، ئەمریکییەکان هیچ شتێکی وایان پێشکەش نەکردووەو کە بە راشکاوانە یان راستەوخۆ پشتگیری لایەنێکی نەکردووە یان داوای لەلایەنەکانی دیکە کردبێت رۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینن، بەڵام ئەوەی روویدا کە ئەم دەستێوەردانانە سەرکەوتوو نەبوون هەرچەندە داگیرکەری ئەمریکی فشارێکی مەیدانی نەبوو نەیتوانی سەرپەرشتی گرنگترین ژێرخانە ئابوورییەکان بکات کە حکومەتی ئێستای عێراق پێویستی پێی هەیە سەرەڕای ئەو رێکەوتننامانە کە حکومەتی پێشتر ئیمزایان کردبوو، وێڕای رۆڵی زۆری لە عێراق ئەمریکا نەیتوانیوە کاریگەری هەبێت لەسەر پێکهێنانی حکومەتی عێراقی، ئێمە وەك رەوتی صەدر هەڵوێستمان لە سەرەتاوە بەرامبەر بە داگیرکاری ئەمریکا روون و ئاشکرا بوو و ئێستاش لەسەر هەمان گوتار وهەڵوێست بەردەوامین بەو پێیەی دەربڕی ناسنامەی شەرعی وئەخلاقی ئێمەیە، سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتیش ئاشکرایە ئێمە پابەندین بە ناسنامەی خۆمان و کراوە بووین بەرامبەر بە هەموو لایەنە سیاسییە پێك ناکۆکەکان بێ لەبەر چاو گرتنی دووری و نزیکییان لێمانەوە، پێمان ئاسایییە هەر لایەنێك جڵەو بگرێتە دەست، بەڵام بێ ئەوەی لایەنەکانی دیکە پشتگوێ بخات،ئێمە لە دەرەوەی بازنەی فشارەکانین و ئەگەر ئیرادەی دەرەکی لەنێو رەوتی صەدریدا بوونی هەبووا ئەوا تا ئێستا ملکەچ دەبووین یان رازی دەبووین بە دامەزراندنی حکومەت لە کاتێکی زووەوە، بواری گفتوگۆمان داوە بوارمان داوە هەر کەسێك لێهاتوو و بەتوانا بێت بێتە پێشەوە.)) لایەنێکی گرنگی دیکە کە مەبەستمان بوو لەم دیدارە لە نوێنەری تەیاری سەدری بپرسین پێوەندی تەیاری سەدر بوو لەگەڵ هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان وهەڵوێستی سەماحەتی موقتەدا سەدر بووە لەسەر دەست پێشخەریەکەی سەرۆك بارزانی،



**نەجیب عەبدوڵلا پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی بۆ گوڵان:**

# هەموو لایەنەکان دەستپێشخەریەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان لا پەسەندە و ئەم هەفتەیە وتوێژی لەسەر دەکەین

سەبارەت بەم لایەنەش محەمەد بیادلی بەمجۆرە و راشکاوانە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن وتی : ((- سەماحەتی موقتەدا سەدر گرنگییەکی زۆر بە پێوەندییەکانی کوردی- عەرەبی و کوردی — سەدری دەدات هەر بۆیەش چەندین جار پێوەندی تەلەفۆنی بە سەرۆك بارزانییەوە کردووە بۆ گۆڕینەوەی بیرورا، ئەمەش لە روانگەی فرەیی پێکهاتەکانی عێراق، پێویستە لە حکومەتی داهاتووشدا رەنگ بداتەوە بەوەی کە ئیستیحقاقی فرەیی و ئەخلاقی و مێژوویین بۆ سروشتی فرەیی پێکهاتەکان لە عێراق، بۆیە بە چاوی رێز و تەقدیر و بە جدییەوە لە هەموو پێشنیار و دەستپێشخەرییەك دەڕوانین کە لەلایەن برا کوردەکانمانەوە پێشکەش دەکرێت بەوەی کە شەریکێکی راستەقینەن لە دامەزراندنی عێراقێکی نوێ، بەتایبەتیش کە گەلی کورد یەکێك بووە لەو پێکهاتانەی کە زیانی گەورەی پێکەوتووە لەسەر دەستی حکومەتی بەعس و تووشی سەرکوت کردن بۆوە بەهۆی جیاواز نەتەوە و ئیتنیەوە.)) وێڕای هەموو ئەمانە بەڵام مەترسی سەرەکی و گەورە لێرەدا ئەوەیە کە بەتەنیا کاندیدکردنە بەرێز نوری مالیکی چارەسەری کێشەکان ناکات و پێدەچێت پێکهێنانی حکومەت دوابکەوێت بۆ چەندین مانگی دیکەش سەبارەت بەم پرسەش محەمەد بیادلی بەمجۆرە رای خۆی دەربری و وتی : (ئێمە بەشێکین لە پێکهاتەکانی عێراق و سووربووین لەسەر ئەوەی پەلە کردن لە پێکهێنانی حکومەت دوورکەوتنەوەیە لە ئاستەنگێکی زۆر ترسناك کە هەموو لایەنە سیاسییەکان پێوەی پەیوەستن بێ رەچاوکردنی حیساباتی تایبەت، ئەوەی راستی بێت پرۆسەی سیاسی عیراق لە مەترسیدایە، چونکە دواکەوتن لە پێکهێنانی حکومەت متمانەی شەقام و دەنگدەری بە لایەنە سیاسییەکانی سست کردووە، بۆیە پێویستە بە زووترین کات حکومەت پێك بهێنرێت ئەمەش بەو پێیە رێگای دەرباز بوونە لەو بارودۆخەی ئێستا و گەڕانەوەی متمانەی گەلە بە پرۆسەی سیاسی و رزگار کردنی ئەو پرۆسە سیاسییەکەیە، ئەگەر نا دەگەڕێینەوە بۆ ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ کە بڵاوبوونەوەی شەڕ و ئاژاوە لە گرنگترین سیما و پێناسەکانی ئەو کاتە بوون.)) هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە تێڕوانینی نوێنەرانی لیستی دەوڵەتی یاسا کە ئێستا و دوای کاندیکردنەوەی د.مالکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران خۆیان وەك لایەنێکی براوە و کاندیکەشیان وەك نوێنەری گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی سەیر دەکەن، پرسیارمان لە محەمەد سەعدون سەهیود نوێنەری دەوڵەتی یاسا کردو لە

> **حکومەتێکی شەراکەتی راستەقینەمان دەوێ کە هەموو لیستەکان بەشداری تێدا بکەن و دامەزرابێت لەسەر بنەمای نەزاهەت و لێهاتوویی و پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی**



فریاد رەواندوزی لە هاوپەیمانی کوردستانی بۆ گوڵان:

# تا ئێستا مالیکی لەهەمووان نزیکترە هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان

**وێڕای رۆڵی زۆری لە عێراق ئەمریکا نەیتوانیوە کاریگەری هەبێت لەسەر پێکهێنانی حکومەتی عێراقی**

وەڵامدا بەمجۆرە تێڕوانینی خۆی بۆ گوڵان خستە روو و وتی : (خوێندنەوەم بۆ ئەم بارودۆخە ئەوەیە کە ئێمە دوای ماوەیەکی زۆر لە گفتوگۆی بەردەوام لە قۆناغەکانی کۆتایی پێکهێنانی حکومەتین، ئەم کۆبوونەوە بەردەوامانە بوونە هۆکاری دەستنیشان کردنی کەسێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، هەروەها بوونە هۆکاری ئەوەی کە هەر لایەنێك سەقفی داواکارییەکانی لایەنی دیکە بزانێت، جگە لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان بەو پێیەی چوارەم لیستی براوەی هەڵبژاردنەکانە کە ئێستا لە پرۆسەی سیاسی عێراق بەشدارە.کەواتە دەتوانم بڵێم هەنگاوی زۆرمان بڕیوە بۆ پێکهێنانی حکومەت و دەرەنجامی ئەم گفتوگۆیانە ئێئتلافی نیشتمانی لێکەوتەوە ئەویش ئەو کوتلەیەیە کە زۆرترین ئەندامی هەیە لە پەرلەمان و بەپێی دەستوورەوە مافی پێکهێنانی حکومەتی هەیە، پێموایە ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئێئتلافی نیشتمانیدایە و ئێستا ئێمە لە قۆناغی کۆتایی پێکهێنانی حکومەت و دانانی خاڵین لەسەر پیتەکان،، بەڵام وەك دوا دەرفەت درا بە لایەنەکان دوای ئەوەی لە نێو ئامادەبوان کۆدەنگییەك هەبوو بۆ کاندید کردنەوەی نوری ئەلمالیکی بۆ سەرۆك وەزیران، بۆ ئەوەی بە توندی پشتگیری بکەین، لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانیش کە شەریکێکی بەهێزە و هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژییان لەگەڵ دەوڵەتی قانون هەیە، هەنگاوی زۆرمان بڕیوە، دواتر گفتوگۆ دەکەین لەگەڵ ئەلعێراقییە و چۆنییەت بەشداری کردنیان لە حکومەتی داهاتوودا، کەواتە ئێمە لە قۆناغی کۆتایی پێکهێنانی حکومەتین و پێموایە سیناریۆی داهاتووی ئێئتلافی نیشتمانی بەم شێوەیە دەبێت سەرۆکایەتی وەزیران بۆ د. مالیکی و سەرۆکایەتی کۆمار بۆ هاوپەیمانی کوردستانی و خودی سەرۆك جەلال تاڵەبانی دەبێت و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بەر ئەلعێراقییە دەکەوێت و رەنگە لەم رۆژانەدا پەرلەمان دانیشتنی خۆی ببەستێت دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك راوەستا، چونکە گرفتی سەرەکی تا ئێستا دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیران بووە، کە ئەمە چارەسەر کرا ئەوا هەموو گرفتەکانی دیکە چارەسەر دەبن.)) سەبارەت بەوەشی کە دوای ئەم مەسەلەیە، دەنگۆی ئەوە هەیە، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی ئەلعراقیە گرێدەدات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا سەهیود بەمجۆرە بە گوڵانی راگەیاند: ((بوونی رێکەوتنێك لەنێوان ئەلعێراقییە و ئیئتیلاف لە راستییەوە دوورە، چونکە ئیئتیلافی نیشتمانی بەشێکە لە هاوپەیمانی نیشتمانی و ئێمە وەك دوو جەمسەر ئەم هاوپەیمانە (دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتمانی) پابەندین بەو بنەمایەی کە هاوپەیمانی نیشتمانین و کوتلەیەکی خاوەن زۆرترین ژمارەی کورسییەکانین و سەرۆك وەزیران لە ئێمە دەبێت، ئەمە سەبارەت بە ئیئتیلافی نیشتمانی، بەڵام سەبارەت بە ئەلعێراقییە بەوەی بەشداری لە حکومەتدا ناکات یا مالیکی بێت یان هەر کەسێکی دیکە، ئەوان دەڵێن ئێمە ئیعتیراف بە هاوپەیمانی نیشتمانی ناکەین گرفتەکەش لێرەدایە، ئێمە دەپرسین بۆچی ئەوان بە حکومەتێك رازین لەنێوان دەوڵەتی قانون و ئەلعێراقییە ئەگەر مالیکیش بێت پێی رازین و ئەگەر حکومەت لەنێوان ئیئتیلافی نیشتمانی و ئەلعێراقییە پێك بهێنرێت و سەرۆك وەزیران لە ئیئتیلاف بێت بەوەش رازین، بەڵام ئەگەر سەرۆك وەزیران لە هاوپەیمانی نیشتمانی بێت پێی رازی نین، ئەمە جۆرە ئیزدواجییەتێکە، بە بۆچوونی من ئەم رێکەوتنە تەنیا قسەیەکە لە میدیاکانەوە دەرچووە و ئامانجەکەشی دیار و ئاشکرایە ئەویش فشار خستنە سەر هاوپەیمانی نیشتمانییە بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەی ئەلعێراقییە کە ئێستا روون و ئاشکرایە ئەویش پرۆژەی دابەشکردنی دەسەڵاتە، نەك حکومەتی شەراکەت کە لەسەر بنەمایەك دامەزرابێت، ئێمە حکومەتێکی شەراکەتی راستەقینەمان دەوێ کە هەموو لیستەکان بەشداری تێدا بکەن و دامەزرابێت لەسەر بنەمای نەزاهەت و لێهاتوویی و پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی، بەڵام پرۆژەی دابەشکردنی دەسەڵات پرۆژەیەکی ترسناکە و بارودۆخێکی ترسناك لە عێراق دەهێنێتە ئاراوە و دەبێتە دامەزراندنی زیاتر لە حکومەتێك لە یەك وڵاتدا و لە ئەنجامدا هەر حکومەتێك پرۆژەیەکی خۆی پێشکەش دەکات و بەر یەککەوتنی پرۆژەکانیش کاریگەری سلبی دەبێت لەسەر عێراق و لەسەر حیسابی گەلی عێراقی.)) سەبارەت بە حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی و هەڵوێستی دەوڵەتی یاسا بەو سیفەتەی دووبارە د.مالکیی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندید کردۆتەوەو پرسیارمارمان لە محەمەد سەهیود کرد ئایا ئێوە وەك دەوڵەتی یاسا بەنیازن چۆن مامەڵە لەگەڵ دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزانی و بەرنامەی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بکەن؟ سەهیود بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵانی دایەوە گوتی : (ئێمە پێویستیمان بە هەموو دەستپێشخەرییەك هەیە و دیراسەیان دەکەین کە دەبنە هۆی پەلە کردن لە پێکهێنانی حکومەت، دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی و

**ئەو مەترسیانەی مەزندە دەکرێت رووبەڕووی باردۆخی عێراق ببنەوە ئەوە مەترسیانەن کە رێز لە ئیرادەی گەلی عێراق نەگیرێت**

ئەوانی تریش جددین و ئێمە لە دەوڵەتی قانون بە جددی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، بەڵام مەسەلەکە پەیوەندی تەنیا بە دەوڵەتی قانونەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هەموو کوتلە براوەکانی دیکەی هەڵبژاردنەوە هەیە.سەبارەت بەو بەرنامەیەشی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش پێشکەشیان کردووە، لەراستیدا ئەو کارنامەیەی لە ١٩ بەند پێکهاتووە، زۆر لەم بەندانە دەستوورین و لەگەڵ ئاراستە و بۆچوونەکانمان یەك دەگرنەوە و بەشی دیکەشیان قابیلی گفتوگۆیە لەنێوان هاوپەیمان نیشتمانی و هاوپەیمانی کوردستانی لەسەر ئەو بنەمایە کە ئێمە هەردوو لامان پابەندین بە دەستوورەوە وەك چارەسەرێك بۆ تەوافوق، هەر بڕگەیەکی ئەم کارنامەیە ئەگەر لەگەڵ دەستوور هاوکۆك نەبن ئەوا هاوپەیمانی کوردستانی خۆی پێداگیری لەسەر ناکات. بۆیە من گەشبینم بەوەی کە لە ماوەیەکی نزیکدا حکومەت پێکدەهێنرێت.))

## ڕۆڵی کورد
## لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوودا

- بەرنامەی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ بەشداریکردن لەحکوومەتی داهاتووی عێراقدا، هەر لەسەرەتاوە هێڵی سووری لەسەر هیچ کام لەو کاندیدانە دانەناوە کە مەزندە دەکرا بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندید بکرێن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هەڵوێستی لایەنی کوردستانی بۆ چۆنییەتی بەشدار بوون لە حکومەتی ئاییندەی عێراق تارادەیەکی زۆر هێڵە گشتییەکانی ئاشکرایە و دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە لایەنی کوردستانی دەخوازێت حکومەتی داهاتوو حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی بێت و پابەند بێت بەدەستووری عێراقەوە، لەم چوارچێوەیەدا فریاد ڕەواندوزی پەرلەمانتاری هاوپەیمانی کوردستانی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی : (ئێستا هاوپەیمانی نیشتمانی چۆتە قۆناغێکی دیکەو لە قۆناغە نەماوە کە نەتوانێ بڕیار بدات، بەڵکو چۆتە قۆناغێکی دیکە کەلایەنەکان هەندێ گۆڕانکاری لەهەوڵەکانیان پەیدا بووە، بۆتەهۆی ئەوەی کەبڕیاری هاوپەیمانی نیشتمانی بە قازانجی مالیکی کۆتایی پێبێت، بەتایبەتی سەدرییەکان بەتەواوەتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەکۆبوونەوەکاندا و لەکۆبوونەوەی تایبەتیشیان لەگەڵ مالیکی هەڵوێستی خۆیان نیشانداوە و پشتگیری خۆیان دووپاتکردۆتەوە کە ئەوان دەنگ بەمالیکی دەدەن. سەبارەت بە هەڵوێستی ئێمەش وەك هاوپەیمانی کوردستانی من پێموایە و لەو باوەڕەدام مالیکی لە هەموو کەسێك زیاتر تا ئێستا لەهاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان نزیکترە، بەپێی ئەوەی مالیکی زۆربەی زۆری خاڵەکانی ئەو وەرەقە کوردییەی قبوڵە کە لە (١٩) خاڵ پێکهاتووە، تەنیا سێ، چوار خاڵی هەیە کە ئەو دەڵێ پێویستە و دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکەین، بێگومان ئەگەر وەرەقە کوردییەکەی قبوڵ بێت ئەوە داواکاری هاوپەیمانی حزبە کوردستانییەکانە و ڕەنگە لە ئاکامدا دەنگ بۆ مالیکی بدەن، چونکە مالیکی تاکەکەسە ڕاستەوخۆ هەندێ ماددەی هەستیار وەکو ١٤٠ و پێشمەرگە و چەند مەسەلەیەکی تر بە ڕوون و ئاشکرا پێشتگیری لەو ماددانە دەکات و نکۆڵی لەوە ناکات کەئەو چارەسەری ئەو مەسەلانە دەکات، بەڵکو لایەنەکانی دیکە تاکوئێستا بەهیچ شێوەیەك ئامادەی خۆیان نیشان نەداوە بۆیە نزیکی مالیکی هەم لە وەرەقە کوردییەکە و هەم لەچەند مەسەلەی دیکە ڕوون و ئاشکرایە بۆ لایەنی کوردییەکان.)) کەواتە وەك پەرلەمانتار فریاد ڕەواندوزی ئاماژەی پێکرد لەوانەیە وێژەکانی نێوان هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و د.نوری مالکیی بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە بەو ئاستە قورس نەبێت، هەر بۆیە لە پەرلەمانتار نەجیب عەبدوڵلایشمان پرسی کە ئەندامێکی دیکەی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکانە و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو گووتی : (( ئێمە کاتێك دەست پێشخەریەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان پێشکەشی لایەنەکانی دیکە کرد، هەموو پێیان باش بوو، هیچ لایەنێك ئەمەی ڕەت نەکردۆتەوە، بەتایبەتی هاوپەیمانی نیشتمانی و ئەلعراقییە و تەنانەت لەگەڵ دەوڵەتی یاساش دانیشتنێکمان کرد و گفتوگۆمان لەمبارەوە کرد، بەڵام بە حکومی ئەوەی هەر لەڕۆژی دووشەممەوە منافەسەکە زۆر توند و گەرم بووە لە نێوان ئەم لایەنانە تائەو ئاستەی کەنەیانتوانی بەدەنگ ئەم دەست پێشخەرییە بێن و نەیانتوانی بە دەنگ ئەوەش بێن لەسەر (١٩) خاڵەکە دابنیشین، بڕیار وابوو هاوپەیمانی نیشتمانی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو دەرئەنجامەکە ڕابگەیەنین، بەڵام ئەو ناکۆکییە لە نێوان خۆیان دروستبوو و تا ئێستا خەریکی ئەمەن، ئەم ناکۆکیەی نێوان خۆیان کۆسپ بوو لەسەردەم دەستپێشخەرییەکە، لەگەڵ ئەمەش ئێمە بە تەماینە هەفتەی داهاتوو جەختێکی زیاتر بکەین بۆی هەیە کاتێکیش دیاری بکەین بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان کۆببنەوە و گفتوگۆ لەسەر دەستپێشخەرییەکە بکەین.

بەباوەڕی ئێمە هەر ئەمە ڕێگا چارەیە بۆ ئەو قەیرانەی کە ئێستا ئێمەپێی تێپەڕدەبین وەهەوڵێکی جددیانەیە و ئێمەتەماشاکار نەبووینە و لەگەڵ هەموو لایەنەکان کۆبوونەوەمان سازداوە و هەوڵی جدیمان لەگەڵیان داوە کە بۆچوونەکانیان لێك نزیك بکەینەوە و لە وەرەقەکەی کوردی کە (١٩) خاڵە (٩) خاڵی تەنیا باسی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بووە لەسەرئاستی عێراقی و (٨) خاڵی داواکاری خۆمان بووە وەکو داواکاری هاوپەیمانی حزبە کوردستانییەکان لەوێش باسی ئالیەتمان کردبوو، بەڵام ئێمە قۆناغێکی تریش لەبەردەماندایە و باوەڕ ناکەم ئەم بابەتە بەم زووانە چارەسەر بکرێت.))

**سەماحەتی موقتەدا سەدر چەندین جار پێوەندی تەلەفۆنی بە سەرۆك بارزانییەوە کردووە بۆ گۆڕینەوەی بیرورا، ئەمەش لە ڕوانگەی فرەیی پێکهاتەکانی عێراق**

**مالیکی زۆربەی زۆری خاڵەکانی ئەو وەرەقە کوردیەی قبوڵە کە لە (١٩) خاڵ پێکهاتووە، تەنیا سێ تا چوار خاڵی هەیە کە ئەو دەڵێ پێویستە و دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکەین**




# ریفراندۆمی باشووری سودان و ریفراندۆم

بڕیارە دوای یەك دوو مانگی تر ریفراندۆمێك لەباشووری سودان ئەنجام بدرێت بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی هەرێمەکە بە جیابوونەوەی لە سودان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان مانەوە لەگەڵ سودان. ئەم ریفراندۆمە کە بڕیارە ئەنجام بدرێت بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە کە واژۆ کراوە، (رێککەوتننامەی ئاشتی)، لەنێوان حکومەتی سودان و بەرەی رزگاری باشووری سودان و تەنیا دانیشتووانی باشووری سودان، بەوانەیشەوە کە لەدەرەوەی هەرێمەکە نیشتەجێن، بۆ نموونە ئەوانەی کە خەڵکی باشووری سودانن و نێشتەجێ «خەرتوم»ی پایتەختی سودانن، بەشداری تیادا دەکەن و مافی بڕیاردانیان هەیە. هەرچەندە دەرئەنجامی ریفراندۆمەکە چاوەڕوانکراوە، خەڵکی باشووری سودان دەنگ بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی دەدەن، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە ئەو پشتگیرییە پێشوەختەیە کە دەوڵەتانی جیهان لە ریفراندۆمەکە و دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکەی دەکەن.(ئۆباما)ی سەرۆکی ئەمریکا و سەرکردەکانی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و(بان کی مۆن)،سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر یەك بەجیا هەڵوێستی خۆیان ئاشکراکرد و داویان کرد ئاستەنگ نەخرێتە بەر ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە و لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت و رێز لە دەرئەنجامەکانی بگیرێت.

بێگومانم ئێمەی کوردیش، کە ستەمێکی زۆر بەرامبەرمان کراوە و تینوی ئازادین و نرخی دەزانین، هەمان هەڵوێست و بۆچوونمان هەیە پشتگیری لە ریفراندۆمەکەی باشووری سودان و دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکەی دەکەین، بەڵام لە هەمان کاتدا بەمافی خۆمانی دەزانین کە بپرسین:

- ئەی بۆ ریفراندۆمەکەی ئێمە لەبیر کراوە و کەس، کورد وتەنی، لە کولەکەی تەڕیشدا باسی ناکات و ناوی نابات، لەکاتێکدا ریفراندۆمەکەی ئێمە مافێکی دەستووریە و دەرئەنجامی رێککەوتننامەیکی دوو لایەنە نییە؟

- بۆ ئاستەنگ دەخرێتە بەردەم هەنگاوەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە، لەنێونیشاندا بەردەم ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی؟

- بۆ یۆنامی (UNAMI) هەر لە ئێستاوە دەیەوێت بمان ترسێنێت لە سەرژمێری گشتی و گومان بخاتە سەری؟


-لەهەمووی گرنگتربۆ یۆنامی (UNAMI) دەیەوێت سەرژمێری گشتی لە ناوەرۆکەکەی، (ناوەرۆکە رامیارەکەی)، بەتاڵ کاتەوە؟

ئەم پرسیارانەم بەبیردا هات کاتێك چاوم کەوت بە وتاری، (جێرزی سکۆارتۆویکز)، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ عێراق، لە کۆبوونەوەی فراوانی عێراقی بۆ سەرژمێری گشتی ساڵی ٢٠١٠ کە لە ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران لە بەغداد لەرۆژی چوارشەمە رێکەوتی ٢٢ ی ئەیلوولی ٢٠١٠ئەنجام درا.

لە وتارەکەدا ناوبراو: جەخت تەنیا لەسەر گرنگی سەرژمێری گشتی بۆ گەشەپێدان و پلاندانی حکومەت دەکات و گرنگی رامیاری سەرژمێریکە وەك هەنگاوێکی پێوست بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) پشتگوێ دەخات.

- گومان دەخاتە سەر سەرژمێریەکە و پێشبینی دەکات کە ببێتە سەرچاوەیەکی گرژی و مایەی لێکتێنەگەیشتن لەنێو کۆمەڵگاکاندا و ترس و پێشبینی لێبکەوێتەوە.

- داوا دەکات کە کۆڕاییەکی سیاسی دروست بکرێت سەبارەت بە سەرژمێری کە چییە و چ نییە! وەك بەشێکیش لە راوێژ و کۆڕایی سیاسی لای ئەو گرنگە کە مەبەست و چوارچێوەی سەرژمێریەکە دیاری بکرێت کە بە بۆچوونی ئەو تەنیا بریتییە لەوەی کە



پروفیسۆر دکتور ئازاد نەقشبەندی



گوڵان
ژمارە (٨٠٠)
٢٠١٠/١٠/٤



# ـــى ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان

«ببێتە ئامرازێك بۆ پلاندان و گەشەپێدان بۆ ئەوەی یارمەتی پلاندان و گەشەپێدان بدات».

- لای ناوبراو گرنگە ئەو پرینسیپە جێگیربکرێت کە سەرژمێری ئەمانەی خوارەوە نییە:

١ – سەرژمێرییەکە نابێتە دیکۆمێنتێکی یاسایی یان سەرچاوەیەکی یاسایی بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی خاوەنداریەتی، (ملکیە)، یان ڕەوایی، (شرعیەت)، بدات بە داواکارییەکانی نیشتەجێبوون.

٢ - سەرژمێری نابێتە بنەمای ئامار بۆ تۆماری دەنگدەران.

٣ - ئەنجامدەرانی سەرژمێری هەرگیز نە دەتوانن و نە لەو ئاستەیشدان کە ڕاست و دروستی ئامارەکان، (داتاکان)، پشتڕاست بکەنەوە و نە کاری ئەوانیشە کە ئەمە بکەن.

- سەرژمێری ناکرێت ببێتە جێگرەوە، (ئەلتەرناتیڤ)، بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییە ئاڵۆزەکان، بۆیە وا چاکترە کە سەرکردە سیاسییەکان جەخت لەسەر ئەوە بکەن کە کێشە سیاسییەکان، دوور لە سەرژمێری، لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر دەکرێن.

- ناوبراو لە وتارەکەیدا، وەك ئەوەی ئاگاداری پلانێك بێت کە سەرەتاکەی یەك دوو ڕۆژ لەمەوبەر لەلایەن ئەوانەی کە پێیان دەوترێت عەرەبی کەرکوك دەستی پێکرد، پێشبینی دەکات کە نارەزایی و هەڕەشە و تۆقاندن و تیرۆر و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ پێش سەرژمێری و لەکاتی ئەنجامدانی سەرژمێریدا ڕوودات، بۆیە داوا دەکات کە ژینگەیەکی لەبار دابین بکرێت بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری کە خۆی لە دابینکردنی تیمی سەرژمێری هەمە پێکهاتە و هێزی ئاسایشی تێکەڵەی هەمە ڕەگەزی دەبینێتەوە. جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق دابینکردنی ئەم ژینگەیە بە ڕێزگرتن لە مافی هاووڵاتی و ئاسایشی تاکەکەسی دەزانێ کە لە دەستووری عێراقیدا مسۆگەرکراوە!

سەیرە دیارە (جێرزی سکۆارتۆویکز) Mr. Jerzy Skuratowicz ئاگادارە کە ئەمڕۆ لە عێراقدا شتێك هەیە ناوی دەستووری عێراقە، ئەی بۆ ئەوە لەبیری خۆی دەباتەوە کە لەو دەستوورەدا هاتووە کێشەی ناوچە دابڕوەکان لە هەرێمی کوردستان، کە (یونامی) پێی خوشە ناوی بنێت (کێشەی سنوورە ناوخۆییە ناکۆك لەسەرەکان)، کە کێشەیەکی سیاسییە بەپێی ماددەی (١٤٠) بە (٣) سێ قۆناغ چارەسەر دەکرێت کە ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی یەکێکیانە، واتە سەرژمێری گشتی بەشێکە لەچارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان.

ئێمە لە (جێرزی سکۆارتۆویکز) دەپرسین:

- گەر سەرژمێری گشتی نابێتە دیکۆمێنتێکی یاسایی یان سەرچاوەیەکی یاسایی بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی خاوەنداریەتی، (ملکیە)، یان ڕەوایی، (شرعیەت)، بە داواکارییەکانی نیشتەجێبوون بدات چۆن دەتوانێت ئەم کێشە سیاسییە چارەسەر بکات وەك لە دەستووری عێراقدا دیاریکراوە؟

- گەر سەرژمێری نابێتە بنەمای ئامار بۆ تۆماری دەنگدەران چۆن دەتوانین ریفراندۆم ئەنجام بدەین؟ ئایا جگە لەم سەرژمێریە، سەرژمێرییەکی تر لە ئارادایە ئەنجام بدرێت؟

- گەر ئەنجامدەرانی سەرژمێری نەتوانن و لەو ئاستەیشدا نەبن کە دروستی ئامارەکان، (داتاکان)، پشتڕاست بکەنەوە و کاری ئەوانیش ئەمە نەبێت، ئەی کاری ئەوان چییە؟ ئەی چۆن دەتوانرێت پشت بە دەرئەنجامەکانی سەرژمێریەکە ببەسترێت کە «ببێتە ئامرازێك بۆ پلاندان و گەشەپێدان بۆ ئەوەی یارمەتی پلاندان و گەشەپێدان بدات» وەك خودی (سکۆارتۆویکز) دەیەوێت؟

- بۆ سەرژمێری گشتی ناکرێت ببێتە جێگرەوە، (ئەلتەرناتیڤ)، یان ببێتە بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییە ئاڵۆزەکان وەك لە دەستووری عێراقیدا ڕێگەی بۆ دانراوە؟ یان ڕاشکاوانەتر بۆ (سکۆارتۆویکز) دەیەوێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کێشەی ناوچە دابڕاوەکان لەهەرێمی کوردستان پێویستە دوور لەسەرژمێری چارەسەر بکرێت؟

هیوادارم بەرپرسانی کورد بە وریاییەوە بڕواننە بۆچوونەکانی (سکۆارتۆویکز) و هەڵوێستی دوژمنانی کورد و ماددەی (١٤٠) و سەرژمێری گشتی و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی، کە پرسێکی چارەنووسە بۆ ئێمەی کورد، بۆ ئەوەی دەرئەنجامی سەرژمێریەکە بەو شێوەیەبێت کە ماف بۆ خاوەن ماف بگەڕێنێتەوە.

# سەرژمێری..
# گەڕانەوەیە بۆ باوەشی نیشتمان

## قەبارەی راستەقینەی کوردستانییەکان لەسەرژمێریدا دەردەکەوێت





**بەڕێز (دكتۆر ساحێب قارەمان) بریكاری وەزیری پلاندانانی عێراق و شارەزاو پسپۆر لەبواری ئامارو سەرژمێری:**

# دواخستنی ئەنجامدانی سەرژمێری پلانێكی بۆ داڕێژراوەو مەبەست لێی شاردنەوەی راستییەكانە



### ئەوانەی دەیانەوێت پرۆسەی سەرژمێری دوابخەن لەدەركەوتنی راستییەكان دەترسن

هزری شۆڤێنستی بەرامبەر كوردستانیەكان بەتایبەت لە بەرانبەر كوردانی وەك فەیلی و یەزیدی و شەبەك لە پارێزگاكانی موسڵ و كەركووك و دیالەو بەغدا سەرلەنوێ سەریهەڵدایەوە، ئەمەش هەمان سیاسەتی حزبی بەعسە، بەڵام ئەمجارەیان بەناوی مەزهەب و مەرامی سیاسی و مۆنۆپۆلكردنی دەسەڵاتەوەیە لەناوچە جێناكۆكەكان وبۆ مەرامی جێبەجێ نەكردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورییە، ئەوەتا پرۆسەی سەرژمێری تێكەڵ بەگەمەی سیاسی و مەبەست و مەرامی چەند لایەن و بەشێك بووەو، تەنانەت كەسێكی وەك ئەسیل نوجێفی پارێزگاری موسڵ هەڕەشەی بایكۆتكردنی پرۆسەكە دەكات،بگرە هەڵمەتی ئامادەكاریی سازدانی سەرژمێری لەپارێزگای نەینەوا راگرت، پێشتریش ناوبراو داوای لەپەروەردەی ئەو پارێزگایە كردبوو ناوی تەواوی ئەو مامۆستایانە دەربهێنن كەسەر بە پەروەردەی هەرێمن. لە ناوچەدابڕاوەكانی تریش ئەگەری تەزویركردن و كاری ساختەكاری زۆرەو لەژمارەیەك لەگەڕەكەكانی كەركووكیش هەڕەشە لەهاووڵاتییان دەكرێت بەوەی بەشداری پرۆسەكە نەكەن، ئەمە لەكاتێكدا بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی ئەمنی و ناسەقامگیری ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە زیاتر لە ٥٠٠ هەزار عەرەب هاتوونەتە پارێزگای كەركووك و ناوچەكانی دیكە، لەلایەكی ترەوە دوژمنان و ناحەزانی دیموكراتی و كوردستانییەكان لەهەوڵی دروستكردنی نەتەوەی نوێ و بەشبەشكردن و كەرتكردنی ریزەكانی نەتەوەی كوردن، لەمەشدا پیلانی نانەوەی ناكۆكی و فیتنەنانەوە بەردەوامی هەیە و دەیانەوێت لەناو لیستی سەرژمێرییەكەدا كوردەكان پەرتپەرت بكەن. لەپارێزگای موسڵ مەترسی گەورە لە تەزویركردن و كاری ساختەكاری دایە بەتایبەت كە ١٦ یەكەی ئیداری پارێزگاكە بایكۆتی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایەیان كردووەو ئاگاداری بڕیارەكان نین و نوێنەرانی كوردستانیش لەناوچە عەرەبنشینەكان نین.

ئەم هەڵمەتە دوژمنكارییانە هەمووی بەمەبەستی دواخستنی سەرژمێری و ئەنجامدانی كاری ساختەكاری و تەزویرە،

> **ئەوەی ئوسێل نوجێفی لەموسڵ دەیکات، بۆ ئیفلیجکردنی پرۆسەی سەرژمێرییە**

تاوەکو دەرئەنجامی سەرژمێرییەکە بەهەڵەدا ببەن و کورد و کوردستانییەکان قەبارەی راستەقینەیان لەعێراقی نوێدا دەرنەکەوێت و پەرت پەرتیان بکەن و لەناو گرووپ و کەمینەی لاوازو بچووکدا لەهەموو ماف و دەستکەوتێکیان بکەن. ئەمە جگە لەوەی دواخستنی سەرژمێری پێشێلکارییەکی دەستوورییەو لەدەسەڵاتی هیچ پارێزگایەکدا نییە ماددەیەکی وەکو ١١٠ی دەستوور جێبەجێ نەکەن، بەڵکو ئەم پرۆسەیە بەیەکێك لەئەرکەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی دادەنرێت و بۆ پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رێکخستنی ژیانی مەدەنیانەو سیاسییانە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ٢٩،٦ ملیۆن کەس کە تاکو ئێستا بێسەرژمێری و داتاو زانیارین.

**پرۆسەیەك لەبەردەم پیلانی سیاسی دا**

سەرژمێری لەرووی ئابوورییەوە بۆ پەرەپێدانی هەرێم و وڵاتەکە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، لەرووی سیاسیشەوە وەکو رێپێشاندانێك وایە بۆ ریفراندۆم، گرنگی ئەم سەرژمێرییە لەوەدایە هەموو نەتەوەو مەزهەبێك لە عێراقدا ژمارەو قورسایی راستەقینەی خۆی دەزانێت و کاریگەری لەسەر بڕی بودجەی تەرخانکراو بۆ هەر پارێزگایەك دەبێت، تەنانەت ئەو تەزویرو گەمەیەش ئاشکرا دەبێت کە لەکاتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراق لە دیاریکردنی ژمارەی کورسییەکانی هەر پارێزگایەك ئەنجام درابوو، بۆیە وەستاندن و شێواندن و دواخستنی سەرژمێری مەبەستی سیاسی لەپشتەوەیەو مومکین نییە دەسەڵاتی کوردستانی بەرامبەر ئەم هەرەشانە بێدەنگ بێت، و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ ئەنجامدانی سەرژمێرییەکەدان، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش رایگەیاند : هیچ پاساوێك بۆ دواخستنی پرۆسەی سەرژمێری گشتی نییە. بگرە هۆشداری ئەوەشیدا گەربێتوو پرۆسەکە جێبەجێ نەکرێت مەترسی گەورە رووەدات، لەبەشێکی لێدوانەکەی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمدا ئاماژە بەوە کرابوو:((کوردستانییەکان قبووڵ ناکەن پلانی دوژمنان و ناحەزانی میللەتەکەمان پێکهاتەو توێژی رەسەنی نەتەوەکەمان بەشبەش بکەن بەتایبەتی لە ئیزیدی و شەبەك و فەیلی کە هیچ گومان لەکوردبوونیان ناکرێت، تاکەکان ئازادن لەکاتی سەرژمێریدا چۆن بڕیار لەچارەنووسی نەتەوەیی و ئاینی خۆیان بدەن..))شارەزایانی بواری سەرژمێری پێیان وایە پرۆسەکە تێکەڵ بەمەرام و مەبەستی سیاسی بووەو پێویستە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان ڕووبەرووی کێشەکان و ئەگەری ئەنجامدانی فێڵ و ساختەکاری بێتەوە، بەتایبەت دوای ئەنجامدانی سەرژمێرییەکەش لەبەغدا شەڕی فێڵ و ساختەکاری دەست پێ دەکات و کوردیش نوێنەری پێویستی نییە بۆ ئامادەبوون لەو پرۆسە گرنگەدا، کە لە رێکخستن و لێکۆڵینەوەی سەرژمێرییەکەدا پێویستن، تاوەکو کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن و رێگا لەساختەکاری بگرن.

سەرژمێرییەکانی پێشوو جگە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧کە بنەمای دروستی سەرژمێری تێدا بوو، هەر هەموو سەرژمێرییەکانی تر مەرامی سیاسی شێواندونی، تەنانەت لەدوا سەرژمێری ساڵی ١٩٩٧ سەرجەم کوردەکان و کەمە نەتەوەییەکانی تر لە ناوچە جێناکۆکەکان بەنەتەوەی عەرەب ناونووسکراون، ئەمجارەش واچاوەڕوان دەکرێت هەڵوێستی شۆڤێنییەکان کێشەی گەورەی لێبکەوێتەوە، چونکە هێزە دیموکراتیخوازەکان رێگا نادەن سەرژمێرییەك کە چارەنووسی نەتەوەو وڵات و هەرێمێك دیاری دەکات وابەئاسانی رایبگرن و بەبیانووی جۆراوجۆرو مەبەست و مەرامی پاوانخوازی و شۆڤێنییەوە کاری ساختەکاری و تەزویری تێدا بکەن و بەهاوشێوەی سەرژمێرییەکانی تر لەباری ببەن.

**ئەگەر سەرژمێری دوابخرێت کورد دەبێت هەڵوێستی سیاسی هەبێت**

(دکتۆر ساحێب قارەمان ) بریکاری وەزیری پلاندانانی عێراق (بەڵام دەستبەکار نەبووە) و شارەزاو پسپۆر لەبواری ئامارو سەرژمێری، ناوبراو پێشتر مامۆستا بووە لەزانکۆی سۆفیا و لویۆو دامەزرێنەری دەستەی ئاماری هەرێم بووە، تا ٢٠٠٧ سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم بووە. سەبارەت بەدوا ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی و ئەو هەوڵانەی لەلایەن شۆڤێنییەکانەوە کە بۆ لەناوبردنی پرۆسەکە دەدرێت بەڕێزی پێی وابوو : سەرژمێری بەگشتی بەگەوهەرترین کاری ئاماریی دەوڵەت دادەنرێت. هەرچی زانیاری ئاماری هەیە لەرێگای سەرژمێرییەوە دەست دەکەوێت، بۆیە سەرژمێریی گرنگییەکی رادەبەدەری بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ئامار هەیە، کە دەکرێت ئەم زانیارییانە لەپلاندانان و هەموو بوارێکی تر بەکاربهێنرێت . سەرژمێری لەعێراق ٨ جار کراوەو یەك سەرژمێری بەراست و دروست و لەسەر بنەمای زانستی کراوە ئەویش سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧،کە تاقە سەرژمێرییە پشتی پێ دەبەسترێت، هەرچی سەرژمێرییەکانی تر تێدا بەشێك لەکوردستان یا پێکهاتەیەکی سەرەکی کوردی نەگرتۆتەوە، تەنانەت فێڵ و ساختەکاری بۆ مەرامی سیاسی تێدا بەکارهاتووە وەکو لەسەرژمێرییەکانی ساڵی ١٩٦٧ و ١٩٧٧و ١٩٨٧ و ١٩٩٧ روویانداوە بەپێی ستاندارە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی پێوەرو مەرجەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کەموکورتی تێدا بووە، زۆربەی جار عێراقییەکانی دەرەوەی نەگرتۆتەوە کەزۆربەیان کورد بوون یا هەموو ناوچە کوردنشینەکانی لەخۆنەگرتووە..

لەرووخانی رژێمی



**واچاوەڕوان دەکرێت بەمەبەستی کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم لەپرۆسەی سەرژمێریدا ساختەکاری و فێڵی گەورەو گەمەی سیاسی بکرێت**

سەدامەوە لە٢٠٠٤ کە لەلیژنەی باڵا بووم دەستمانکرد بەرێکخستنی بنەماکانی ئەنجامدانی سەرژمێری بەپێی ستانداردو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، ئەوەبوو هەوڵماندا وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ بدەینەوە ئەویش گۆڕینی پێکهاتەو تۆپۆگرافیای ناوچە کوردنشینەکان بەتایبەت ناوچە جێناکۆکەکان کە عەرەبێکی زۆری تێدا نیشتەجێ کراوەو تووشی شاڵاوی تەعریب بووە. لێرەدا بۆ قسەکردن لەسەر ئامادەکردنی سەرژمێرییەکی راست و دروست کە لەسەر بنەمایەکی زانستی و پێوەری نێودەوڵەتی بێت پێویستە زانیاریمان لەسەر ئیستمارەی هەڵبژاردنەکە هەبێت، چونکە ئەمە خاڵ و فاکتەرێکی گرنگی سەرکەوتنی هەموو سەرژمێرییەکە،بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە سەرقاڵی دانان و رێکخستنی ئەم ئیستمارەیە بووین، بەڵام رووداوو کارەساتە ئەمنی و ناسەقامگیرییەکانی ئەو ساڵە بەتایبەتی لەفەلوجە دۆخێکی وایخستەوە نەدەکرا سەرژمێرییەکە ئەنجام بدرێت، بەڵام ئێستاکە دۆخەکە لەبارە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێرییەکەو ناکرێت چیتر دوابخرێت. بەپێی یاسای عێراق وەزیری پلاندانان سەرۆکی باڵای سەرژمێرییە بەپێی پۆستی وەزیفی، بەڵام ئەم لیژنەیە جێبەجێکارە واتە توانای بڕیاردانی نییە، ئێستاکە هەموو کارو ئامادەکاری و دەستکارییەکان تەواو بووە دواکەوتنی ئامادەکارییەکانیش بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە هەر لیژنەیەك کە هاتووە بەردەوامی نەداوە بەکاری ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە بەڵکو لەسەرەتاوە دەستی پێ کردۆتەوە! کە زۆر جار بۆ مەسەلەی قازانجی ماددی و مەرامی دوور لەبواری هونەرییەوە دەگەڕێتەوە، من پێم وایە ئەمە بەفیڕۆدانی سامانی دەوڵەتە چونکە ئەو خەرجییەی لەم پرۆسەیەدا بەکاردەهێنرێت زۆرە تۆ سەیری بژمێرەکان بکە یەك لەشکر لەبژمێر بەشداری لەپرۆسەی سەرژمێری دەکات، کە خۆی لە نیوملیۆن کەس دەدات.

**کاتێک بەخەمڵاندن دەڵێن ژمارەی دانیشتووانی عێراق نزیکەی ٣٢ملیۆن و ٨٠٠ هەزار کەسە، ئەمە ژمارەیەکی زۆرەو دوورە لەراستییەوە**

هەرچۆنێك بێت قۆناغی هونەریی تەواوبووەو ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە تەواو بووەو دەتوانرێت رۆژی ٢٤ی ئۆکتۆبەر دەست بەئەنجامدانی پرۆسەکە بکرێت، بەڵام بەداخەوە پارێزگاری موسڵ رێگای لەمامۆستاکان گرت کە بەشداری لەپرۆسەکەدا بکەن، ئەوەی ئوسێل نوجێفی دەیکات لەموسڵ ئیفلیجکردنی پرۆسەی سەرژمێرییە، ئەوەتا هاتووە دەیەوێت ئەو مامۆستایەی سەر بەپەروەردەی موسڵ نەبێت لەپرۆسەکە دووریان بخاتەوە لەکاتێکدا لەناوچە جێناکۆکەکان دەبێت لەپرۆسەکەدا لەهەرسێ نەتەوە واتە( عەرەب و کورد و تورکمان ) لەبژمێرەکاندا وەکو یەك بن، ئەمەش ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، زانیاریمان لایە کەسانێك فەلەستینین دەیانەوێت لەپرۆسەی سەرژمێرییەکە بەشدار بن کەفەلەستینی بەعێراقی دانانرێت، ئالێرەدا لیژنەیەك هەیە سەرپەرشتی ئەم کارە دەکات و پێشنیار کراوە کە کارمەندانی تۆمارکردنی ئامار لەهەرسێ نەتەوەی کوردو عەرەب و تورکمان بێت، دواخستنی ئەنجامدانی سەرژمێری پلانێکی بۆ دارێژراوەو مەبەست لێی دەرنەخستنی راستییەکانە کەچەندەها ساڵە لەعێراق سەرجەم کارەکان تەنیا بەخەمڵاندن و بیتاقەی بایەعی بەڕێوەدەچێت، لەکاتێکدا خێزانی وا هەیە دوو سێ بیتاقەی بەشە خۆراکی هەیە. ئیفلیجکردنی سەرژمێری مەبەست لێی دەرنەخستنی ژمارەی دانیشتووانە کە لەزۆر بواردا هاوکێشەکان دەگۆڕێت بۆنموونە کاتێك بەشە داهاتی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت بەپێی ژمارەی دانیشتووانە، واتە کاتێك کوردستان بەشێوەیەکی خاوێن و دوور لەساختەکارییەوە ئاماژە بەژمارەی دانیشتووانی دەکات ئەوا بودجەی دیاریکراوی خۆی بۆ تەرخان دەکرێت بەڵام لەکاتێکدا کە لەپارێزگاکانی تر ساختەکاری و فێڵ دەکرێت ئالێرەدا بەشە بودجەی هەرێم کەم دەبێتەوە. چونکە بەزیادبوونی رێژەی خۆی ئۆتۆماتیکییەن رێژەی کوردستانی کەم دەکات.

**لە پارێزگای موسڵ فەلەستینی لەپرۆسەی سەرژمێریدا بەشداری پێ دەکرێن**

کاتێك بەخەمڵاندن دەڵێن ژمارەی دانیشتووانی عێراق نزیکەی **٣٢**ملیۆن و ٨٠٠ هەزار کەسە ئەمە ژمارەیەکی زۆرەو دوورە لەراستییەوە، ئەم ژمارەیە بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق دانرا چونکە زیادبوونی دانیشتوان ژمارەی کورسییەکانی پارێزگاکانی ناوەراست و خوارووی عێراقی پێ زیاد دەکرا بەتایبەت ژمارەی کورسییەکانی موسڵ ئەمەش لەبەرژەوەندی عەرەبدا بوو.

بەمشێوەیە دواخستنی سەرژمێری پێوەندی بەهۆکاری هونەری و ئامادەکارییەوە نەبوو، تەنانەت راهێنانی بژمێرەکانیش ئەنجامدرابوو، ئەم کارە پیلانێکی وەزیری پلاندانانی عێراقە کە بۆ دووەمجارە پرۆسەکە شکست پێدەهێنێت.



**٥٠٠ هەزار عەرەب هاتوونەتە کەرکوك و ناوچەکانیدیکە**

سالّی رابردوو هاوپەیمانی کوردستانی لەدادگای فیدرالیدا قەزییەکەی بردەوە کە نوری مالیکی پێشێلکاری دەستووری کردووە بەوەی پرۆسەی سەرژمێری دواخست. ئێستاکە نوری مالیکی و عەلی بابان ناتوانن ئەم پرۆسەیە دوابخەن، مانگی تەمووز عەلی بابانی وەزیری پلاندانان لێدوانی دا و وتی گەر حکومەتیش دانەمەزرێت سەرژمێری ئەنجام دەدرێت و هەموو ئامادەکارییەکمان کردووە، بۆیە ئێستا بەدوای پاساوو بیانووی نوێ دەگەڕێن لەکاتێکدا کە حکومەتەکەی مالیکی حکومەتی بەڕێ کردنی کارە ناتوانێت بڕیاری ستراتیژی بدات و سەرژمێری دوابخات.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو بەشە شۆڤێنییە عەرەبی و تورکمانانەی کە دەیانەوێت سەرژمێری دوابخرێت پاساوەکانیان لاوازە، ئەوان دەیانەوێت نەتەوە لابرێت ئەی بۆ لە زەمانی حوکمی سەدام بڕگەی نەتەوە هەبوو، ئێمە مافی خۆمانە راستییەکان دەرکەوێت و هەر لایەنەو نەتەوەیەك قەبارەی راستەقینەی خۆی دەرکەوێت مەسەلەکە تەنیا بودجە نییە بەڵکو مافە مەدەنی و ئازادییەکانە، کەم وڵات هەیە یەك نەتەوە بێت لەوڵاتە ئەسکەندەنافییەکان هاتووەتە سەر ئەو خاڵەی کە دەڵێت ٥ کەسمان لەفلان وڵات یا نەتەوە هەیە. سەبارەت بەئیستمارەکە کە پێویستە ڕێگا لەساختەکاری بکرێت تێیدا ئەو خاڵانە لابرێت کە بەنووسینە کە خاڵێکی سەرەکییان مەسەلەی نەتەوەیە. ئێمە دژی ئەوەین کورد دابەشبکرێت بەسەر چوار پارچەوە لەخانەی ئاین دەکرێت ژمارەی یەزیدی دیاری بکرێت، بەپێی دەستووری عێراق ناوی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد هاتووەو لەمادەی ١٢٥ ی دەستوور ئاماژە بەکەمە نەتەوەییەکانی تر کراوە کە تورکمان و کلدان و ئاشوورو پێکهاتەکانی ترە، کەواتە دابەشکردنی کورد پێشێلکارییەکی دەستوورییەو مومکین نییە لەکەس قبوڵ بکرێت، کورد شەریکە لەهەموو مەسەلەو پرۆسەو قۆناغەکانی عێراق پێویستە راو بۆچوونی وەربگیرێت، بەداخەوە مەسەلەی بڕگەی نەتەوە برادەرانمان لەلیژنەی باڵای سەرژمێری بەوە رازی بوون بەبەتاڵی بمێنێتەوە..

ئێستا هەڵساون پەنجە مۆری خەڵك داوا دەکەن، با بۆ مەبەستی دواوەی بگەڕێین کاتێك پەنجەمۆرمان نییە چۆن بزانین ساختەکاری تێدا ناکرێت باشە پەنجە مۆری راست و چەپ چۆن جیا دەکرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك هۆکار هەیە بۆ دابەشکردنی کورد بۆنموونە شەبەك کاتێك جیاکرایەوە لەکوردو پیلانەکە سەری گرت ئەو کات برادەری بژمێرەکە دەڵێت : کورد یەزیدی شەبەك لەنەتەوە هەیە ئیستغلالی کەمی هۆشیاری دەکرێت و لەناوچەی پارێزگای موسڵ هەموو نەتەوەکان کەم دەبن و عەرەب زیاد دەبێت، وەزیری پلاندانان بۆ رازیکردنی ئێمە دەڵێت کە دەرئەنجامەکان دەرچوو ئێمە بەس باس لە پێکهاتەی عەرەب و کورد و تورکمان و کلدانی و ئاشوور دەکەین و ئەوانی تر پێی دەڵێن: (اخری)، باشە کاتێك قەزایەك وەردەگرین لە فەرزەکەدا دەڵێت لە ٤٠٪ی کوردە ٥٠٪ی عەرەبە ١٠٪ ی تر (اخری) یە بەمەش عەرەب لەو قەزایە دەبێتە زۆرینە. لەلایەکی ترەوە کوردە فەیلییەکان بە (اخری) دادەنرێت بەمەش ئیستغلالیان دەکەن و گورزێکی کوشندەش بەر کورد دەکەوێت، بۆ نموونە لەناوچەکانی ناوەراست و بەغدا دەڵێت: لە ٤٥٪ی عەرەبەو ئەوی تر (اخری) یە لەدەرئەنجامی سەرژمێری دەرناکەوێت کە (اخری) ئەفریقییە یان ئەمەریکییە یان ئێرانییە..

سەرژمێری مەسەلەیەکی هونەرییە، بەداخەوە شۆڤێنییەکان کردیانە سیاسی بۆیە دەبێت ئێمەش سیاسییانە هەڵوێستمان هەبێت، پێویستە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم داوا لە ئەمەریکا بکات تەدەخول بکەن، چونکە ئەمەریکا یەکێك لەخاڵە گرنگەکانی گفتوگۆ لەگەڵ کورد بۆ بەشداری کورد لەپرۆسەی سیاسی ئەنجامدانی سەرژمێرییە، بۆیە یەکێك لەخاڵەکانی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا جێبەجێکردنی دەستوورو سەرژمێریکردنە.

پێویست بوو کاتێك لیستی حەدبا ڕێگای بەشداریکردنی سیاسییانەی لیستی برایەتی نەدا ئەوکات هەڵوێستمان وەرگرتایە، من نازانم زەمان لەگەڵ ئەمانەدا چی یە بۆدواخستنی سەرژمێری، لە زستاندا دەڵێن ئاووهەوا لەبار نییەو دواتریش لەکاتی ئەگەری دواخستنی سەرژمێریدا کێ دەڵێت حکومەتی نوێ کێشەو گرفت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە نادۆزێتەوە، بۆیە پێویستە سەرژمێری ئەنجام بدرێت و گەر دواخرێت کورد دەبێت هەڵوێستی سیاسی هەبێت .

**دواخستنی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٩ مەبەست لێی زیادبوونی ژمارەی کورسییەکانی پارێزگاکانی ناوەراست و خوارووی عێراق بوو بەتایبەت ژمارەی کورسییەکانی پارێزگای نەینەوا کە لە بەرژەوەندی عەرەبدا بوو**

**حکومەتەکەی مالیکی حکومەتی بەڕێکردنی کارە ناتوانێت بڕیاری ستراتیژی بدات و سەرژمێری دوابخات**

**یەکێک لەخاڵەکانی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا جێبەجێکردنی دەستوورو سەرژمێریکردنە**



**دابەشکردنی کورد لەناوچە جێناکۆکەکان پێشێلکارییەکی دەستوورییە**

# جەنگی بێخوێنڕێژی



**فەلەكەدین كاكەیی**

**(١)**

جەنگ هەمیشە بە مانای خوێنڕێژی بووە، لە كەرەستەی سەرەتایی جەنگ وەك بەردو و دار، تا شیر و تیر و گورز، ئەمجا باروود و گوللە و تۆپ و، تانك و فرۆكە، تا مووشەك و بۆمبای ئەتۆمی و. چەكی كیمیایی و میكرۆبی و ئامرازی كۆمەڵكوژی دیكە، هەموو خوێنی مرۆڤیان ڕشاندووە.

تا هاتووە چەكی كوشندەتر دروستكراوە، لەجیاتی گیانكێشانی چەند كەس، دەیان و سەدان و هەزاران كەس لە یەك نەبەردا كوژراون، تا بە مەترسیی قەلاچۆی گشتی زۆرینەی دانیشتوانی سەر زەرز گەیشتووە.

ئەمڕۆ لە تەك مەترسیی جەنگ و كوشتاری بەشەر بەدەستی بەشەر، كارەساتی سروشتیش دەكەونەوە، وەك تۆفان و لافاوی پاكستان و، ئاگركەوتنەوەی ڕووسیا و وڵاتانی دیكە و، بوومەلەرزە و زریانی توند و گەرمایی كەشو هەواو، زیادبوونی ڕێژەی هەژار و برسی و تینووەكان.

**(٢)**

لەمەودوا چاخێكی نوێی جەنگ دێتە كایەوە، ئەویش جەنگی بێخوێنڕێژییە، وەلێ ئاكامی قورسی كۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئابووری ئەم شێوازە تازەیەی جەنگ هێشتا دیار نییە.

ڤایرۆسی (ستۆكس Stux) سەرەداوی چەكی شاراوەی جەنگی بێخوێنڕێژییە، كە لە دامودەزگا ئەلكترۆنییەكانی پیشەسازی دەدا و پەكیان دەخات.

ڤایرۆسێكە نەبینراوە، شێوەی گواستنەوەی ڕوون نییە، زیرەك و بەتوانایە، فێردەبێ چۆن و چەند خۆی بشارێتەوە تا لە كاتی پێویستدا بكەوێتە كار.

بەربەستكردنی زەحمەتە هەرچەند دەوڵەتەكان خەرجی زیادیان بۆ بەرگری داناوە.

ئەمڕۆ، هێشتا پتر باس دەكرێت لە هێرشی ڤایرۆسی بۆ سەر وێستگە ناوكییەكانی ئێران لە بووشەهر و نەتەنز و جێگە دیار و نادیارەكانی دیكە.

زانا و شارەزایان دەڵێن كە لەشكری ڤایرۆسەكە بە جێگەی مەبەست گەیشتووە.

بەرپرسانی ئێران بە ئەسپایی، خەریكن، دان بەم دیاردەدا بنێن هەر چەندە حەقیقەتی زیانەكان دەشارنەوە.

بەڵام ئاكامی ئەم جەنگەش، هەرچەندە بێ تەپوتۆز و دووكەڵ و بێخوێنڕێژییە، لە ئەنجامدا هەر دەردەكەوێ، چونكە ناتوانن یەكخستنی وێستگە گەورەكانیان بشێرنەوە.

**(٣)**

جەنگی ڤایرۆسی ئینتەرنێت هەر چەندە بێخوێنڕێژییە، بەڵام وا دیارە زیان و ئاكامی لە ڕشتنی خوێن كەمتر نابێت.

خۆ ئەگەر وڵاتان بكەونە خۆیان و، هەر هێزێكی پێشكەوتووی تەكنۆلۆژی بتوانێ، لە ڕێگەی لەشكری ڤایرۆسییەوە، چەرخی سووڕانی پیشەسازی و ئابووری و گواستنەوەی وڵاتەكانی دیكە، پەكبخات، ئەوە ژیانی ڕۆژانەی سەدان ملیۆن كەس بە ئێجگاری دەشێوێت.

- ئەگەر وێستگەكانی كارەبا و ئاو و هاتووچۆ و ترافیك و دەزگاكانی نەخۆشخانە و هی تر لەكار بخرێن، ئەوجا پشێوییەكی ئاڵۆز پەیدا دەبێ.

ئەگەر فرۆكەخانەكان لەكار بكەون و فرۆكەكان نەتوانن هەڵبفڕن و كەشتییەكان بەسەر دەریاكانەوە نەجووڵێنەوە، ئەوكاتەیە خەڵك دەزانن چ جەنگێكی ماڵوێرانكەرە، چونكە ژێرخانی هاوچەرخ بەگشتی تێكۆپێكدەچێت.

ئەو كاتەیە، كە مووشەك و تۆپ و فرۆكەی جەنگی و بۆمبا گەورەكان ناتەقێنەوە، بەڵام ئاكامی زیانباری دیكەی لێدەكەوێتەوە، كە هەڵوەشانەوەی سیستەمی شارستانیی ئەمڕۆیە.. هیچی بەسەر هیچەوە نامێنێ!

ئەو وەختە، كە سوودتەمەنیش نایەتە بەرهەم، ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەریش لەكار دەكەون.. جا مەگەر خەڵك بەپێ، یا بە دوو چەرخە، یا وڵاخ، هاتووچۆ بكەن.. ئەگەر شەڕ و نەبەردیش بوو، ئەوە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ مستەكۆڵە و چەكی بەرد و دار و تیر و شیر.

**(٤)**

ئەو وەختە ڕەنگە خۆزگە بخوازن بۆ جۆرە جەنگی خوێنڕێژی ئێستا، كە هەندێ كەسی تێدا دەچن، هەندێكی دیكەش دەمێننەوە، وەلی لەدوای جەنگی بێخوێنڕێژی ڤایرۆسیدا هەموو [illegible] بێدەسەلات و بێتوانا دەمێنن، دوای چەندین ساڵ خەڵكی لەیەك نامۆ دەبن، چونكە هاتووچۆ ئێجگار بە زەحمەت دەكەوێ، هەر كۆمەڵەیەكی خەڵك لە دوورگەیەكی جیادا دەژین.

دیكۆمێنتەكەی ئاسایشی نەتەوەیی [illegible] پێشبڕكێ دەكاتە بنەما بۆ دارشتنی پەیوەندییەكانی لەناوچەكەدا


ئەوكات مەسەلەی نیشتمان و دەوڵەت و یاسا و ڕێسای كۆمەڵایەتی و سیستەمی ئەخلاقی شێوەی دیكە وەردەگرێ، كە زەحمەتە لە ئێستاوە سەر و سیمای بزانین.

كەواتە: جەنگی بێخوێنڕێژی لە ئالییەكەوە باشە چونكە سەرگوڕینی خەڵكی تیا ناچێ، لە ئالییەكی دنەوە پڕ مەترسییە چونكە ڕەگ و ڕیشەی شارستانی هەزاران ساڵەی بەشەر دەردەچێت و، مرۆڤ ناچار دەبێ سەر لەنوێ بەشوێن مانای ژیان و بووندا بگەڕێت و، لە ئامانجی هەبوونی خۆی بكۆڵێتەوە.

بەڵام ناتوانێ وەك جاران هەموو شتێك بخاتە تۆمار و ئەرشیفەوە چونكە ئینتەرنێت خۆ بەخۆ دەكەوێتە لەناوبردنی خۆی و فەوتاندنی تەكنۆلۆژیای دنیا.

مرۆڤ ئیتر ناتوانێ بە ئاسانی ئامرازی تازە دابهێنێ مەگەر دوای سەدان سەدەی دیكە.

# هەرێمێکی وەک بیهارو
# سەرەک وەزیرانێکی وەک نچ کومار



**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**

لە وتارەکەیدا دەربارەی ئاستی گەشەی هەرێمی بیهار لەهیندستان، جیسۆن ئۆڤەردۆرف لەگۆڤاری نیوز ویك ریکلام بۆ ئەزموونی هەرێمێك دەکا کە تا دوێنێ بەهەژارترین هەرێمی هیندستان دەژمێردراو ئەمڕۆ بۆتە نمونەیەك بۆ چاولێکەری و لاسایی لەبواری گەشەی ئابوری و پێشکەوتنی خزمەتگوزاریدا.

لەمانگی کانونی دووەمی رابردوو بیهار هەمو هیندستانی سەرسام کرد چونکە سەرەڕای وشکەساڵی و قەیرانی ئابوری و لافاو، نێونجی گەشەی ئابوری تێیدا گەیشتە ١١٪ کەئەمەش لەڕیزبەندیی گەشەدا دەیکاتە دووەم هەرێم لەهیندستان. ئەو پێشکەوتنەی لەبیهار دەبینرێ، زادەی کارکردنی پێنج ساڵەو زۆرتریش دەچێتەوە سەر هەوڵ و کۆششی سەرەك وەزیران نچ کومار کەهەمووی پێنج ساڵە حوکمی هەرێمەکە دەکا.

بەپێی ئامارەکان، لەو پێنج ساڵەدا حکومەت ٦٨٠٠ کیلۆمەتر رێوبانی قیرتاو کردووە، ١٦٠٠ پردو زێرابی دروست کردوەو لەسۆنگەی دابین کردنی ئاسایش و پێشخستنی خزمەتگوزارییەوە ژمارەی گەشتیاران لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا لە ٩٥ هەزارەوە گەیشتۆتە ٣٥٦ هەزار.

ئەو پرسیارەی لێرە دێتە پێش ئەوەیە کە بۆچی هەرێمێکی هەژاری بێ نەوتی وەك بیهار کەقەوارەی بودجەی ساڵانەی ناگاتە نیوەی بودجەی ساڵانەی هەرێمی کوردستان، ئابورییەکەی بەڕێژەی ١١٪ گەشە دەکاو هی هەرێمی کوردستان لەساڵی پارەوە تا کۆتایی ئەمساڵ هێشتا نەگەیشتۆتە ٠,٥٪؟

لەبیهار گەشە پشت بە وەبەرهێنانی بیانی نابەستێ و حکومەت پەیڕەوی لەسیاسەتی هاندانی وەبەرهێنانی دەرەکی ناکا. نهێنیی سەرکەوتنی بیهار خۆی لەچەند فاکتەرێکدا دەبینێتەوە، گرنگترینیان پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان و کارکردنە بۆ هێنانەدی کۆمەڵێکی بەرهەمهێنەر.

نچ کومار پرۆسەی چاکسازی و سیاسەتی ئێسقان شکاندن تێکەڵ بەیەکتری ناکا. ئەزموونی چاکسازی لەبیهار نیشانی داوە کەخەمی سەرەکیی پرۆسەکە دەستخستنی دەرفەتێکی زۆرترە بۆ هاووڵاتییان بۆ بەدەست هێنانی داهاتێکی زۆرتر و بەم پێودانگە چاکسازییەکان بەرگێکی رووکەش لەخۆوە ناپێچن و بۆ ریکلام بەکار ناهێنرێن. گەوهەری چاکسازییەکان، پەیداکردنی هەلێکی زۆرتری کارو چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری و پتەوکردنی پرۆسەی بەرهەم هێنانە. لەکاتێکدا چاکسازییەکانی بیهار بەو سەرەنجامە گەیشتوون کەدەرفەتێك بۆ پەیدابوونی هاووڵاتییەکی بەرهەمهێن برەخسێنن، خۆلادان لەهەر تەگبیرێك کەلێی رادەبینرێ ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەهۆی چاکسازییەوە تێك بدات بەیەکێ لەدیارترین مەرجەکانی سەرکەوتنی چاکسازییە پەیڕەوکراوەکانی بیهار دادەندرێن.

ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی بیهار ٨٢ ملیۆنە، واتە نزیکەی ١٨ جار بەقەد ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانە. زیاتر لە نیوەی ژمارەی دانیشتووانی بیهار لەژێر هێڵی هەژاریدان و بەم پێیە زیاتر لە ٤١ ملیۆن کەس بەهەژارو بێچارە دادەنرێن. ئەمە بەم واتایە دێ کەتەنیا ژمارەی هەژاران لەبیهار نزیکەی ٩ جار لەژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان زۆرترە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەگیروگرفتەکە لەبیهار دووبەرابەرە، چونکە هەم لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوواندا کێشەکان زۆرتر دەبن و هەم لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی هەژاراندا. لەدۆخێکی وادا قورسترین ئەرکی حکومەت پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری نییە، بەڵکو چۆنێتیی بردنی هەژارانە بۆ سەروی هێڵی هەژاری.

بیری زاڵی ئەمڕۆ بەسەر هیندستاندا ئەوەیە کەکێ بتوانێ پەرەپێدانی ئابوری بەدی بێنێ وبەرپەرچی گەندەڵی بداتەوە، لەکاتی هەڵبژاردندا چانسی زۆرتری دەبێ. بەم پێیە، پێشبڕکێی سیاسەتمەداران بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتی، بۆ لەمەودوای هیندستان رەنگدانەوەی باشتری دەبێ و دەنگی دەنگدەران رۆڵێکی دیاری لەپرۆسەی پەرەپێداندا دەبێ.



# پارتی سیاسی و تێپەڕانـــ

## کـۆنگـرە میـکانیـزمێک


ـــدنی قۆناغە جیاوازەکان
بۆ نوێبوونەوەی سیاسی

### مایکل مەنگەر بۆ گوڵان:

# زۆربەی پسپۆڕانی زانستی سیاسەت لەو بڕوایەدان بەبێ پارتی سیاسیی دیموکراسییەت مەحاڵە

**بەبێ بوونی پارتی سیاسیی، دیموکراتی بوونی نییە**

گرنگی پارتی سیاسیی بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی بەو ئاستەیە کە دەتوانین بڵێین بەبێ بوونی پارتی سیاسیی، دیموکراتی بوونی نییە. هەروەها بەرێگەی هەڵسەنگاندنی پارتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەش دەتوانین کەموکورتییەکانی کۆمەڵگە دیموکراتییە تازە پێگەیشتووەکان و ئاستی پەرەپێدان و هۆشیاری سیاسیی کۆمەڵگە بزانین، ئەمەش وەك هۆکارێك بۆ هەڵسەنگاندنی پەرەپێدانی ئابووری لە وڵاتدا، لەم چوارچێوەیەدا پارتە سیاسییەکان وەك هێمایەك بۆ نوێبوونەوەی سیاسی کۆمەڵگە سەیر دەکرێن، ئەگەر لەناو خودی حزبە سیاسییەکانەوە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی گەشە بکات و ڕەگی خۆی دابکوتێت، ئەمە دەبێتە فاکتەرێك بۆئەوەی بونیادی دیموکراتی لەکۆمەڵگە هەنگاوی گەورە بەرەو پێشەوە هەڵبگرێت، سەبارەت بە کاریگەری پراکتیزەکردنی دیموکراتیش لەناو پارتە سیاسییەکاندا پرۆفیسۆر سۆزان سکارۆ ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی هۆستن لە توێژینەوەیەکیدا بەناونیشانی (پراکتیزەکردنی دیموکراتی لەناو پارتە سیاسییەکاندا- Implementing (Intra-Party Democracy نووسیویەتی: ((دیموکراتی ناو پارتەکان، تا ئەوپەڕی زاراوەیەکی گشتییە و بریتییە لەکۆمەڵێك هۆکار کە ئەندامانی پارتەکە لەرەفتاری ناوخۆی پارتەکەدا پیادەی دەکەن... ئەوانەی لەسەر ئاستی پراکتیکی بەرگری لە دیموکراتی نێو پارتەکان دەکەن، پێیانوایە ئەو پارتانەی دیموکراتی لەنێوخۆی حزبدا پیادە دەکەن ئەو کاندیدانە هەڵدەبژێرن کە لێهاتوو و سەرنجڕاکێشن، هەروەها ئەوجۆرە سیاسەتە پیادەکان کە زیاتر وەڵامدانەوەی هەیە و لەگەڵ بارودۆخەکە دەگونجێت، ئەمە بێجگە لەوەی ئەو پارتانەی لەژیانی ناوخۆی پارتەکەدا ڕێوشوێنی دیموکراتیانە دەگرنە بەر، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیری دیموکراتی دەچەسپێنن))، د.ئوسامە غەزالی حەرب-یش لەکتێبی (پارتە سیاسییەکان لەجیهانی سێیەمدا) ئاماژە بەوە دەکات (پێوەندی نێوان پارتی سیاسیی و نوێبوونەوەی سیاسیی کۆمەڵگە بەو ئاستەیە، توێژینەوە سیاسییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی پەرەپێدان و نوێبوونەوەی سیاسی لە کۆمەڵگە، بەشێوەیەکی تایبەتی بایەخ بە ڕۆڵی نوێبوونەوەی پارتە سیاسییەکان دەدرێت، هەروەها پارتە سیاسییەکان هێمان بۆ نوێبوونەوەی سیاسیی کۆمەڵگە هەروەك چۆن بونیادنان و کارگەکان هێمان بۆ نوێبوونەوەی ئابووری))، ئەوەی خاتوو سکارۆ و د.ئوسامە لە ڕۆڵ و بایەخی پارتی سیاسی و کاریگەری پارتی سیاسیی بۆ نوێبوونەوەی



مایکل مەنگەر

سیاسی و چەسپاندنی ڕۆشنبیری دیموکراتی ئاماژەیان پێکرد، ڕووە ئیجابییەکەی پارتە سیاسییەکانە لە کۆمەڵگە، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا لەهەر کۆمەڵگەیەکدا پارتی سیاسی یان پارتە سیاسییەکان بوونیان هەبوو، بەهەمان شێوە نوێبوونەوەی سیاسی بوونی دەبێت و ڕۆشنبیری دیموکراتی پێش دەکەوێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە ڕاشکاوانە ئاماژە بەچەند خاڵێك دەکەین:

١- ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پەرەگرافەکەی خاتوو سکارۆ، دەبینین خاتوو سکارۆ ئاماژە بەوە دەکات، ئەو پارتە سیاسییانەی لەناو خودی پارتەکەی خۆیانەوە دیموکراتی پیادەدەکەن، بەشێوازێکی دیموکراتیانە بڕیار لەناو پارتە دروست دەکەن، ئەوا ئەو کاندیدانە نوێنەرایەتی ئەو پارتانە دەکەن لە هەڵبژاردنەکاندا کە لێهاتوو و سەرنجڕاکێشن، ئەو سیاسەتەشی پیادەی دەکەن لەناو خەڵکدا سیاسەتێکی سادە و واقیعیانەیە و وەڵامدەرەوەی خواست و داواکانی خەڵکە، بۆیە ئەم نموونەی کاندیدی پارتەکە لەناو خەڵك نمایشی دەکات دەبێتە فاکتەرێك بۆ چەسپاندن و پەرەپێدانی ڕۆشنبیری دیموکراتی، بەڵام ئەگەر پارتێکی دیکە ئەم ڕێوشوێنە لەنێو پارتەکەی خۆیەوە دەست پێنەکات، ئەوا ئەو ئاکامەی نابێت کە توێژینەوەکەی سکارۆ ئاماژەی پێکردووە.

٢- ئەوەشی د.ئوسامە حەرب ئاماژەی پێکردووە و پارتی سیاسیی وەك هێمایەك بۆ نوێبوونەوەی سیاسی هاوتا کردووە، لە بەراوردکردنی نێوان نوێبوونەوەی سیاسیی و ئابووری ڕاشکاوانە مەبەستەکەی ئاشکراکردووە، کاتێك ئاماژە بەوە دەکات پارتی سیاسیی هێمایە بۆ نوێبوونەوەی سیاسیی وەك چۆن بونیادنان و کارگەکان هێمان بۆ نوێبوونەوەی ئابووری، ئەمەش واتە ئایا چۆن لە کۆمەڵگەیەکدا هەست دەکەیت نوێبوونەوە و پەرەپێدانی ئابووری لەو وڵاتە دەستی پێکردووە یاخود بوونی هەیە، بێگومان بەو پرۆسە فراوانەی بونیادنان و بەپیشەسازیکردنی وڵات هەستی پێدەکەیت کە لەناو کۆمەڵگە دەستی پێکردووە، بۆ پارتە سیاسییەکانیش بەهەمان شێوە ئەگەر پارتە سیاسییەکان دەستیان بە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و نوێبوونەوەی سیاسیی لەنێو خودی پارتەکانەوە نەکردبێت، ئەوا بەرهەمی ئەو پرۆسەیە و نوێبوونەوەی سیاسیی لەکۆمەڵگە هەستی پێناکرێت، ئەمەش واتە کاریگەری پارتە سیاسییەکان لەسەر پرۆسەی نوێبوونەوەی سیاسی لەنێو کۆمەڵگە، یان بوونی پارتە سیاسییەکان بە هێمایەك بۆ نوێبوونەوەی سیاسیی لەنێو کۆمەڵگە تەنیا ئەو پارتە سیاسیانە دەگرێتەوە کە خۆیان بەشێکن لە پرۆسەی نوێبوونەوە یان

**ئەگەر پارتە سیاسییەکان دەستیان بە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و نوێبوونەوەی سیاسیی لەنێو خودی پارتەکانەوە نەکردبێت، ئەوا بەرهەمی ئەو پرۆسەیە و نوێبوونەوەی سیاسیی لەکۆمەڵگە هەستی پێناکرێت**

**بێنگهام جۆنیۆر بۆ گوڵان:**

# هەڵسەنگاندنی پارتە سیاسییەکان لەکۆمەڵگەی دیموکراتی پەیوەستە بە چۆنییەتی رکابەری نێوان پارتە سیاسییەکان و ئاستی دیموکراتی لە ناوخۆیی پارتەسیاسییەکاندا

لەناوخودی پارتە سیاسییەکانەوە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی دەستی پێکردووە.

ئەوجا لێرەوە پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا پرۆسەی بونیادی دیموکراتی یان نوێبوونەوەی سیاسی لەنێو خودی پارتە سیاسییەکان چۆن دەست پێدەکات؟ بێگومان لەو رێوشوێنە دیموکراتیانەوە دەست پێدەکات کە لەناو پارتەکەدا پیادەدەکرێن و هەروەها لەدارشتنی سیاسەت و دروستکردنی بریاری سیاسیدا، هەموو ئەمانەش جیا لەوەی دەبنە کاری رۆژانەی حزب و پێوەندی نێوان هەڵسوراوانی پارتەکە و ئەندامانی پارتەکە، بەڵام بازنەی یەکەم بۆ دروستکردنی ئەم میکانیزمە کۆنگرەی پارتە سیاسییەکانە و میکانیزمی چۆنییەتی گرێدانی کۆنگرەی پارتە سیاسییەکان دەبێتە دارێژەری ئەو سیاسەت و رێوشوێنانەی کە لەژیانی سیاسی پارتەکاندا رەنگدەداتەوە، کەواتە کاتێك باسی نوێبوونەوەی سیاسی دەکەین و گریمانەی ئەوە دەخەینەروو کە پێویستە باسی نوێبوونەوەی سیاسیی پارتەکان بکەین، لێرەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی چۆن پارتەکان کۆنگرەکانی خۆیان گرێدەدەن و چ شێوازێك بۆ چۆنیەتی کاندیدکردنی ئەندامانی پارتە لەناو پارتە پیادە دەکەن و دواتریش چۆن کاندیدی پارتەکان بۆ پۆستە گشتییەکانی دەوڵەت کاندید دەکرێن.

بۆ ئەوەی لە بایەخی کۆنگرەی پارتە سیاسییەکان بۆ نوێبوونەوەی سیاسیی لەکۆمەڵگە زیاتر رۆبچین، لەبری ئەوەی باسی ئەوە بکەین کۆنگرەکان چۆن دەبنە فاکتەرێك بۆ نوێبوونەوەی سیاسیی لەناو پارتەکاندا، باس لەگرنگی ئەو پارتانە دەکەین کە بۆ بونیادی دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا گرنگن، لەم چوارچێوەیەدا کاتێك گرنگی پارتە سیاسییەکان بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی تێدەگەین، ئەو کاتە بەهەمان ئاست دەتوانین ئاستی نوێبوونەوەی سیاسی یان پیادەکردنی دیموکراتی لەناو کۆمەڵگە هەڵبسەنگێنین.

### گرنگی حزبی سیاسی لە بونیادی دیموکراتیدا

ئەگەر دەروازەی ئەم ناونیشانە لاوەکیە بەو پرسیارە بکەینەوە ئایا ئەو هۆکارانە چین کە پارتی سیاسیی لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا دەکاتە دامەزراوێکی گرنگ؟ بۆئەم راپۆرتە ئەم پرسیارەمان رووبەرووی پرۆفیسۆر مایکل مەنگەر سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی دیوك Duke و تایبەتمەند لە سیاسەتی حکومرانی کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتەی دایەوەو وتی: ((سێ هۆکار وادەکات پارتە سیاسییەکان تا دوا رادده بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی گرنگبن.



**بێنگهام جۆنیۆر**

زۆربەی زانا سیاسییەکان لەو بروایەدان کە بەبێ پارتی سیاسیی، دیموکراسییەت مەحاڵە. ئەو سێ خاڵەش ئەمانەن:

أ. رێکخستن، روونکردنەوە، لەگەڵ کەمکردنەوەی ئاڵۆزی مەسەلەکان. پارتەکان سیاسەت دەکەن و هەوڵیان بۆ ئەوەیە چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزنەوە. کێشەی سیاسی مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە و زەحمەتە بۆ زۆربەی خەڵك کە تێیبگەن. پارتەکان پردی پرکردنەوەی بۆشاییەکانن لەنێوانی سیاسەتی ئاڵۆز و نەزانینی دەنگدەران.

ب. هاندانی دەنگدەران. پێویستە دەنگدەرەکان خۆیان لەگەڵ ئەو کاندیدانە بگونجێنن کە بەنیازن پاڵپشتییان بکەن. بەڵام زۆربەی خەڵکی ناوی کاندیدەکان نازانن، هەروەها بەبێ پارتی سیاسی لە کۆمەڵگە، تەنیا خەڵکی دەوڵەمەند دەتوانن خۆیان بۆ پۆستەکان هەڵبژێرن. لەکاتێکدا لەگەڵ هەبوونی پارتی سیاسی، رێکخستنێك روودەدات بۆ پاڵپشتیکردنی کاندیدەکان و دڵنیابوون لەسەر ئەوەی کە دەنگدەرەکان هەڵبژاردنیان لەپێشدا هەیە.

پارتەکان رێگە دەدەن بە رێکخستنی نوێنەرایەتی پەرلەمان. بەبێ پارتی سیاسی، دەرکردنی یاساکان تاراددەیەك زۆر لە پەرلەماندا مەحاڵ دەبێت. بەبێ پارتی سیاسی پەرلەمان بازنەیەکی داخراو دەبێت)).

ئەو سێ خاڵەی پرۆفیسۆر مەنگەر بۆ ئەم راپۆرتە ئاماژەی پێکردووە، ئەو سێ خاڵە گرنگەن کە پارتی سیاسیی لە ناو کۆمەڵگە دەکاتە رێپیشاندەر و بۆ هاووڵاتی و هاووڵاتی کاتێك متمانەی خۆی دەداتە کاندیدێك بە متمانەی ئەو پارتەی ئەو کاندیدەی کاندید کردووە، متمانەی پێدەدات. ئەمەش یەکێکە لەخاڵە گرنگەکان کە متمانەی نێوان هاووڵاتی و پارتە سیاسییەکان لەکۆمەڵگەی دیموکراتی رێکدەخات، بەڵام وێرای ئەمانەش لایەنێکی دیکەش هەیە وەك نەریتی باوی کۆمەڵگە دیموکراتییەکانی لێهاتووە، ئەویش لانی کەمی ئەو پێوەرانەیە کە پێویستە لەو پارتە سیاسییانەدا هەبن کە لەکۆمەڵگەی دیموکراتی وەك هەڵسورێنەری سیاسییەتەکانی کۆمکەڵگە دەردەکەون. سەبارەت بەم لایەنەش پرۆفیسۆر بێنگهام پاوێڵ جۆنیۆر ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی رۆچەرست بەمجۆرە لەمبارەوە بۆ ئەم راپۆرتە هاتە ئاخاوتن: ((لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا، پرۆسەی هەڵبژاردنی رکابەری (تەنافسی – مونافسە) دامەزراوەیەکی سەرەکییە کە دەبێتە خاڵی بەستنەوە لەنێوانی هاووڵاتیان و دروستکەرانی سیاسەتەکان. پێدەچێت کارەکە زۆر زەحمەت بێت بەبێ بوونی پارتێکی

**پارتە سیاسییەکان هێمان بۆ نوێبوونەوەی سیاسیی کۆمەڵگە**

**پرۆسەی بونیادی دیموکراتی یان نوێبوونەوەی سیاسی لەنێو خودی پارتە سیاسییەکان لەو رێوشوێنە دیموکراتیانەوە دەست پێدەکات کە لەناو پارتەکەدا پیادەدەکرێن**

**ئەمیا چادوری بۆ گوڵان:**

# بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان پێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگە بەهێز بکەن، پێویستە بەشێوازی دیموکراتی کۆنگرەکانیان گرێبدەن و خۆیان نوێ بکەنەوە

> **پێویستە دەنگدەرەکان خۆیان لەگەڵ ئەو کاندیدانە بگونجێنن کە بەنیازن پاڵپشتییان بکەن**


سیاسی لە کۆمەڵگە لەبارەی ڕێکخستنی هەڵبژاردنێکی ڕکابەری بەشێوەیەك کە بۆ هاووڵاتیان یاریدەدەر بێت لە دانانی سیاسەتەکان. هەر بۆیە پێموایە هەڵسەنگاندنی پارتە سیاسییەکان لەکۆمەڵگەی دیموکراتی پەیوەستە بە چۆنییەتی ڕکابەری لەنێوانی پارتە سیاسییەکان، لەگەڵ ئاستی دیموکراسییەتی پارتە سیاسییەکان لەڕووی ناوخۆییەوە. ئەگەر هات و لە کۆمەڵگەدا تەنیا ژمارەیەکی کەم لە پارتی سیاسیدا هەبێت، ئەوکات زۆر گرنگە هاووڵاتیان ڕێگەچارەی پێویستیان لەبەردەستدا هەبێت بۆ کاریگەری و فشار خستنەسەر ئەو چەند ژمارە کەمە لە پارتە سیاسییەکان بۆئەوەی لەڕووی ناوخۆییەوە چاکسازی ئەنجام بدەن، بەڵام لەکاتێکدا ئەگەر هات و لە کۆمەڵگەدا نزیکەی ١٠- تاکو ١٥ پارتی سیاسی بوونیان هەبوو، ئەوکات دەرفەتێکی فراوان لەپێش هاووڵاتیان دەڕەخسێت بۆ هەڵبژاردن لەنێو پارتە سیاسییەکان و تەنانەت بارەکە دەڕەخسێت بۆ دروستبوونی پارتی سیاسیی نوێ لە کۆمەڵگەکە)).

> **بەبێ پارتی سیاسی، دەرکردنی یاساکان تارادەیەک زۆر لە پەرلەماندا مەحاڵ دەبێت**

بەڵام پرۆفیسۆر سکۆت دیسپۆسۆتۆ ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی کالیفۆرنیا و پسپۆر و تایبەتمەند لە پارتە سیاسییەکانی ئەمریکای لاتینی لەگەڵ ئەوەی لە هەندێك لایەندا پشتگیری لە بۆچوونەکەی پرۆفیسۆر پاوێل جوێنر دەکات، بەڵام سەبارەت بەم لایەنە گرنگەی پارتە سیاسییەکان بەمجۆرە بۆ ئەم ڕاپۆرتە را و سەرنجی خۆی دەربڕی و وتی: (لە دیموکراسییەتدا پارتەکان چەندین ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن. یەکێك لەو ڕۆڵانە ئەوەیە کە زانیاری بۆ دەنگدەرەکان دابیندەکەن. لەبری ئەوەی هەر کاندیدێك بەجودا دیراسەبکرێت، دەنگدەرەکان تەنیا دەیانەوێ ئەندامێتیی کاندیدەکە لە پارتەکە بزانن. کاتێك کە پارتەکان نوێنەرایەتیی هزرێکی ڕاستەقینە دەکەن، لەبری ئەوەی لەمیانی هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن، دەنگدەران دەتوانن تەنیا کاندیدی ئەو پارتە هەڵبژێرن کە مەبەستیانە.

بڕوانن بارەکە بەبێ بوونی پارتەکان چۆن دەبێت: لەمیانی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا، پێویستە دیراسەتی هەموو کاندیدەکان بکەین یەك بە یەك، هەروەها لەو کارەشدا کارێکی زۆر بەسەردەبەین لە ناسینی کاندیدەکان و زانینی زانیارییەکان لەبارەیان، بەڵام لەگەڵ هەبوونی پارتی سیاسیی بەهێز، مەسەلەکە ئەوەندەیە کە تەنیا دەنگ بە پارتەکە دەدەین کە مەبەستمانە و لەئاکامدا زۆربەی ئەو شتانەمان دەست دەکەوێت کە خوازیارین بۆی)).

کەواتە ئەوەی ئەو پسپۆرانە لەم ڕاپۆرتە ئاماژەیان پێکرد، پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ڕێگە پیشاندەری



ئەمیا چادوری

دەنگدەرن، ئەمەش مانای ئەوەیە گرنگترین هەنگاو بۆ پارتە سیاسییەکان ئەوەیە کە شێوازێك پیادە بکەن کە پەیوەندیەکی بەهێز لەگەڵ هاووڵاتیان دروست بکەن.

### پەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان و هاووڵاتیان لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا

جوانترین جیاکەرەوەی نێوان سیستمی دیموکراتی و ڕژێمە تۆتالیتار و دیکتاتۆرەکان، لەپەیوەندی نێوان خەڵك و پارتەکاندا ڕەنگدەداتەوە، لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا هەموو هەوڵی پارتەکان بۆ ئەوەیە خواستی خەڵك لەبەرچاو بگرن و کارێك بکەن کە خەڵك متمانەیان پێبکات، لە کاتێکدا لەڕژێمە دیموکراتیەکاندا بە پێچەوانەیە خەڵك هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە کە پارتی دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکە لێی ڕازی بێت و گێچەڵی پێنەگرێت، کەواتە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی لەبەر ئەوەی پارتەکان پێویستیان بە متمانەی خەڵکە، ئەوادەبێت سیاسەتەکانیشیان وەڵامدانەوەی خواست و ویستی خەڵکەکە بێت، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر ئەمیا چادوری سەرۆکی سەنتەری عەبدولکەلام ئازاد لە هیندستان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:((وەکو دیموکراتێك و وەکو لایەنگرێکی دیموکراسییەت، هاوڕانیم لەگەڵ بیرۆکەی بەمەرکەزییەتکردنی ڕۆڵی پارتی سیاسی. ئەم شتە پەسەند ناکەم و هیچ دیموکراتێك ئەو شتە پەسەند ناکات کە مەرکەزییەت بکرێت بە بنەمای پارتی سیاسی. مەرکەزییەت لە ئەنجامدانی ڕەفتار و چالاکی و هەڵسوکەوت لەلایەن یەك پارتی سیاسیی تاك بیرۆکەیەکی ناپەسەندە و هەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە دیموکراسییەت هەیە ئەو شتە قبوڵ ناکەن، لەبەرئەوەی چەمکەکانی دیموکراسییەت لەژیانی سیاسیدا چەمکی ڕوون و ئاشکرا و زۆر هەستیارن، ئەوە پارتی کۆمیۆنیستە کە بە تاکە پارتێك حوکمرانی دەکات. هەموومان بینیمان لە ڕووسیای سۆڤێت چی ڕوویدا کاتێك کە یەك پارتی سیاسیی تاك حوکمرانیی بەڕێوەدەبرد، لە سەردەمەکانی حوکمرانیی پارتی کۆمیۆنیستدا پرۆسەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی فەرمی بەڕێوەدەچوو، پارتی کۆمیۆنیست تاکە پارتی دەسەڵاتدار بوو و هیچ پارتێکی سیاسیی دیکە لە گۆڕەپانی سیاسیدا بوونی نەبوو و پارتی کۆمیۆنیست تاکە کاندیدێکی هەڵدەبژارد و بەزۆرەملێ هاووڵاتیانی ناچاردەکرد دەنگ بەو تاکە ئەندامە بدەن. ئەو شتە لە سەردەمەکانی پارتی کۆمیۆنیست ڕوویدەدا لە ڕووسیا، ئەمڕۆش هەمان شت ڕوودەدات لە وڵاتانی «چین» و «کوبا» و «ڤێتنام». بەڵام سیستەمی دیموکراسی هەر هەمان سیستەمە، تەنانەت گەر لە وڵاتێکی پێشکەوتوو بێت یان تازەپێگەیشتوو. بۆ نموونە لە ولایەتە

## سکۆت دیسپۆساتۆ بۆ گوڵان:

# کۆنگرە بریتییە لە ساتگەلێکی زۆر گرنگ بۆ پارتە سیاسییەکان و بەهێزترین هاندەریش بۆ نوێکردنەوە بریتییە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان

یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆنگرەی دیموکراسی بەڕێوەدەچێت لەسەر ئاستەکانی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان، هەرچەندە زۆر دڵنیانیم لەبەرئەوەی زانیاریی تەواوم نییە، بەڵام ئەگەر هەڵەنەبم پارتە سیاسییەکانی ئەمریکا ٢- یان ٣ کاندید دەستنیشان دەکەن و هەر ئەندامێك کە زۆرینەی دەنگەکان وەدەست بێنێت، دەبێت بە کاندیدی پارتەکە بۆ ئەو ناوچەیەی کە خۆی تیا هەڵدەبژێرێت. بۆ نموونە لە دوایین هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، لە پارتی دیموکرات لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٢ کاندید رکابەری یەکتریان دەکرد، کە ئەویش بریتی بوون لە «هیلاری کلینتۆن» و «ئۆباما»، لە هەر ویلایەتێك دەنگدان بەڕێوەدەچوو بۆ ئەوەی بزانن کام لە ئەندامەکانی پارتەکە دەنگی زیاتر بەدەست دێنن، لەئاکامدا «ئۆباما» لە ویلایەتەکانی ئەمریکا لە «هیلاری» زیاتر دەنگی وەدەستهێنا، هەربۆیە هەڵبژێردرا وەکو کاندیدی پارتی دیموکراتەکان لە ئەمریکا. سەبارەت بە پارتی کۆمارییەکان بارەکە هەمان شت بوو کاتێك کە ٢ – یان ٣ کاندیدیان دەستنیشانکرد، نەك لەنێو هاووڵاتیان، بەڵکو لەچوارچێوەی پارتی دیموکراتەکان، لەنێو رکابەرەکانی هەمان پارت یەك کاندیدیان هەڵبژارد بۆ نوێنەرایەتیکردنی پارتی کۆمارییەکان. ئەمەیە ئەو شتەی کە پێی دەوترێت «کۆنگرەی دیموکراسی». تەنانەت لە وڵاتی «بەریتانیا»ش، تەنانەت گەر پارتی کرێکاران بێت، یان پارتی پارێزگاران، یاخود پارتی لیبراڵ، هەر یەك لە پارتەکان کاندیدی خۆیان دەستنیشان دەکەن، بەڵام پاش وەرگرتنی رەزامەندیی هەر ئەندامێکی پارتەکە، لەبەرئەوەی ئەندامانی پارتەکە بڕیار دەدەن کە ئایا کێ خۆی هەڵبژێرێت و بە نوێنەرایەتیی پارتەکە خۆی کاندید بکات. ئەم جۆرە سیستەمە لە وڵاتان و کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا دەبینرێت)).

ئەو مەترسیانەی پرۆفیسۆر چادوری لە پارتی سیاسیی لە کۆمەڵگە تۆتالیتارییەکان خستیە روو و بەراوردکردنی لەگەڵ وڵاتانی دیموکراتی جۆریکە لە پێناسەکردنەوەی پارتی سیاسیی لەکۆمەڵگەی دیموکراتی، هەر بۆیە لە پرسیارێکی دیکەماندا سەبارەت بە نوێکردنەوەی سیاسی نێو پارتە سیاسییەکان رۆڵی کۆنگرە لەژیانی پارتە سیاسییەکاندا، پرۆفیسۆر چادروی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکەی گوڵانی دایەوەو وتی: ((پارتە سیاسییەکان، لە رابردوو و لە ئەمڕۆش، هەوڵ دەدەن بۆ بەرەوپێشەوەبردنی شێوازی بەڕێوەچوونی کارەکانی پارتەکانیان. هەر پارتێکی سیاسی هەمیشە هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ لەپێناوی هێنانەناوەوەی ئەندامی



سکۆت دیسپۆساتۆ بۆ گوڵان:

نوێ بۆ ناو پارتەکەی، ئەندامە نوێیەکانیش بە هەوڵ و تەقەڵا و کۆششیان دەڕۆنە ریزی پارتە سیاسییەکان و لێی دەبن بە ئەندام. هەر بۆیە، پارتە سیاسییەکان پێویستییان بە خۆ نوێکردنەوە هەیە و بەشێوازێکی دیموکراسییانە لە سازدانی کۆنگرەی سیاسی بۆ هێنانە ناوەوەی ئەندامی نوێ بۆ ناو پارتەکەیان لەپێناوی بەهێزکردنی پێگەکەیان لەناو کۆمەڵگە)).

بەڵام پرۆفیسۆر سکۆت دیسپۆساتۆ سەبارەت بەگرنگی نوێبوونەوە و کۆنگرەی پارتە سیاسییەکان بە گوڵانی راگەیاند: ((هەندێ لەپارتەکان زۆر دیموکراسین، هەندێکی دیکەش دیموکراسی نین. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چەندین ساڵ بەر لە ئێستا، پارتەکانمان زۆر مەرکەزی و دژە دیموکراسی بوون. لەکاتێکدا ئەمڕۆ زۆربەی پارتەکانمان لەجاران کراوەترن و زیاتر دیموکراسین، لەبەرئەوەی لەزۆربەی پارتە سیاسییەکاندا پرۆسەکانی هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت و پێویستە لەسەریان کاندید و سەرکردەکانیان هەڵبژێرن. ئەمە پێی دەوترێت «هەڵبژاردنەکانی سەرەتایی» و یاریدەرە لەو بارەیەی کە پارتەکان هەمیشە پابەندی پێکهاتەکانیان بن. هەربۆیەشە کۆنگرە و کۆنفرانسەکان بریتییە لە ساتگەلێکی زۆر گرنگ بۆ سەرکردەکان بۆئەوەی موخاتەبەی لایەنگرەکانیان بکەن و رەفتارەکانیان بۆ شیبکەنەوە، بەڵام بەهێزترین هاندەر بۆ نوێکردنەوە بریتییە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان. ئەو پارتانەی کە دەنگ لەدەست دەدەن پێویستە پێداچوونەوەی سەرکردایەتی و ستراتیژییەتی پارتەکەیان بکەن. هەروەها ئەو پارتانەی کە سەرکەوتوو دەبن پێویستە بەردەوام بن لەسەر ئەو رێچکەیەی کە گرتوویانە. لەکۆتاییدا، رێگەم پێبدەن یەك تێبینی بخەمەڕوو. بوونی متمانە بە پارتە سیاسییەکان گرنگترین خاڵە لە پرۆسەی دیموکراسی، بە واتای پێویستە سەرکردەکان وەڵامی دەنگدەرەکان بدەنەوە لەبەرئەوەی سەرکردەکان لەو راستییە بەئاگان کە دەنگدەران توانایان هەیە لە پۆستەکانیان دەریانبکەن. متمانەیی تارادەیەك پێویستیی بە ئەنجامدانی پرۆسەکانی هەڵبژاردنی بەردەوام هەیە، هەروەها پێویستیی بە رکابەریی سیاسی هەیە، بەواتای چەندین ئەڵتەرناتیف لەبەردەم دەنگدەران هەیە بۆ ئەوەی لە نێوانیاندا هەڵبژێرن. ئەم خاڵانە بریتی بوون لە چەند لایەنێکی گرنگ لە هەر سیستەمێکی سیاسی، هەروەها هەبوونی پارتە سیاسییەکان هاندەرێکە بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشەوەچوونی پارتی سیاسیی بەهێزتر و حکومەتێکی باشتر)).

**لەمیانی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا، پێویستە دیراسەتی هەموو کاندیدەکان بکەین**

**بەهێزترین هاندەر بۆ نوێکردنەوە بریتییە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان**

نامەیەکی کراوە بۆ سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان

# تێڕوانینێکی نوێی ستراتیژی بۆ سەدەی بیست و یەکەم بەرەو سیاسەتێکی ئابووریانە بۆ قۆناغی پاش نەوت



دکتۆر ئەنوەر عەبدوڵلا بەرزنجی *

بەداخەوە ئێستا تێبینی دەکرێت ژیانی گوندنشینەکان و ئابووری کشتوکاڵی تەقلیدی لە هەرێمی کوردستاندا کەوتونەتە بەر هەڕەشە و مەترسیی تێکچوون، ئەمەش لەئەنجامی دەرهاویشتەکانی بواری نائارامی سیاسی دەیان ساڵی رابردووی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتی ناوەندی سەردەمی پێشوو دروست بووە، کە لەخولّقاندنی کۆمەڵێك بەربەستی بۆداڕێژراوی زانستییانە بەشداری کردووە بۆ لە باربردنی پرۆسەی پەرەپێدان و بووژانەوەی کوردستان، لە پرۆسەیەکی ئابووریی وادا کە کوردستانی کردبووە سەبەتەیەکی خۆراك بۆ عێراق :ـ

١- بەسیاسەتکردنی پرۆسەی دروستکردنی بەنداوەکانی کوردستان، کە تەنیا لەشێوەی ئەمباری گەورەی ئاو دروستکراون بەبێ بیرکردنەوە لەوەی پرۆژەی ئاودێری گەورەی لەگەڵدا بونیاد بنرێت، پرۆژەی ئاودێریی تەنیا لەناوەندو باشووری عێراقدا دامەزراون، بەوشێوەیە مەسەلەی کۆنترۆڵکردنی ئاوی سەر زەوی لە کوردستان زەحمەت بووە، جوتیاران لە دەرفەتی تەکاملبوونی ( التکامل ) کشتوکاڵی بێبەش کردوە بەتایبەت لەوەرزی کشتوکاڵی بەهارییانە و هاوینیانە کە تەواوکەری پرۆسەی کشتوکاڵی زستانیانەی باراناوییە.

٢- بۆ تەواوکردنی ئەو سیاسەتەی لەسەرەوە باسمان کرد، توانای بەبازاڕکردن و ئەمبارکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی لەکوردستان بەرتەسك کرایەوە، زۆربەی تواناکانی بەکۆگاکردنی بەروبووم، لەپارێزگای موسڵەوە دەست پێ دەکات تاوەکو ناوەندو باشووری عێراق و کوردستانی لێ بێ بەش کراوە..

٣- وێرانکردنی گوندو ناوچە گوندنشینەکان گورزێکی گورچکبڕبوو بۆ سڕینەوەی ژێرخانی ئابووری تەقلیدی کوردستان و پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی، کە ئەم ژێرخانە مێژووی دروستبوونیان بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، هەر لە دروستبوونی کشتوکاڵ لە گوندی چەرمۆوە تاوەکو قۆناغی شوانکارەیی بەسەر چیاکانی زاگرۆسەوە.

٤- ئەم شێوازەی سیاسەتکردنە کە هاووڵاتی کوردستانی لەبەرهەمهێنەوە بۆ بەکارهێنەر گۆڕیوە، هەروەها دانیشتوانی گوندنشینەکانی کردۆتە میوان بەسەر شارنشینەکانەوە، بەمەش هاوسەنگی پێویستی لە نێوان گوندو شاردا لاسەنگ کردوە.

وێڕای خەسڵەتی باشی پێکهاتەی تۆپۆگرافیایی دانیشتوان لەکوردستاندا کە لەبەرژەوەندی هێزی کاری گەنج دایە نەك کۆمەڵگایەکی پیرو پەککەوتوو، بەڵام هۆکارەکانی کە باسمانکرد هاندەر بوون بۆ:

١- پەیڕەوکردنی شێوازی کۆنی بازرگانیکردنی کشتوکاڵی و دەرهاویشتەکانی کۆچکردن لەلایەن هێزە گەنجەکانی هەژارو دەوڵەمەندی ناو گوندنشینەکانەوە بوونەتە هۆی کۆچکردنی خەڵکی لادێ بەرەو شارەگەورەکانی هەرێم و تەنانەت کۆچکردن بەرەو دەرەوەی کوردستان، بەمشێوەیە زۆربەی ڕەزو زەوی بە پیتی کشتوکاڵی بەبێ خزمەتگوزاری پێویست ماونەتەوە. سەرباری بوونی ئەم تەنگژەیە گرفتی بەبازاڕیی کردنی بەرهەمی گوندنشینەکان بوونی هەبووە. هاوکات چالاك کردنی کەرتەکانی بازرگانی لەنێوان کۆمەڵگای گوندنشینی کشتوکاڵی و بازاڕی ناوخۆو بازاڕەکانی ناوچەکە بەگشتی پێداویستییەکی گرنگ بوون و هەر لەچاوەڕوانی چارەسەردا بوون .

٢- سستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بووە هۆی راکێشانی بەرهەمی هێنراوی بیانی بەپێی نرخە جیهانییەکان، ئەمەش وای لەبەرهەمهێنی نێوخۆیی کرد فاکتەرێکی باش لەدەست بدەن، کە پێی دەوترێت جیاوازی لە نرخدا کە پێشتر لەبەرژەوەندی بەرهەمهێنەری ناوخۆدا بووە، سیماکانی حاڵەتی ئابووری لەکوردستان بەشێوەیەك مایەوە کە دەتوانین ناوی لێبنێین ئابووری یەك جۆر دەرامەتی، ئەم ئابوورییەش پێی دەوترێت ئابوورییەکی تەنیا پشت بەستو بەدەرامەتی نەوت.

٣- کەمتەرخەمی لەبنیادنانی ژێرخانی کەرتی بەرهەمهێنانی گشتی بووە بە بەربەستێك لەبەردەم پەرەپێدانی ئابوورییەکی ئەلتەرناتیڤی وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی خۆراکی، کەمتەرخەمییەکە بووە هۆی لەناوچوونی دەرامەتی دەرهاتووی نەوت و وە تووشی نەزیفێکی بەردەوامی کرد، لەدەرئەنجامی کەوتنەوەی ئەو حاڵەتەی کە بازاڕی ناوخۆ پشت بەبازاڕەکانی دەرەوە ببەستێت لە هێنانی کەرەستەی خۆراك و کەلوپەلەکانی تردا.

وێڕای ئەمە زۆربەی سەرمایەی بەفیڕۆ دراوو بەهەدەرچووی ئەم ڕێگایە ناچێتە بازاڕی ناوخۆوە، بەڵکو دەڕواتە دەرەوەی کوردستانەوە .

لەبەر ئەوهۆیانەیە ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڕیاربدات و هاوکار بێت لەخولّقاندنی ئابووری تەلتەرناتیف بەپشتبەستنی تەواوی هەمەچەشنەیی ئابووری و سازکردنی زەمینەیەکی پتەو بۆ کشتوکاڵ و پەرەپێدانی بنەماکانی پیشەسازی سووك لەداهاتوودا، تاوەکو زۆربەی دەستی کاری گەنجان لەداهاتوودا بەگەڕبخرێت. وە پێویست بەچارەسەری هەموو ئەم بەربەستانەی سەرەوە دەکات:



١- پێویستە بەشێوازەکانی چارەسەری گونجاو بە پەرەپێدانی هەمیشەیی ناسراوە ڕووبەڕووی گرفتە داچەقاوەکان ببینەوە، ئەو گرفتانەی بەرهەمهێنان و بەردەوامیەتی بەرهەمی کشتوکاڵی و بە کۆگا کردنی بەرهەم لە وەرزی دروێنە و بەرهەمهێنان و بە ( تسویق ) بازاڕی کردنیان لەناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان سنووردار دەکەن.

٢- وڵاتانی دەوروبەر لە دژی ژیانەوەی بازرگانی تەقلیدین چونکە خۆیان بە کێبڕکێکاری هەرێم دادەنێن لەو بوارەدا گەرچی تا ئێستاش بازاڕی ناوخۆیی لە عێراق پێویستی بە هاوردەکردنی زۆربەی کەرەستە خۆراکییەکان هەیە، ساڵانە کۆی گشتی داهاتی دانەوێڵە و بەرهەمی ئاژەڵداری لە دەرەوە بۆ ناوەوە دەگاتە ٥ ملیار دۆلار.

٣- کەواتە ئاسۆکانی هەناردە کردن لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیتیحادیدا کراوەن، زۆربەی وڵاتانی کەنداو ٨٥٪ ی پێداویستیی هاوردە دەکەن.

لە ماوەی ڕابردووشدا توانیمان سەرنجی بازاڕی کەنداو لە ڕێگای دوبەیەوە بەلای خۆماندا ڕابکێشین، بەشێوازێك ئەم بازاڕە هاوشان بێت لەگەڵ دراوسێکانیدا بۆ وەرگرتنی زۆربەی بەرهەمی ڕووەکی و ئاژەڵی و هەنگوین و گژوگیای پزیشکی لە کوردستانەوە بە نرخێکی بەرز بۆ جوتیارانی ناوخۆیی.

٤- بەڵام بازاڕی ئەوروپی بایەخی زیاتر دەدات بە بەرهەمی کشتوکاڵی ئۆرگانی (بەتاڵ لە کەرەستەی کیمیاوی) بەتایبەتی بۆ هەنگوین ومیوەجات کوردستان بە ژینگەیەکی خاوێن دادەنرێت لەم بوارەدا، بەڵام بەربەستەکانی ئێستا توانای هەناردە کردن سنووردار دەکەن جگە لەوە پرۆسەی کۆنترۆڵی جۆری بەتەواوی نەچەسپاوە کە بتوانێ شان لە شانی کۆنترۆڵی جۆری ئەوروپی بدات.

٥- بێگومان زیاد بوونی دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ خۆماڵی کردنی چالاکی تایبەت لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە پاڵی نا بە زۆربەی بیزنسکارانی عێراقەوە کە لەبری وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی ڕووبکەنە کاری هاوردەکردن ئەمەش بەهۆی نزمی ڕێژەی سامناکی لە کاری بازرگانیدا هەروەها بەردەوامی خواست بۆ کەرەستەی سەرەکی خۆراکی، جگە لە بەربەستی بە بازاڕی کردنی ناوخۆ و دەرەوە لە کوردستان کە تا ئێستاش بە هۆی نەبوونی کەلوپەلی دورینەوە و کۆکردنەوەی بەروبووم هەروەها بە هۆی نەبوونی توانای عەمبار کردن و قوتوو بەندیی و دروستکردن لە چاوەڕوانی چارەسەردایە کە ئەمانە ڕۆڵێکی کارا دەبینن لە گەیاندنی بەرهەمهێنەری خۆماڵی بۆ بەکارهێنەر کات و شوێن و بەهایەکی زیاتری دەوێ تاکو بچێتە ئاستی بازاڕی کێبڕکێوە، بۆ نموونە توانای بەرهەمهێنانی ناوخۆیی جۆرەکانی میوەجات و سەوزە بەشی دابینکردنی ٥٠٪ی بەکارهێنەری ناو عێراق دەکات لەکاتێکدا ئەم توانایە لە بواری دانەوێڵەدا دەگاتە ٤٠-٥٠٪ بەرهەمی ئاژەڵیش توانای لەمانە کەمتر نییە، لەپاڵ ئەمانەشدا هەنگوین و گژوگیای پزیشکی و هەندێك میوەی وەکو هەنار وترێ ناوبانگێکی جیهانییان لە بازاڕەکاندا هەیە، گەر سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی هاندانی درێژخایەن بۆ پاڵپشتی کردنی بەرهەمی ڕووەکی وئاژەڵی پێڕەو بکات لە ئاستی جۆرییەوە پیشەسازییەکی خۆراکی شیاو لە کوردستان دروست دەبێت و قازانجێکی زۆر و زەبەند بۆ داهاتی هەرێم دەگەڕێتەوە.

٦- بەپێی پێشبینیەکانمان هاوبەشی کردنی کەرتی کشتوکاڵی ئێستا کە ٦٪ دەتوانرێت بگەیەنرێتە ٦٥٪ بۆ تێکڕای داهاتی ناوخۆ JDP بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەتوانرێت ئاستی پشت بەستن بە داهاتەکانی پترۆل لە ڕێژەی ٩٠٪ کەم بکرێتەوە بۆ ٢٥٪، بەپێی

پێشبینیەکانی دەزگای هاریکاری ئەمریکی USAID پیشەسازی خۆراکی لە عێراقدا دەتوانرێ ١٣٪ی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی دابین بکات و١٠-١٥ ملیار دۆلار ساڵانە بخاتە سەر بەرهەمی ناوخۆیی.

**ئەنجام وپێشنیازەکان**

١- خوێندنەوەیەکی وردی خاڵەکانی سەرەوە نەخشەیەکی ستراتیژی هەمیشەیی ئابووریمان بۆ دەکێشێت کە پشت بەستووە بە زیندوو کردنەوە و پەرەپێدانی ئابووری کوردستان، وەك سەبەتەیەکی خۆراکی چاوەڕوانکراو لەگەڵ ئامادە باشی دەرامەتی مرۆیی و سروشتی لە ئێستاوە بەرەوە دامەزرانی بنەما و دامودەزگاکانی ئابووری کشتوکاڵی ئەلتەرناتیف لەجیاتی نەوت، ئەو نەوتەی کە لە ناوەندی سەدەی رابردووەوە سەری هەڵداوە وەدەردەهێنرێ.

٢- ئەو حاڵەتانەی کە باسمان کردن رێککەوتنی ستراتیژی سیاسی پێویستە لەگەڵ خوڵقاندن و بەرز کردنەوەی توانای هەرێمی کوردستان لە مامەڵە کردنی زانستیانەی دەرهاوێشتە سیاسیەکانی دەوڵەتی پێشووی عێراق کە ئابوورییەکی کشتوکاڵی تەقلیدی بۆ کوردستان دارشتبوو، ئەو ئابوورییە نەیتوانی پەرە بە وەچەکانی دوای نەوت بدات سەرەڕای ئەوەش دەرهاوێشتەکانی کەرتی گشتی هەڵاوساو هەروەها لاوازی کاری وەزیفی کە هاندەر نییە بۆ بوژانەوەی بەردەوام.

٣- حەتمیەت و سەرەتاکانی سیاسەتی ستراتیژی ڕاست و دروست لە قۆناغی داواکراو بۆ ئەم سەدەیەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکانی دەرەوە بەو پێیەی جوگرافیای کوردستان داخراوە و دەرفەتە واقعیەکان کە جیهانگیری دابینیان دەکات پابەندە بە وەدیهێنانی ئاسایشی خۆراکی جیهانییەوە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان سەبەتەیەکی خۆراکی گرنگە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایش و ئارامی تێدا بەرقەرارە.

٤- زانینی نارێکی ناوخۆ لە ئاکامی لاوازی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان و ئاکامەکانی پەرەپێدانی مرۆیی بۆ هەڵسوڕانی سامانی سروشتی دەوڵەمەندی کوردستان ئەمەش چارەسەر دەکرێ بە بەرزکردنەوەی ئاستی پەرەپێدانی مرۆیی لە قۆناغی راگوزاری درێژخایەن بەرەو ئابووری بازاڕ هەروەها بە باشکردنی ژینگەی ئابووری و چاکسازی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت.

٥- باشترین کلیل بۆ پەرەپێدانی هەمیشەیی لە سەردەمی جیهانگیریدا بایەخدانە بە فاکتەری بەرهەمهێنان و بەستنەوەی مەرجدار بە پەرەپێدانی ئاستی خوێندن و مەشق و تەندروستی گشتی هەروەها رەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ کار پێکردنی ئافرەت لەناو بازاڕی کاردا.

٦- بار و گوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە کوردستان بەتین وتاوەوە لەگەڵ گرفتەکانی سەردەمدا کارلێکیان کردووە، کە ئەو گرفتانە خۆیان لە تەنگژەکانی دارایی و ژینگەیی دەبیننەوە و بە هەموویان هاوسەنگی دیموگرافییانەی دابەش کردنی دانیشتوانی هەرێمیان گۆڕیوە لە پاڵ مەترسی پلانەکانی پەرەپێدانی ناوچە شارنشینەکان لەسەر حیسابی ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان.

٧- دەوڵەمەند کردنی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم بە چەمکگەلێك و چەند ئامرازێك کە خۆیان سەپاندووە بۆ دابین کردنی پێداویستیی ئاسایشی ئاو و ئاسایشی وزەی ئەلتەرناتیڤی زیندوو.

ئەمانە بەشێکن لە بیروبۆچوون و تێڕوانین و تێگەیشتنمان، کە لەماوەی کارکردنمان لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەشێوەیەکی ڕۆژانە و لە ئەنجامی کارکردنمان لەنزیك جووتیار و کارمەندانی تری هەرێمی کوردستاندا پێیگەیشتووینە، وە بۆ ئەوەی بەجیبدی لە هەرێمی کوردستان پلانێکی ستراتیژیمان هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەدەی نوێ، زۆر بەپێویستم زانی وەکوو پسپۆڕێك لەبوواری ئابووری و پەرەپێدانی بەردەوام ئەم پرۆژەیە بخەمە بەرچاوانتان و هیوادارم کە سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان، بڕیار و هەنگاوی جیبدی بهاوێت بۆ پیادەکردنی ئەم چوارچێوە زانستییە لەبوواری ئابووری و کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا.

*** ڕاوێژکاری ئابووری پەرەپێدانی بەردەوام لە حکومەتی هەرێمی کوردستان**



# له ڕۆژێکدا مردنی دوو کەسایەتی



**مەلا عومەری چنگنیانی**

هێشـــتا گەرمەی فرمێســـك ڕشـــتن و دۆش دامانـــم بوو بەدیار کەناڵی ئاســـمانی کوردســـاتەوە، کە لـــە شـــاری هەڵمەت و قوربانییەوە، ڕێورەســـمی بەرەو گۆڕســـتانی شـــێخ مارفی نۆدێی بردنی پێشـــمەرگەی پەلەپیتکە و گەرووی دەگواســـتەوە و منیش هـــەر شـــیعرەکەی حەمدی ســـاحێب قڕانم دەگوتەوە:

ئەم سلێمانییە ساڵی جارێ
هەرئەبێ بۆی بێ بەڵا
یا بـە بۆمبـا یا بە ئاگر
یا بەبـارانـی پـــەڵە

مەلا ڕەمزی برادەرم، لە ئامەد(دیاربەکر) ـەوە ئـــاگاداری کـــردم کە ســـەیدا (مەلا موحەممەدی نور) چـــووە بەر دلۆڤانی خوا و ئەم، ئیرۆ تەرمی وی ڤەشارد، هەربۆیەکە خەمەکـــەم خۆی چەند بوو ئیدیشـــی هاتە سەر و ئەو بڕیارەی کە دابووم، بۆ نووسینی ئەم بابەتـــە و تایبەت کردنـــی بە محمدی ســـلێمانەیی، محمدی دیاربەکریشـــی تێدا جێبکەمەوە.

هەرلەسەرەتایشـــەوە دەزانم لە دەرەنجامی ئەم نووســـینەمدا دەکەومە بەر ڕەحمەتی بێ بەزەییانـــەی تفەنگ و قەڵەمی ئەوانەی لە ژیانـــدا هەر نیو پەرداخی خاڵی دەبینن و لە ســـیفەتە جوانەکانی خوا، بەدەر لە (شـــدید العقاب)یـــان پـــێ ناخۆیندرێتـــەوە و تێیی ناگـــەن!، جا من کەی باکـــم لەوانە بووە تا ئێستا سەریان لێ بکەمەوە؟

مەلاموحەممەد نور: لە مانگی تەمموزی ٢٠٠٩دابوو، کە بۆچارەسەر چووبوومە وڵاتی تورکیـــا و لە هاتنەوەمدا بەنێو کوردســـتانی بەریندا و بەشـــی باکـــووری، بە هاوڕێیەتی مامۆستایەکی لاوی ئامەدی، مەلا ڕەمزی، ســـەردانی پیاوێکی ردێن سپی بەژن بڵندی بەتەمەنم کرد لە ئامـــەد، کە لەنێو کتێبخانە گەورەکـــەی خۆیـــدا و لەگەڵ ئـــەوەی کە نەخۆش بوو لەنێو جێگادا کەوتبوو، هەســـتا بەرەو پیرمان و پێشوازییەکی هەر زۆر گەرمی وای لێ کردم بۆ خۆم شـــەرمم دەهاتەوە، کە ئەو پیاوە وەك باســـیان دەکرد سەدان فەقێی گۆش و پەروەردە کردووە و ئیجازەی زانستیی داونەتێ، وێڕای سەرســـام بوونـــم بەڕواڵەتە نورانییەکـــەی لەگـــەڵ ئەوەی تـــازە لای پزیشـــك هێنرابوو و، دوو ددانی پێشەوەیان بۆ دەرهێنابوو، فەرمووی: چونکە میوانی ئێمەن و لە بەشە کوردستانێکەوە هاتوون کە ئازادە و بۆ ئێمە وەك ڕووگەیەکی کوردایەتیی و جێگە هیوایەکی گەورەیە، قیروســـیا لە تەندروستی خۆم دەکەم و بۆخۆی قاوەی لەبەر دەمم دانا و فەرمووی: کوڕم بزانن ئەوەندەی ئێمەی کورد هەین هەمیشـــە بەنێوی ئایینەوە خاپێنراوین و فریـــو دراوین، ئەوەی عوســـمانێکان کاتی خـــۆی بە ئێمەیـــان کردووە لەژێـــر پەردەی ئایین و خەلافەتی ئیســـلامیدا، کەسی دی لەژێـــر پەردەیەکی دیکە، ئەوەی نەکردووە؟، لە داهاتوویەکی نزیکدا نووســـینێکی درێژی لەســـەر دەنووســـم انشـــا اللـــە - ئیتر ئەم کەسایەتییە گەرچی بەرەو جێی هەق ڕۆیشت و وادەزانم بە لە دەســـتدانی ئەو مەلا کوردە، کورد کەســـایەتییەکی هەر زۆر گەورەی لە دەســـتدا و خـــوای گەورە بۆمانـــی قەرەبوو بکاتەوە، کە مـــن وەك بڕوادارێك باوەڕم بەوە هەیە کە مردنـــی زانایەك، مردنی جیهانێکە وەك پێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت: (موت العالم موت العالم)، کە مامۆستا ئەحمەدی برام لە بەهاری ساڵێکی نێوەندی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بۆ مردنی مامۆستایەکی پیریان لە بەغدا، فەرموویەتی:

بای ئەجەل لای خۆی هێشتا بەهارە
بۆ هەڵت وەران گەڵای ئەو دارە
بەهەلت زانی چوویتە سەرخەتیب
کوشتت ئەوپیرە شیرین ڕەفتارە
هەرئەوت نەکوشت بۆیە بەیەکجار
لام نەما ئارام لام نەما قەرار
موت العالم موت العالم
گەڵا هەڵوەری و ڕووتایەوە دار

حمە جەزای پێشـــمەرگەی پەلەپیتکە و گـــەروو: لەوەتی من ناســـیومە لە دوورەوە، پێشـــمەرگەبوو بە جەســـتە و بە ڕۆح و بە گـــەرووی، گومانم لەوەدانییـــە ئەوکاتەی ئەو بە هەڵە وەك مرۆڤێك تووشـــی وابەستە نەبوونێکیش بووبێت بە خواســـت و داواکانی ئایینەوە، ئەو پیاوە بێ بڕوانەبوو، دیمانەکەی کاتی هێنانەوەکەی بۆ کوردســـتان کە دەڵێ: (بەڵکو خوا شیفام بۆ بنێرێ)بڕوا بوونە بەخوا و بەوەی شـــیفا لای ئەوە و ئەمەیش ئیمانە، کەسێك لە ڕۆحی شەریعەت تێبگات، لەم داوە دەزووە جوانە تێدەگات.

ئەوکاتەی هەزاران جـــاش و خۆ فرۆش، خۆیان دۆڕاندبوو، ئەو لاوێنی خۆی بە چیا و دۆڵەکانی کوردستانەوە دەبردەسەر و شاخەو شـــاخی دەکرد، بۆ بەدیهێنانی ئازادییەك کە ئەمڕۆ ئێمە لەسایەیدا دەحەوێینەوە.

ئەوکاتەی ئەو پەنای بۆ چیاکانی کوردستان بردبوو، زۆرێك پەنایان بۆ ستەمکار بردبوو و لە دیوەخانە گەرمەکانیدا دەحەوانەوە!

هەربۆیە کە من لە ئاستی خۆمەوە ئەوەندەم هیوا بەڕەحمەتی خـــوا زۆرە، کە ئەگەر ئەو پیاوە لاسارییەکیشـــی بووبێت، بی بەخشێت بەو هەموو ڕەنـــج و ماندو بوونەی لەپێناوی ســـەربەرزی مرۆڤی کورد و کوردســـتان دا دای و سەڵاو لەگیانی و خوای گەورە دڵی خانەوادەکەی و هەمـــوو لایەکمان لەو برینە سارێژ بکات.



# پەروەردە و فێرکردن گرفتی زۆرە، بەڵام ئیرادە هەیە بۆ چارەسەرکردنی

کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی لە دەسپێکی پرۆسەی خۆبونیادنانەوەدایە، خەسڵەتی ئەم قۆناخە بەسەر سیستەمی ژیان و کاروبارەکانیەوە رەنگی داوەتەوە، پەروەردەو فێرکردن دوو دەروازەن گەر کۆمەڵگە بە زانستیانە لێوەیان وەژووربکەوێت ئەوا پێشکەوتن و ئارامی و ئاشتی و سەقامگیری بۆ وەچەکانی نیشتمان بە دیاری دێنێتەوە، بەڵام بواری پەروەردە تا ئەمڕۆش کەموکورتی زۆری هەیە و لە ئاستی پێویستدا نییە، هەر بۆ نموونە لە هەندێ قوتابخانە تائێستاش سێ دەوامی هەیە، یان پۆلی خوێندن هەیە هێندەی دوو پۆلی ستاندەر ژمارەی قوتابییانی تێدایە..تاد، دواتر بەدەزگایی کردنی زانستیانەی سیستەمی پەروەردەیی، فکر و سیاسەت وپلان و بودجەی تایبەتی پێویستە، واتە تەنیا بە دروست کردنی کۆمەڵێك دەزگا و ناوەند و قوتابخانەی فێرکاری کۆتایی نایەت بەڵکو ئەمانە سەرەتایەکن بۆ کارکردنی زیاتر تا وەچەکانی ناو کۆمەڵگە بکەنە بوونەوەرێکی خۆسازدەر بۆ مامەڵەکردنی دروستانە لەگەڵ ژیان و ئازادییەکان و مافەکان و خستنە گەڕی توانا و ویستی ئازادانەی کەسەکان، لەو بڕوایەداین یەکەمین ئەرکی پەروەردە بەدۆستکردنی قەڵەم و کاغەز و کۆمپیوتەرو کتێب و زانست و مەعریفەیە لە لای قوتابی، بە مەرجێك مەعریفەی پەروەردەیی قوتوبەندکراو نەبێت، بە پێچەوانەوە مەعریفەیەکی کراوە بێت بۆ نزیك خستنەوەی قوتابییان لە زمان و زانست و جوگرافیاو مێژوو و کۆمەڵناسی و ئابووری و سیاسەت و ژینگە و چۆنیەتی سوودگەیاندنیان بە مرۆڤایەتی و جیهانی مرۆڤ و لە ئاکامیشدا روونبینی و ژیاندۆستی و بیر فراوانی بە قوتابییان مەشق بکەن تا لە دوارۆژدا ئەوانیش لە هەوڵی گەیاندنی کۆمەڵگەکەیاندا بن بۆ گەیشتنەوە بە رەوڕەوەی شارستانیەتەکانی دنیا، لە کۆمەڵگەی کوردیدا پاش راپەڕینی ١٩٩١ بیرۆکەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن پرۆژەیەك بوو بۆ کارلەسەرکردن چونکە رژێمێکی تۆتالیتاری بەعسیانە باڵی بەسەر سیستەمەکەدا کێشابوو، بەهۆی ئابڵوقەی ئابووری و کەمی ئەزموون و باری ئاڵۆزی ناوخۆو دەرەوە نەتوانرا پرۆژەکانی گۆڕینی سیستەمەکە پیادە بکرێت، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا بە چەند قۆناغێك دەست کرا بە گۆڕینی پرۆگرام و سیستەمی فێرکردن و پەروەردە لە کوردستاندا، لێرەوە کۆمەڵێك گرفت و ئاریشە هاتۆتە پێش قوتابییان و کەسوکاریان و مامۆستایانیش بۆیە بە پێویستمان زانی بۆ شرۆڤەکردنی ئەم گرفتانە و هەندێ پرس و رای تر لەگەڵ بەڕێز( سەفین دزەیی ) وەزیری پەروەردە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم دیمانەیە سازبدەین.



**پەروەردەیەکی تەندروست بۆخۆی کۆمەڵگەیەکی تەندروستە**

***ئاستی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان چۆن دەبینی، ئایا پەروەردە لە ئاستێکی باشدایە، ئەوگۆڕانکارییانەی بەسەر گۆڕینی پرۆگرام وفێرکاری خوێندندا هاتوون، لەسەر چ ستانداردێکن ؟؟**

- پەروەردە لە هەموو کۆمەڵگەیەك بوارێکە گرنگی و بایەخی زۆری پێدەدرێت و بەتایبەتی ئێمەی کورد پێویستە پتر بایەخی پێبدەین، چونکە بەڕای من پەروەردەیەکی تەندروست بۆخۆی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەوتوو وەدی دێنێت، لەبەرئەوە پێویستە هەموو هەوڵ و توانایەك بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی بواری پەروەردە نەك تەنیا لە قۆناغی باخچەی ساوایان تا ئامادەیی بەڵکو تا قۆناغی خوێندنی باڵاش بایەخێکی تەواو و زانستی و هاوچەرخانەی پێبدرێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ واقیعی خۆمان باش هەڵسەنگێنین، ئێمە میراتگری ئەو هەموو کارەساتانەین کە یەك لەدوای یەك بەسەر میللەتی کوردستاندا هاتووە، پێشتر سیاسەتێکی وێرانکارانە لە دژی کورد بەکاردەهات و لە ئەنجامدا ئەو هەموو گوندەی کوردستان روخێنراو خاپوور کران و خەڵکەکەشیان بەناچاری لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان نیشتەجێ دەکردن و هەندێك لەوخەڵکە دەربەدەرو ماڵوێرانکراوە بۆ ئەوەی بژێوی ژیان و گوزەرانیان دابین بکەن بەناچاری منداڵی خۆیان لە خوێندن دەرهێناوە و وایلێهات بوو ڕێژەی نەخوێندەواری لە بەرزبوونەوەیەکی بەردەوامدا بێت.

**لە کوردستان ئیرادە و بڕیاری سیاسی هەیە بۆ گۆڕینی پرۆگرام و سیستەمی پەروەردەو فێرکردن**

پاش ساڵی ١٩٩١ بارودۆخێکی تازە بەسەر کوردستاندا هات و بوو بە وەرچەرخانێك بۆ دیرۆکی تازەی کوردی، ئەوکات لەسەرتاسەری کوردستان تەنیا(١٣٢٠) قوتابخانە هەبوون، ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ ژمارەی قوتابخانەکانی ئەمڕۆ زیاتر لە (٥٥٤٠) قوتابخانە هەن لە کوردستان و ژمارەی قوتابیان لە ساڵی ١٩٩١ نزیکەی نیو ملیۆن دەبوون، بەڵام ئێستا لە ساڵی نوێی کردنەوەی قوتابخانەکان کە دەست بە خوێندن دەکەین یەك ملیۆن و نیو قوتابی هەن، واتە خەڵکانێکی زۆر هەن حەز بە خوێندن دەکەن، مادام ئەم حەز و خواستە هەیە و لەکاتی خۆی دەرفەتیان نەبووە یان بۆیان نەگونجاوە بخوێنین، بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی جدی خۆی بدات بۆ ئەوەی هەموو دەرفەتێکی خوێندن فەراهەم بکات چ لە بواری نەهێشتنی نەخوێندەواری یان لە بواری خوێندنی ئێواران و خوێندنی خێرا، لە هەموو بوارەکانی دیکەش دەتوانین بڵێین ئاستی خوێندن و پەروەردە و فێرکردن ئێستا بەگشتی و بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێش ١٩٩١ باشترە و بەرەو پێشەوە چووە.

**ژمارەی قوتابیان لە ساڵی ١٩٩١ نزیکەی نیو ملیۆن دەبوون، بەڵام ئێستا یەک ملیۆن و نیو قوتابی هەیە**

*** باس لەوە دەکرێت ئەو سیستەمی پرۆگرامی خوێندنەی کە ماوەی سێ ساڵە لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت لە وڵاتانی ئەورووپا و دەورووبەر وەرگیراون، لەمبارەشەوە مامۆستایان و قوتابیان گلەیی و گازاندە لەوە دەکەن ئەو سیستەمە تووشی هەندێ**



**گرفتی کردوون، جەنابتان لێکدانەوەتان بۆ ئەمە چییە؟**

- سیستەمی خوێندن لەسەرتاسەری عێراق لە کاتی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە کاتی خۆیدا سیستەمێکی باش بووە هەر هەموومان و ئەو مامۆستا بەڕێزانەی هەنەو ئەو نەوانەی کە لە عێراق و لە کوردستان هەنە پەروەردەی دەستی ئەو سیستەمە بوون، بەڵام گۆڕانکاری بەسەر دنیادا هاتووە و سەردەمی تەکنەلۆژیایە و ئەو سیستەمەی خوێندنی عێراق گۆڕانکاری بەسەر نەهاتبوو، بە پێچەوانەوە لە ساڵی ١٩٦٨ کە رژێمی بەعس هاتە سەر حوکم زۆر بەڕاشکاوانە توانی ئەو سیستەمەی پەروەردەییەی کە زۆر هەستیارە بیکاتە ئامرازێکی دەستی خۆی بۆ خۆسەپاندن و چەسپاندنی ئایدۆلۆژیای بەبەعس کردن واتە بە سیاسەتکردنی سیستەمەکە پیادەکرا، بەمەش خەڵکانێکی زۆر لە ساڵانی ١٩٦٨ تا ٢٠٠٣ پەروەردەی دەستی ئەم سیستەمە بوون، بۆیە هەر لە ساڵی ١٩٩١ بە پێویست زانراوە کە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان گۆڕانکاری بەسەر دابێت، بەڵام لەو کاتەدا ئیمکانیاتەکان کەم بوون و ئابڵوقەی نێودەوڵەتی لەسەر عێراق و کوردستان هەبوو و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن رانەگیرا، مامۆستا بەڕێزەکان بەبێ مووچە و بەبێ ئیمکانیات دەوامیان دەکرد و پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بەردەوامبوو و سەرکەوتووانە و پرۆسەکە بەڕێوەچوو لێرەدا ئەو هەڵوێستە بەرزە شایانی سوپاس و دەستخۆشییە لەسەرجەم مامۆستا بەڕێزەکانی کوردستان، بەڵام سیستەمەکە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەر نەهات و لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕەوشەکە گۆڕا و ئیمکانیاتی باشتر پەیدابوو، هەوڵی گۆڕانی پرۆگرام و خوێندن و سیستەمی پەروەردە پتر هاتنە پێش و لەکۆنفرانسەکان ئەو هەوڵە باشتر و زیاتر کەوتە گەڕ بۆ گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن و سیستەمی پەروەردە بە نموونە لە کۆنفرانسی ٢٠٠٧ کە

کۆنفرانسێکی پەروەردەیی بوو بە بەشداری پسپۆڕانی خۆمان و پسپۆڕانی کورد ئەوانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین و بگرە پسپۆڕانی بیانیش، باسی ئەوە دەکرێت کە سیستەمی سویدی لە کوردستان جێبەجێ دەکرێت، نەخێر سیستەمی سویدی نییە، بەڵکو تێهەڵکێشی کۆمەڵێك بیرۆکەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە ئاستی زانستیانەیان بەرزە و دەمێکە بەو پرۆسەیەدا تێپەڕیون و سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە و لە هەمان کات نابێ بە دەربین لە دەورووبەری خۆمان و پێویستە کولتور و نەریتی خۆمان بپارێزین و نابێ سیستەمی وڵاتانی ئەوروپا لە

ماوەی سێ ساڵە سیستەمەکە جێبەجێ دەکرێت پێویستە پێداچوونەوەیەك بکرێت و هەوڵبدرێت بزانرێت کەموکوڕیەکان لە کوێندەر هەن تا دەست نیشان بکرێن و هەموار بکرێن و لە هاوینی رابردوودا لە جیاتی ئەوەی کۆنفرانسێك ببەستین و کۆمەڵێك پێشنیار لەسەرەوە بۆ خوارەوە بێتن بڕیارماندا کە لەخوارەوە دەست پێ بکەین لە قەزاو ناحییەکان و سەرپەرشتیاران و شارەزایان و بەڕێوەبەرەکان و مامۆستایان و دایك و باوکان کۆبوونەوەی خۆیان لە بارەی کەموکوڕییەکانی سیستەمەکە کرد و راپۆرتی خۆیان بەرز کردەوە بۆ بەڕێوەبەری



١٠٠٪ فۆتۆکۆپی بکەین و لە کوردستان جێبەجێی بکەین، بەڵام سوود لە سیستەمی وڵاتانی دیکە وەرگیراوە و بگرە لە وڵاتانی دەوروبەریش وەکو تورکیا و لوبنان و ئوردن .

هیچ پرۆژەیەك بێ کەموکوڕی نابێت بەتایبەتی لە بواری جێبەجێکردن و ئەوانەی پرۆسەکە جێبەجێ دەکەن کە مامۆستایە، مامۆستایانی ئێمەش لەگەڵ ڕێزم بۆیان پەروەردەی دەستی سیستەمی کلاسیکین و سروشتی مرۆڤیش وایە بەتایبەتی لە کۆمەڵگایەکی موحافیزکاری وەکو ئێمەدا بە ئاسانی ناتوانرێت گۆڕانکاری تەقەبول بکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە هەستمان کرد کە

گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و دواتر لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتی پەروەردە گفتوگۆی تێرو تەسەلی لەسەرکرا و بەراوێژکردن لەگەڵ لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و فیدراسیۆنی قوتابیان و خوێندکاران و یەکێتی مامۆستایان توانیمان گەڵاڵەی ئەم بیرۆکە و ڕەخنانەی کە بەرزکراونەتەوە بۆ هەموارکردنی هەندێ بوار لە سیستەمی تازە ئێستا کراوەتە پرۆژەیەك پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەو سیستەمە تازەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و سەرکەوتنی سیستەمەکە پتر لە ئەستۆی کێدایە؟**

- تەنیا گۆڕینی سیستەم بەس نییە لە پەروەردە، بەڵکو دەبێ ئالیەتی جێبەجێکردنیشی بۆ فەراهەم بکەیت، یەك لەمانەش ژێرخانە، ژێرخانیش زۆر بە ئاسانی و بە تەمەنی کابینەیەك و دوو کابینە ناکرێت ئاماژەم بەوە کرد کە(١٣٢٠) قوتابخانە هەبوو ئێستا (٥٥٤٠) قوتابخانەمان هەیە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەم قوتابخانانە لە گوندەکانە کە تەنیا ژوورێکە لە ڕێگای خێرخوازان و (NGO) و ڕێکخراوەکان و خودی حکومەت لە دوای ساڵی(١٩٩١) دروستکراون ئەم قوتابخانانە بۆ ئەوکاتی بۆی هەیە باشبووبێتن کە هەوڵێك بوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و بێبەش نەبوونی نەوەکانمان لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن، بەڵام بۆ ئەمڕۆ گونجاو شایستە نیین، لەو پرۆژانەی لەبەردەستمانە ساڵانە چەندین قوتابخانە دروست دەکەین و ئێستا کە(٤٦٤) پرۆژە لەبەر دەستەکە هەندێکیان لە ژێر ئەنجامداندان و هەندێکیان لە بواری تەندەرپێداندان بە بڕی نزیکەی (٤٩٧) ملیار دینار و ساڵانە بەردەوام دەبین لە دروستکردنی بینایەی تازەش، هەر ئەمساڵ(١٤٠) بینای تازە هەر لە باخچەی ساوایان تا ئامادەیی تەواوکراون و گەیشتوونەتە بواری خزمەت بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠١٠-٢٠١١)، بینایەش بە تەنیا بەس نییە، لێرە ئێمە پرۆگرامان گۆڕیوە پرۆگرامیش خەڵکانێك جێبەجی دەکەن، ئەوانیش مامۆستایانن کە پێویستیان بە خولی ڕاهێنان هەیە، هاوینان خولی ڕاهێنان هەیە، هەر چەندە ماوەکەی کەمە، بەڵام نامانەوێت دابڕان بێتە پێش لە پرۆسەی خوێندن و هەوڵدەدەین خولەکان پتر و چڕتر بێت، پرۆگرامی تازەی خوێندن بەڕای من پرۆگرامێکی زۆر سەردەمیانەیە بەتایبەتی لە بوارەکانی زانستی کە لە دەرەوە وەرگیراون و پەرتووکەکان لە ڕووی هونەرییەوە زۆر ڕێکوپێکن و بۆیان هەیە پتر هاندەر بن لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە قوتابی بۆلای خۆیان رابکێشن و پتر ئارەزوویان بچێتە سەر خوێندن، لەلایەکی ترەوە پێداویستییە سەرەکییەکانی وەکو تاقیگا و هوڵی ئەزموونەکان و ... تاد

کە قوتابخانەکان پێویستیانە دابین بکرێت و دیزاینی تازەی هاوچەرخمان بۆ

**ساڵی ١٩٦٨ کە ڕژێمی بەعس هاتە سەر حوکم زۆر بەڕاشکاوانە توانی ئەو سیستەمە پەروەردەییەی کە زۆر هەستیارە بیکاتە ئامرازێکی دەستی خۆی بۆ خۆسەپاندن و چەسپاندنی ئایدۆلۆژیای بەبەعس کردن**

**پێویستە کولتور و نەریتی خۆمان بپارێزین و نابێ سیستەمی وڵاتانی ئەوروپا لە ١٠٠٪ فۆتۆکۆپی بکەین**

**هەر ئەمساڵ(١٤٠) بینای تازە هەر لە باخچەی ساوایان تا ئامادەیی تەواوکراون و گەیشتوونەتە بواری خزمەت**



**(٤٦٤) پرۆژە لەبەر دەستە بە بڕی نزیکەی (٤٩٧) ملیار دینار**

هەیە وەکو هەنگاوی یەکەم(١٠٥) قوتابخانە لەخۆی دەگرێت لە هەرسێ پارێزگا و دووان لە کەرکوك و یەك لە مەخمور و یەك لە شنگاڵ و یەکێکیش لە شاری خانەقین کە تەندەریان بۆ کراوە و ئێستا کە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن و ئومێد دەخوازین لەداهاتوودا هەموو قوتابخانەکانمان لەسەر ئەم دیزاینە تازەیە هاوچەرخ بن کە پۆلەکانیان(١٨ و ٢٧) پۆلین پتر لە ناوەندی شارە گەورەکان و قەزاکانن لەمەش زیاتر بۆ سەرکەوتنی پرۆگرام و سیستەمەکە زیادکردنی ماوەی دەوامکردنە، چونکە ئێستا کە ماوەکە (٤) کاتژمێر مامۆستا ناتوانێ بەم ماوەیەی دانراوە بە تەواوی قوتابییەکان فێربکات، بەڵام سیستەمی تازە وادەکات کە قوتابیان بەشێوەی گرووپ بخوێنن و ئیش بکات چونکە لەم سیستەمە تازیەدا پێویست ناکات قوتابی وانەکە لەبەر بکات و کۆتایی پێبێت، نەخێر دەبێ قوتابی رۆژانە لەگەڵ مامۆستا بەشداری پێبکرێت، بەشێکی نمرەکانی قوتابی لەسەر هەستان و بەشدار بوونی قوتابییەکەیە کەرۆژانە لەگەڵ مامۆستا پیادەی دەکات، هەموو ئەمانە لە ژینگەیەکی گونجاوتر دەکرێت و دەستمان پێکردووە و ئیرادەی سیاسی و بڕیاری سیاسی هەیە کە بەم شێوازە بڕۆین، بەڵام زیادکردنی کاتی دەوام زۆر پێویستە کە لە (٤) کاتژمێر بکرێتە(٦ تا ٦،٣٠ ) کاتژمێر رۆژانە قوتابی دەوام بکات کە بەمەش پتر دەتوانی پرۆگرام و سیستەمە تازە وەربگرێت و هەموو وانەیەك ماوە و هەقی خۆی بە تەواوەتی پێدەدرێت و قوتابیش باشتر و جوانتر فێر دەبێت، لەم کاتەدا کە قوتابی زیاتر لە دەوام بمێنێت ئەوە پێویستی بە کافتریا دەبن بە دیزاین تازە و رەچاوی ئەمەش کراوە و لە کابینەی چوار و پێنج و ئێستاش حکومەت هەوڵی جددی داوە و بەردەوامیش دەبین لەم هەوڵە.

**گۆڕینی سیستەم بەس نییە لە پەروەردە، بەڵکو دەبێ ئالیەتی جێبەجێکردنیشی بۆ فەراهەم بکەیت**

*** ئەو کاروپلان و پرۆژانەی جەنابتان ئاماژەتان پێدا زۆرەو و بودجەی زۆری دەوێت ئایا ئەو بودجەیەی کە بۆ وەزارەتی پەروەردە دانراوە بەپێی پێویستە و ئەگەر کەمترە چیتان کردووە بۆ ئەوەی بودجەکەتان زیاتر بێت؟**

- بێگومان هەموو وەزیرێك کە بەرپرس بێت لە وەزارەتەکەی خۆی حەزدەکات باشترین بودجەی پێ ببەخشرێت، وەزارەتی پەروەردە یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە بە مامۆستا و کارمەند و قوتابییانەوە یەك لەسەر سێی دانیشتووان راستەوخۆ پێوەندییان پێوە هەیە و ئەو سێ ملیۆنەی دەمێنێتەوەش کەسوکاری ملیۆن و نیوەکەی ترن، بۆی هەیە وەزارەتی پەروەردە لەسەرووی هەموو وەزارەتەکانی دیکەوە بێت لە پێدانی بودجەی پێویست، بەڵام ئیمکانیاتی حکومەتیش سنووردارە کە(٦٨٪) بودجەی ئەمساڵ بۆ بواری کارپێکردنە (تەشغیلی) بەتایبەتی بەهۆی ئەم هەموو پلە دامەزراندنانە ئەوەی کە لە بواری بەرهەمهێنان و پرۆژەکان کاری پێدەکرێت تەنیا(٣٢٪)ی بودجەکەیە ئومێدەوارین ئەم رێژانە لە ساڵانی داهاتوو پێچەوانە بێتەوە و ئەوکات بودجەی دیاریکراو بۆ وەزارەتەکان زیاتر دەبێت و ئێستا کە هەر وەزارەتێك لەخۆ ئامادەکردن و دارشتنی بودجە دایە و لە پاشان پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکات بۆ بودجەی (٢٠١٠-٢٠١١)، ئێمە بە هیوای ئەوەین کە بودجەی وەزارەتەکەمان زیاتر بێت و دەبێ ئەوەش بزانین بودجەی حکومەتی کوردستان لە (١٧٪) ی بودجەی عێراقە و لە بەغدا دەستنیشان دەکرێت ئەمەش بەپێی ئەوەیە کە بودجەی بەغدا تا چ ئاستێك رێژەکەی زیاد دەکاتە و رێژەی داهاتی عێراق چەندە و رێژەی فرۆشتنی نەوت چەندە و بازاڕی نەوت چۆنە هەموو ئەم فاکتەرانە دەرەکین بەڵام کاریگەری لەسەر رێژەی بودجەی کوردستان هەیە.

**لە کۆمەڵگایەکی موحافیزکاری وەکو ئێمەدا بە ئاسانی ناتوانرێت گۆڕانکاری تەقەبول بکرێت**

*** سیستەمێك هەیە پێی دەڵێن پەڕینەوە(عبور) بۆ قوتابیانی قوتابی(١ و ٢ و ٣) و (٩)ی بنەڕەتین، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر کەمتەرخەمی و چالاك نەبوونی قوتابیان ئایا ئەمە هەروەکو خۆی دەمێنێت و راوبۆچوونی بەڕێزتان لەسەری چییە؟**

- بەپێی ئەو دراساتانەی لەبەردەستدایە و ئەو بڕیارانەی کە دراوە، سیستەم پێشتر(٦) ساڵی سەرەتایی بوو و سێ ساڵ ناوەندی و سێ ساڵ ئامادەیی، کە سیستەم گۆڕا بووە( ١ تا ٩) بنەڕەتی و خوێندن لە کوردستان ئیلزامیە و دەبێ قوتابی لە (١ تا ٩) ی بنەڕەتی بخوێنێ بەمەش تاوەکو نەخوێندەواری لە ناو کۆمەڵگاکەمان نەمێنێت لە ساڵی (٢٠٠٠) رێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان بەپێی ئامارەکانی یونیسیف(٣٧٪) بوو، بەڵام ئێستا رێژەکە بۆ(١٦٪ و ١٧٪) دابەزیوە بە هیوای ئەوەین تا ساڵی (٢٠١٥) رێژەکە بێتە خوارەوە هەوڵی جیاجیا لە کوردستاندا هەیە و ئێمە بۆ پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری هەوڵماندا وە جێگیربێت و بەرەو پێشەوە بچێت و لەبارەی ئەم عبورەش ئەگەر بێت و سەیر بکەین منداڵێك لە تەمەنی (٦) ساڵان لە کەشوهەوایەکی بەنازو جیا کە لە ماڵەوە دێتە قوتابخانە دنیا و ژینگەیەکی تازەیە بە گوێرەی ئەم



منداڵە کە قوتابخانەکە چەند سەد قوتابی لێیە پۆلەکەی (٢٠تا ٣٠) قوتابیی تێدایە لەلای ئەم منداڵە زۆر غەریبە هەندێ منداڵی وا هەیە و تا ماوەیەك دایك و باوکی لەگەڵی دێنە قوتابخانەکە و بۆی هەیە لەگەڵیشی بمێننەوە تا ماوەیەك کە لێی ڕادێت .

لە کۆتایی ساڵ پرۆسەیەك هەیە بەناوی تاقیکردنەوە لە کۆی (٣٠) قوتابی، (٢ تا ٣) قوتابی دەرناچن کە پێی دەڵێن(ساقیت یاخود فاشیل) ئەمەش دیوارێکی زۆر گەورە و ناخۆشە ڕوو بەڕووی ئەو منداڵە دەبێتەوە لەم تەمەنە بچوك و تازەیەدا لە ئەنجامدا تووشی بارودۆخێکی دەروونی ناخۆش دەبێتەوە و زۆر جارو روویداوە منداڵێك لە یەکەمی بنەڕەتی ڕقی لە خوێندن دەبێتەوە و دادەبڕێت لە پرۆسەکە، بۆیە بیرۆکەکە ئەوەیە کە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی قۆناغێکی هەستیارە بۆ دروستکردنی قوتابی و تاکی کۆمەڵگا و کەسیەتی منداڵەکە و لە پاش ئەم تەمەنە منداڵەکە هۆش و هزری پتر بەرەو پێشەوە چووە و کەسایەتی بەهێزترە لە قۆناغی چوارەم و بنەڕەتی دەکەوێتە سەر سکە و تێپەر دەبێت، لێرەشدا دیسان ژێرخانەکە گرنگە ئەگەر (٢٠) قوتابی لە ژوورێك دابن مامۆستا پتر دەتوانێ خۆی پێوەیان خەریك بکات و پتر زاڵ دەبێ بەسەر پۆلەکەدا و مامۆستای هاوکاریش کە لە هەندێ قوتابخانە هەمانە دوو مامۆستا لە پۆلێکە ئەوە دەتوانێ خۆی خەریکی ئەم(دوو- سێ) قوتابییە بکات کە ئاستی فێربوونیان نزمترە.

دواتر لە درێژەی دیمانەکەدا بەڕێز سەفین دزەیی لەوەڵامی ئەوەی ئایا ڕێژەیەکی نمرەکانی پۆلی (١٠ و ١١) بۆ قۆناغی (١٢) حیسابە وتی: وەکو باسمان کرد قوتابی تا پۆلی ٩ بە فلتەرێکی ئاوا تێناپەڕێت و لە لە (٢١) کاتژمێر تاقی دەکرێتەوە کە دوا ڕۆژی ئەو کەسە بەندە بەم چەند کاتژمێرە ئایا نمرە دەهێنێت و دەچێتە زانکۆ یان ناچێت و دەچێتە کۆلیژی پزیشکی یا ئەندازیاری کەواتە نمرەکەیە کە دوارۆژەکەی دیاری دەکات و بارە قورسەکە دەچێتە قۆناغی (١٢)بەم شێوەیە ئاستی زانستیش دادەبەزێت، بیرۆکەکە لێرەدا بوو، بۆ ئەوەی ئاستی زانست دانەبەزێت و ئەم قوتابییە قۆناخ بە قۆناخ هاوکاری بکرێت تا بچێتە قۆناغی (١٢) بۆ ئەمەش لەو بیرۆکەیەوە هاتەپێش کە ڕێژەیەکی نمرەی قۆناخەکانی (١٠ و ١١) ش بۆ (١٢) حیساب بکرێت لە رووی مەبدەئیەوە کارێکی زۆر باشە، بەڵام لە رووی جێبەجێکردن و ئالییەتی جێبەجێکردنی لاوازی پێوە دەبینرا، چونکە لە هەندێ قوتابخانە مامۆستا ئامادە نییە هاوکاری قوتابی بکات ئەگەر بە هەقی خۆی نمرە وەرنەگرێت وپێویستە توندبین لە نمرە پێدان و هەق و رەق بین وەدەبێ هەرواش بین، بەڵام لە قوتابخانەیەکی تر کەمێك مامۆستاکان لە نمرەپێدان دەستکراوەبن لە ئەنجامدا نادادپەروەری دروست دەبێ، لەبەر ئەوەی قوتابیەکی زیرەك لە قوتابخانەیەك بە هەقی خۆی نمرە وەردەگرێت لە قوتابخانەیەکی دیکە قوتابییەك لە ئاستی ئەو نزمترە، بەڵام مامۆستا نمرەی باشتری پێداوە لێرەدا ناهەقی و نادادپەروەری دروست دەبێت، بۆیە ئێمە بەشێوەیەکی کاتی ئەو بیرۆکەیەمان ڕاگرت و پێداچوونەوەمان بۆی کرد و کراوەتە پرۆژە و پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت بۆ هەموارکردن و هەر بڕیارێکیش بدرێت لەبەرژەوەندی پرۆسەی خوێندن و قوتابی دەبێت و هیواداریین ئەم پرۆژەیە بە زووترین کات پەسەند بکرێت و بکەوێتە واری جێبەجێکردن .

*** دیارە ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی قوتابخانەکان و قوتابییان لە زیادبووندایە کە بەمەش کێشەی میلاکات واتە کەمی مامۆستا دێتە پێش ئێوە، پلانتان چییە بۆ دامەزراندنی مامۆستا و بۆچی ئەو مامۆستایانەی دەچنە شوێنە دوورەکان گلەیی و گازاندە دەکەن لەوەی کە ماوەی دیاریکراویان سێ ساڵە و تەواوی دەکەن و ناگوازرێنەوە بۆ دەوروبەر و ناو شار ئایا نایێت لەسەرەتای دامەزراندنیان پێیان ڕابگەیەنرێت کە لە ماوەی دیاریکرا و پتر دەمێنێتەوە یا پاش چوونی (بەدیل) ئینجا ئەوان دەگوازرێنەوە؟**

- حکومەتی کوردستان لە ڕاستیدا ناتوانێت هەموو دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان دابمەزرێنێت، وەزارەتی پەروەردە مولزەمە بە پلەی یەکەم بەدامەزراندنی ئەوانەی کە لە بنەڕەتدا پەروەردە و ئامادەکراون تا بکرێنە مامۆستا وەکو دەرچووانی کۆلیژی بونیاد و پەروەردەر و زمان و تاد. ئەمساڵ. (٣٢٠٠) پلەی دامەزراندن بە وەزارەتی پەروەردە دراوە ئێمە ئەولەویەتمان بە سێ بوار داوە دەرچووانی پەروەردە و بوونیاد و پەیمانگای مامۆستایان، پەیمانگای مامۆستایان ئێستا کە داخراوە و (٢٥٠٠) دەرچوومان هەیە کەلە (٢٠٠٦) ەوە، تا ئەمڕۆکە دانەمەزراون و پێویستە ئەمانە دابمەزرێن، چونکە ئەوانە بۆ مامۆستایەتی پەروەردە کراون، کارێکی دیکە نازانین، توانیمان ئەمساڵ (٥٠٪) دابمەزرێنین بەو هیوایەن لە وەجبەکانی دیکە (٥٠٪)ی دیکەش دابمەزرێنین و لە هەوڵی ئەوەدا دەبین لەگەڵ خوێندنی باڵا وا بکەین کە قوتابیان بچنە ئەو کۆلیژ و بەشانە کە کەموکوڕیمان لێیان هەیە و دامەزراندنی دەرچووانی ئەو بەشانە مسۆگەرە، ئێمە کەموکوڕیمان لە بەشی زانستی هەیە، بەشی هەرە زۆری دەرچووانی ئێمە بەشی ئەدەبین و زۆرجار قوتابی بە حەز و ئارەزووی خۆی دەچێتە کۆلێژێك یاخود کۆنمرەکانی کۆلیژەکەی دیاری دەکات لە ڕاستیدا ئێمە وەکو وەزارەتی پەروەردە مامۆستای بەشی زانستەکانمان پێویستە و لە دەرچووانی ئەم ڕێژەیە کەمە و هەر مامۆستایەك لەسەرەتادا کە دامەزرێت بەپێی ڕێنماییەکان دەبێ سێ ساڵ لە دەرەوەی شارو لە گوند و ناوچە دوورەکان دابمەزرێت و پاش تەواوکردنی سێ ساڵ دەگوازرێنەوە، بەڵام هەندێکیان لەبەر نەبوونی بەش و پسپۆڕیەکە یا نەبوونی پتر دەمێنێتەوە، چونکە لەو کاتەدا بیگوازینەوە و بەدیلیش نەبێت، قوتابخانەکە گرفتی بۆ دروست دەبێت. ئەو گرفتە هەیە و هەر دەمێنێش، چونکە ژمارەی قوتابخانەکان و قوتابیان لە زیاد بووندایە تەنیا ئەمساڵ نزیکەی (١٥٠) هەزار قوتابی لە یەکەمی بنەڕەتی دەستیان بە خوێندن کردووە و پێداویستییەکان لە زیاد بووندایە و لە هەوڵی بەردەوام بووداین لە ساڵانی داهاتوو ڕێژەی دامەزراندن زیاتر بکرێت.

*** ماوەی دوو ساڵە لە هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان ژمارەیەکی زۆر باخچەی ساوایانی و قوتابخانەی بنەڕەتی ئەهلی دەکرێتەوە ئێوە چ ڕێنماییەکتان بۆ ئەمانە هەیە و چۆن ئاستی پەروەردە و خوێندنیان دەبینن؟**

- حکومەتی کوردستان لەسەرەتاوە لە کابینەی چوارەم و پێنجەم و ئێستاش پشتگیری لە کەرتی تایبەت لە هەموو بوارەکان دەکات و سەرمایەگوزاری بیانی و ناوخۆ لە وڵات زۆر گرنگە چ لە بواری

**لەم سیستەمە تازەیەدا دەبێ قوتابی ڕۆژانە لەگەڵ مامۆستا بەشداری پێبکرێت**

**زیادکردنی کاتی دەوام زۆر پێویستە کە لە (٤) کاتژمێر بکرێتە(٦ تا ٦,٣٠) کاتژمێر ڕۆژانە قوتابی دەوام بکات**

**ساڵی(٢٠٠٠) ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان بەپێی ئامارەکانی یونیسیف(٣٧٪) بوو، بەڵام ئێستا ڕێژەکە بۆ(١٦٪ و ١٧٪) دابەزیوە**



**ساڵ ١٩٩١ لەسەرتاسەری کوردستان تەنیا(١٣٢٠) قوتابخانە هەبوون، ئەمڕۆ زیاتر لە (٥٥٤٠) قوتابخانە هەن**

ژێرخانـــی ئابووری چ لە بواری پەروەردە و ئەو چەند باخچەی ســـاوایانەی لەسەرەتادا دامەزراون پێویستیەکی ناوخۆیی بوون، بەڵام ئێســـتا ژمارەیان لە زیادبوندایە ڕێنمایی و مەرجی تایبەت بۆ دامەزراندنیان دەرچوون و ئەوانەی ئەو مەرجانە نەیانگرێتەوە مۆڵەتیان پێنادرێت و لە کاتی دامەزراندنیش لیژنەکان و سەرپەرشـــتیاران سەردان و بەدواداچوونی تیروتەسەل لە هەموو بارێکەوە بۆ باخچەی ســـاوایان و قوتابخانە بنەڕەتیە ئەهلییەکان ئەنجام دەدەن و ئەگـــەر مەرجەکانی بۆیان دانراوە جێبەجێ نەکـــەن ئەوە مۆلەتەکانیان بۆ تازە ناکەنەوە، بە تەئکید ئەو قوتابخانەی دامـــەزراون و بەو مەرجە بووە لە داهاتوودا خاوەنـــی کۆمەڵـــگا و بینایەی شـــیاوو هاوچەرخی خۆیان بن، هەندێکیان بینایەی خۆیان کـــردووە و پابەندبوون بە بڕیارەکە و بەپێـــی ئەو گرێبەســـتەی لەگەڵیان کراوە ئەوەی پابەند نەبێ لە مـــاوەی دیاریکراو مۆڵەتەکەیان رادەگیرێت.

*** ئـــەو قوتابیانـــەی لـــە قۆناغی(١٢) دەردەچن و دەیانەوێت درێژە بە خوێندن بدەن لە زانکۆکان، گەرچی هەموو دەرچووەکانی قوناخـــی(١٢) وەرناگیرێن ئایـــا ئێوە لەم بارەیەوە هەماهەنگیتـــان لەگەڵ خوێندنی باڵا هەیە؟**

- هەماهەنگیەکی باشمان هەیە و چەندین دانیشـــتنمان ئەنجامداوە و پێش هەفتەیەك دانیشـــتنێکمان لەســـەر ئەم گرفتە کرد و ئەمساڵ لە هاوینەکەدا(٧٦) هەزار قوتابی قۆناغی(١٢) بەشداربوون لە ئەزموونەکان و بـــە هـــەردوو خول(٤٤) هـــەزار قوتابی دەرچوونـــە و پیشـــەیەکانیش لەگەڵـــی و بەپێی ئەو زانیاریانـــەی لە خوێندنی باڵا دەســـتمان کەوتووە ئەمســـاڵ(٢٤ تا ٢٥) هـــەزار قوتابی لە زانکۆکانی کوردســـتان وەردەگیرێـــن و ئەمەش گرفتێکی گەورەیە کە دەبێ چارەســـەر بکرێت لەبەوەرگیرانیان لە زانۆکانی ئەهلی یان بەشەکانی دیکەی عێراق، ئێســـتا بۆ چارەسەرکردنی گرفتی وەرنەگیرانی قوتابیان لە زانکۆکان گفتوگۆ لە نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی کوردســـتان و عێراقـــی فیـــدراڵ هەیە بۆ ئەوەی ڕێژەیەك لەو قوتابیانەی کوردســـتان لە زانکۆکانی عێراق وەربگیرێن.

*** ئەو پەرتووکانە لەسەر بودجەی وەزارەتی پـــەروەردە چاپکـــراون لە شـــێوەی چاپ و کاغـــەز و جوانی ڕەنگەکانی شـــایانی پێزانین و دەستخۆشـــییە، بەڵام ئامادەکردن و وەرگێڕانـــەکان لـــە بـــواری ڕێزمـــان و دەســـتەواژەکاندا زەحمەتی تێدایە جار هەیە لە هەندێ شـــوێن گەورەش باش تێناگات. ئایا بۆ ئەمانە پێداچوونەوە دەکرێت؟**

- بەبەردەوامی و ســـاڵانە پێداچوونەوە بە پەرتووکەکان پیادە دەکرێت زۆر جار تێبینی لە شوێنێك دێت دەست بەجێ کاری لەسەر دەکرێـــت و لەم ســـاڵانەی کـــە پەرتووك چاپکـــراون هەندێ گۆڕانکاری بە شـــێوە زار و دەســـتەواژە داهاتـــووە، بۆ نموونە کە پەرتووکێکـــی زانســـتی پێداچوونەوەی بۆ دەکرێن لەلایەن بەڕێزێك لە ســـلێمانی ئەوە هەندێ شێوەزار لەوێ بەکار دێت لە شوێنی دیکە بەکارنایەت بەڕاســـتی ئەوە گرفتێکە نـــەك تەنیا وەزارەتی پەروەردە بەڵکو هەموو کورد لـــەم لایەنەوە گرفتی هەیە و هەندێ دەســـتەواژەی زانســـتی هەیە ســـتاندارتە ناتوانین دەســـتکاری بکەین کە دواجار لە کۆبوونەوەیەکی وەزارەت بڕیارماندا هەندێ کەســـی زمان هەنە و پسپۆڕ و خۆبەخشن و هاتوونەتـــە پێـــش ئامادەن کە پێویســـت بکات پێداچوونەوە لـــە پەرتووکەکان بکەن لە یەکەمـــی بنەڕەتی تـــا قۆناغی(١٢) بۆ ئەوەی زارە و دەســـتەواژەکان ستاندارت بکـــەن و بەمەش لە هەموو قۆناخەکان وەك یەك تەماشـــا بکەن و فێربین و دەبێ ئەوە بزانین زمانی کـــوردی زمانێکی فراوانە و یەکخســـتنی زمان یا زاراوەکان نەبووە ناڵێم ئەمەکاری وەزارەتی پـــەروەردە نییە، بەڵام ئەمە کارێکی ئەکادیمیەوە لە کوردســـتان شـــێوزاری جیاجیا هەیە و ئەمەش کارێکی زۆر و باش و درێژخایەنی پێویستە.

*** بۆ ناوچە دابڕاوەکان چیتان کردووە؟**

- ناوچە دابڕاوەکان جگە لەوەی بەشێکیان لەســـەر عێراقی فیداڵن وبەشێکیان لەسەر خوێندنی کورد نییە، پێداویســـتییەکانی کە بۆیـــان بکرێت تا لە بواری بینایەی تازەی خوێندن و پەرتووك دامەزراندنی مامۆســـتا



و لـــه بواری ئەزموونەکانیـــش کارو پرۆژە کراوە و پێویستە پتریش کاریان بۆ بکەین و بێگومان وەکو بەشێك لە کوردستان تەماشا دەکرێن.

*** لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی هەماهەنگیتان چۆنە، چونکە قوتابی هەیە تێگەیشـــتنی کەمە یاخود لە پێداویســـتیە تایبەتییەکانە و پێویســـتی بە چارەســـەری تەندروســـتییە یا ڕووبەڕووی هەنـــدێ گرفـــت دەبنەوە کـــە پێوەندی بە کاروباری کۆمەڵایەتیەوەیە؟**

- وەزارەتی پـــەروەردە پابەندە بە خوێندن لە قۆناغی باخچەی ســـاوایانەوە و ئێمە بەشی پێداویستی تایبەتمان هەیە کە پرۆگرامێکە کەلە ســـاڵی ١٩٩٤ بەپێـــی پەیماننامەیەك لـــە ئیســـپانیا مۆرکرایە و سیســـتەمێکی جیهانـــی تازە هەیـــە قوتابی کـــەم ئەندام لە ڕووی جەســـتە یاخود مێشـــك نابێ لە پرۆســـەی خوێندن دابڕێت و دەبێ لە پرۆسە گشـــتییەکەدا بێ، وەزارەتی پەروەردەش بەو ئەرکە هەســـتایە و لە کوردســـتان زیاتر لە (٣٦٠) قوتابخانە پەیڕەوی ئەو سیســـتەمە دەکەن و بەشـــێکمان لـــە وەزارەت هەیە کە پێی دەڵێن بەشـــی پێداویســـتی تایبەت و مامۆستای ڕاهێنەرمان هەیە خولیان دیتوە و سوودمان لە پرۆگرامی دەرەوەش وەرگرتووە، کارەکە ئاســـان نییە، بەڵام دەست پێشخەری باش هەیە و ئەو قوتابییانەی تایبەتن بەمە هاوکاری دەکرێـــن و هەوڵدەدرێت و ژمارەی ئەو جۆرە قوتابخانانە زیاد بکرێت.

*** بۆچی پەرتووکەکان لە کوردســـتان و لە چاپخانەی پەروەردە چاپ نەکراون.**

- وەزیـــری پەروەردە: قۆناخەکانی (١ و ٢ و ٣) بنەڕەتی لە (١٠٠٪) پەرتووکەکانیان بۆ چاپ دەکرێتەوە و پەرتووکی تازەیان پێدەدەین، چونکە منداڵێکی تەمەن شەشساڵان ناتوانێ پەرتووکەکە بپارێزێ و لە ڕووی تەندروستیش پەرتووکی کۆن نابێـــت بدرێت بەم تەمەنانە بۆیە ١٠٠٪ پەرتووکـــەکان چاپ دەکەینەوە و قۆناخەکانـــی دیکـــەش ٧٥٪ و ٥٠٪ لە پاشان(١٠٠٪) چاپ دەکرێنەوە، ئەوانەی کە بابەتی زانستییەکانن کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتـــووە و پرۆگرامێکە لـــە کۆمپانیایەکی ئەمەریکی وەرگیراوە و چڕو پوخت کراوەتەوە تاوەکو لەگەڵ بارودۆخی کوردستان و کاتی دەوامـــی خۆمان بگونجێت و کۆمپانیایەکی لوبنانـــی کە هاوبەشـــە لەگـــەڵ کۆمپانیا ئەمەریکیەکە گرێبەستی لە ساڵی (٢٠٠٧) لەگەڵ کراوە ئەو مافی لە چاپدانی هەیە و گرێبەستەکە تا کۆتایی قۆناخەکە لە ساڵی داهاتوو تەواو دەبێت، کە گرێبەستەکە تەواو بوو پێداچوونەوە دەکەین ئەو کاتەدا یا مافی لـــە چاپدانەکە لەوان دەکرینەوە یا هەر ئەوان بەردەوام دەبن و پرۆگرامی ئینگلیزی کە لە ساڵی ٢٠٠٤ گۆڕانکاری بەسەر داهات لە ڕێگای کۆمپانیایەکی بەریتانییەوە، ئەمەش بە هەمان شـــێوەی پەرتوکەکانی دیکەیە کە کۆمپانیای ئەمەریکی کردویەتی و بەشێکی ئەو پەرتوکانەی دیکە کە لە کوردســـتان بە تێنـــدەر دەدرێت و چاپ دەکرێن، چاپخانەی پەروەردە راســـتە زۆر گەورەیە، بەڵام کۆنە و لە ساڵی (١٩٧٠) دامەزراوە لە ڕووی ئامێر و تەکنیك و هونەرییەوە لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێ بەم شـــێوە و دیزاینە تازانە کتێبەکان چاب بکات ئەگەر کەرتی تایبەتی خۆمان دەیانەوێت بێن بۆ فراوانکردن و پێشخســـتنی چاپخانـــەی وەزارەت ئێمـــە هـــاوکاری و پاڵپشتییان دەکەین.

*** لێرە و لەوێ دیاردەی توندوتیژی دەبینرێت کە قوتابی هەڕەشـــە لە مامۆســـتا دەکات یاخود دەســـتدرێژی دەکاتە سەری لەمبارەوە ئیجرائاتان چییە.؟**

- دەبـــێ ئەوە بزانین ژیانی ئەمڕۆ گۆڕان و کرانەوەیەکی زۆر بەسەر هاتووە و منداڵەکانی ئێمەش بە هەمان شێوە لە سایەی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنەوە پەیوەندی بە هەموو دنیاوە دەکەن، و پێمان باشە و کە نەوەکانمان کراوەبن و خاوەن راوبۆچوونی خۆشـــیان بن، بەڵام ئێمە دژی هەموو توندوتیژین لە قوتابخانە چ لەبەرامبە مامۆســـتا چ بەرامبـــەر قوتابی و جێگای نیگەرانیمانە خوانە خواســـتە ئەگەر قوتابی توندوتیـــژی بنوێنێ بەرامبەر مامۆســـتا و ئیدانەی ئەم کارە دەکەین و لیژنەش لەمبارەوە پێکدێـــت و لێپێچینـــەوەش دەکرێت بەرامبەر هەر ڕووداوێك کـــە ڕوویدا بێت، دەبێ ڕێزی مامۆستا بەرز ڕاگیرێت بۆیە دەڵێم توێژەری کۆمەڵایەتی زۆر پێویستە بۆ قوتابخانەکان.

**بۆ چارەسەرکردنی گرفتی وەرنەگیرانی قوتابیان لە زانکۆکان گفتوگۆ لە نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی کوردستان و عێراقی فیدراڵ هەیە**


دەنگی کوردستان
گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی

٤٧ ساڵ بەر لە ئێستا و بە راسپاردەی سەرۆکی نەتەوەیی بارزانی نەمر ئێزگەی دەنگی کوردستان عێراق وەك یەکەم دەنگی شۆڕشی کورد دەستی بە پەخشی خۆی کرد و هەڵگری پەیامی کورد و بزوێنەری خەبات و هاندەری پێشمەرگەی کوردستان بۆ رووبەرووبوونەوەی داگیرکەران و زیندوو کردنەوەی ئاوات و خەونەکانی گەلی ستەمدیدەی کوردستان، دەنگ و سەدای رادیۆی کوردستان هەمیشە ئومێدی بە رۆڵەکانی کوردستان دەبەخشی بۆ رزگار بوون، لەو کاتەوە تا ئێستا دەنگی کوردستان هەمیشە لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی کورد ژیاوە و بەردەوام پەیامی نەتەوایەتی خۆی بە ئەمانەتەوە گەیاندووە.

لە ٤٧مین ساڵیادیدا بە پێویستمان زانی را وسەرنجی بەڕێز سالار عوسمان بەڕێوەبەری گشتی رادیۆی دەنگی کوردستان بخەینە روو:


ئەو پەیامەی کە ئێمە بە بەردەوام دەیگەیەنین، پەیامێکە لە بەرپرسێتی و سەرچاوەی لە رێبازێکی روونی سیاسییەوە گرتووە کە ئەویش رێبازی بارزانی نەمرە، ئەو رێبازەی بەردەوام فێری کردووین پێداگیری بکەین لەسەر پرەنسیپە ئاکارییەکانی کاری میدیا لە کوردستان،ئێمە هەمیشە بە درێژایی ئەو مێژووە و قۆناغە جیاوازەکان و بۆ خۆگۆڕین لەگەڵ قۆناغەکان توانیومانە ئەو پەیامە بگەیەنین کە بریتییە لە پەیامی میدیایەکی بەرپرس و هەڵگری ئەرکەکان و لەگەڵ وڵاتی خۆی بژی و خەونی میللەتەکەمان وێنا بکات بۆ ئایندەیەکی باشتر.

ئەگەر سەیری مێژووی دەنگی کوردستان بکەین هەر لە سەردەمی پێشمەرگایەتی لە شاخ وەکو پێشمەرگەیەك ژیاوە و پێ بە پێ لەگەڵیان بووە و بەو پەڕی سادەییەوە توانیویەتی پەیامێکی گەورە پیشکەش بکات کە ئەمە خەسڵەتی ئەو کاتی دەنگی کوردستان بوو، بۆ نموونە ئەگەر وێستگەیەکی گرنگی وەکو راپەرین وەربگرین کە وەرچەرخانێکی سیاسی زۆر گرنگە لە ژیانی گەلەکەمان، دەنگی کوردستان چەشنی راپەرین پڕ بوو لە حەماسەت و بەشدارییەکی کاریگەری هەبوو لەم وەرچەرخانە مێژووییەدا، دوای راپەرینیش ژیان گۆڕا و لە گۆڕانی بەردەوامی ژیان لە بوارەکانی میدیا دەنگی کوردستانیش هەنگاو بە هەنگاو خۆی گۆڕی،لە خۆگۆڕینی دوای راپەریندا هەوڵیدا سوود لە تەکنەلۆژیای سەردەم و یاسای کاری رۆژنامەوانی کرانەوەی کۆمەڵایەتی و ئەم کەشوهەوا ئازادە وەربگرێت کە هەیە، بە سوود وەرگرتن لەمانە هەموویان ئێستا دەنگی کوردستان لە ئاستێکی مۆدێرنی باشدا کار دەکات، پەخشێکی سەرتاسەری هەیە و لە رێگای ویب سایت و کەناڵی هۆتبێردەوە پەخشەکەی بە هەموو جیهاندا بڵاودەکاتەوە، هەموو ئەمانە وکۆی ئەو بەرنامانەی ئێمە پێشکەشی دەکەین و کۆی ئەو روانینە میدیایانەی کە ئێمە لە نێو دەنگوباسەکاندا جێی بۆ دەکەینەوە و بڕوا بوون بە زیندوویی گواستنەوەی هەواڵەکان و بەوەی کە دەبێ هەموو رەنگ و دەنگێکی سیاسی لێرە بیروڕاکانی خۆی بڵێ، ئەمانە وایان لە دەنگی کوردستانی عێراق کردووە کە لە دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ببێت بە دەنگی کوردستان، دەنگی هەموو خەڵکی کوردستان، راستە ئێمە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانی، بەڵامە هەوڵمانداوە زۆر بە فراوانی سەیری ژیانی سیاسی کوردستان بکەین.

ئێمە هەموو بەرنامەکانمان بەشێوەیەکی راستەوخۆیە و تەلەفۆنەکانمان کراوەیە و لە پاڵ کادیرێکی پارتی کادیری حزبەکانی دیکەی کوردستانیش دەهێنینە ناو ستۆدیۆ و لە روانگەی بڕوا بوونمان بە کارکردن و بەرپرسیاریەتی بە هاوبەش بیروڕاکانی خۆیان ئازادانە دەخەنە روو.

## دەنگی کوردستان هەڵگری پەیامێکی نەتەوایەتییە


گرنگترین خاڵ لای ئێمە بەرپرسیاریەتی ئێمەیە بەرامبەر بە کوردستان و بە سەرچاوەی کارکردنی خۆمانی دەزانین، دواتر ئێمە کار لەسەر خێرایی هەواڵ و زیندوویی لە بەرنامەکان دەکەین، بەڵام هیچ کاتێك لەپێناو خێرایی هەواڵ و کۆکردنەوەی زۆرترین بیسەر بەرپرسیاریەتی نیشتمانی خۆمان فەرامۆش ناکەین و نادیدە نابین بەرامبەر بە ئەرکە نەتەوەییەکانمان، وەك دەنگی کوردستان بڕوامان بەوە هەیە کە کۆمەڵە ئەرکێك ئێمەی کۆکردۆتەوە، بەڵام ئەم ئەرکانە دەمانبات بۆ ئامانجێك کە ئامانجی میللەتێکە نەك ئامانجی حزبێکی دیاریکراو، بۆیە ئێمە دوای بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەی لەسەر شانمانە کار لەسەر لایەنەکانی تری میدیایی دەکەین وەك پێڕاگەیشتنی تەکنۆلۆژی و خێرایی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری دەکەین، وەك پێشتر باسم کرد ئێمە کار لەسەر دروستکردنی هەواڵ دەکەین، ئەوەی ئێمە لە رادیۆکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێمە بەردەوام هەواڵەکانمان بەشێوەیەك زیندوو















پێشکەش دەکەین، ئێمە هەواڵێك بڵاو دەکەینەوە ڕاست بێت و خزمەتی وڵاتەکەمان بکات، ڕەچاوی ئەو بەرپرسیارییەتە بکات کە پێشتر باسم کرد لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە ئێمە بە پێنج زمان بەرنامەکانمان پەخش دەکەین و پەیامەکەمان ئاراستەی میللەتان دەکەین، جگە لە زمانی کوردی بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی،تورکی، فارسی بەرنامە و هەواڵەکانمان پەخش دەکەین.

لەوانەیە ئەمانە هەموویان ببنە هۆیەك بۆ لە دەستدانی جەماوەری ڕادیۆ، بەڵام مەبەستی سەرەکیمان لە ئەستۆ گرتنی ئەم ئەرك و بەرپرسیاریەتیەیە، بۆ نموونە کۆکردنەوەی ئەم هەموو زمانە لە ڕادیۆیەك بەشێك لە جەماوەر لەدەست دەدەی، بەڵام پەیامی گەلی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی و ئەم ئەزموونەی ئێمە دەبێ بگات بە خەڵکی عەرەب و تورك و فارس و بیانی، کەواتە لێرەشدا ئێمە لە بواری زمان ڕەچاوی ئەوەمان نەکردووە جەماوەر بۆ خۆمان کۆ بکەینەوە، بەڵکو ڕەچاوی ئەوەمان کردووە چۆن پەیامەکەمان بە سەرکەوتوویی بگەیەنن.

**بەرنامە و پلانی نوێ بەدەستەوەیە**

ئەمساڵیش وەك هەمیشە بە نیازی ئەنجامدانی چەندین گۆڕانکاریی نوێین لە شێوەی کارکردنمان، زیادکردنی زمانی فارسی یەکێکە لە گۆڕانکارییەکان داهاتووی دەنگی کوردستان، هەوڵمانداوە ئەم ساڵ ماڵپەڕەکەمان بە ستایلێکی نوێ نۆژەنی بکەینەوەن هەروەها یەکێك لە کارە گرنگەکانمان ئەوەیە کە یەکەی نووسین لە یەك شوێن کۆبکەینەوە، پێشتر پەیامنێر و نووسەر و بێژەرمان هەبوو وەك یەکەیەکی جودا کاریان دەکرد، ئێستا بێژەر خۆی هەواڵ دادەڕێژێت و پێشکەشی دەکات لە یەك کاتدا بە هەمان شێوە بۆ پەیامنێرەکانیش، هەروەها هەوڵ دەدەین بێژەرەکە خۆی شرۆڤە هەواڵ و پێشهاتەکان بکات لە نێو ستۆدیۆ، بۆ هەر پێنج زمانەکە ئێمە کردوومانە بە وۆرك شۆپێکی بەردەوام و هەموومان ڕاستەوخۆ بە ستۆدیۆوە بەستۆتەوە و لەوێوە بێژەرەکە کە خۆی هەواڵەکەی دارشتووە دەچی دەیخوێنێتەوە بە ڕەچاو کردن یەك شت ئەویش ئەوەیە کە بێژەر دەبێ دەنگی خۆش بێت، هەروەها کاغەز بە هیچ جۆرێك لە دەنگی کوردستان بەکار نایەت ئەمەش بەڕای من تاقیکردنەوەیەکی نوێیە لە کاری ڕادیۆیی، بە هەمان شێوە هەوڵمانداوە هەموو کارمەندە هونەرییەکان بتوانن کارە جیاجیاکانی ڕادیۆ ڕابپەڕێنن بۆ نموونە مونتێر لە هەمان کاتدا بتوانێت کاری تەنسیق و پەخش







و كاری دەرهێنان بكات، جگە لە چەندین بەرنامەی دیكەی رەنگاورەنگ لە هەمان كاتدا بەرنامەكانمان كەمە دەكەینەوە، و زیاتر گرنگی بەو بەرنامانە دەدەین كە خەڵك زیاتر خۆی لێبدات، بۆ نموونە بەم زووانە بەرنامەیەكمان دەبێت بەناوی (قەدەغە) لەم بەرنامەیەدا قسە لەسەر هەموو قەدەغەكانی كۆمەڵگا دەكەین و هەموو ئەو دیوارانە دەشكێنین كە پێیان دەڵێن قەدەغە، دڵنیام تووشی ئاستەنگ دەبینەوە و قسەشمان لەسەر دەكرێ، بەڵام هەوڵ دەدەین لەو بوارەشدا كارێك بكەین كە دواجار خزمەت بە كۆمەڵگا و تاكی كورد بكات.

**رێگا بە ئازادییەك نادەین زیان بە بەرژەوەندییەكانی گەلی كوردستان بگەیەنێت**

فاتیح كەریم بەڕێوەبەری نووسین لە رادیۆی دەنگی كوردستان بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتۆتە ئاخاوتن:

ئێمە بە وردی مامەڵەمان لەگەڵ ئەو هاوكێشەیە كردووە كە رادیۆی دەنگی كوردستان خاوەن پەیامێكی نەتەوەییە لە هەمان كاتدا لایەنە پیشەییەكەشمان فەرامۆش نەكردووە، بۆ ئەوەی سەركەوتوو و متمانە لای گوێگر پەیدا بكەین هیچ یەكێك لەو لایەنانەمان فەرامۆش نەكردووە و جۆرە هاوسەنگییەكمان دروستكردووە لە گەیاندنی زانیاری راست و دروست و دوور لە چەواشەكاری و هەواڵی وروژێنەر كە مەبەستیان تەنیا وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵك بێت.

سەبارەت بە ئازادی رادەربڕین لە بەرنامەكانی دەنگی كوردستان رەنگی داوەتەوە بەجۆرێك هەندێك بەرنامەمان هەیە ئەگەر نەڵێت ئێرە دەنگی كوردستانە خەڵك باوەڕ نەكات ئەمە زمانحاڵی پارتییە جا ئەو بابەتانەی باسیان لێوە دەكرێت سیاسی، ئابووری، یان كۆمەڵایەتی بن كە زۆر ئازادانە بیروبۆچوونی حزبەكان و كەسانی سەربەخۆ لەم رادیۆیەدا دەخرێتە روو بێ ئەوەی رێگر بین لەبەردەم دەربڕینی ئەو رایە ئازادە، بەڵام هیچ كاتێك رێگامان نەداوە شتێك لە رادیۆی دەنگی كوردستان بڵاوبكرێتەوە كە كاریگەری سلبی هەبێت بۆ سەر ئەزموونی كوردستان یان دژی بەرژەوەندییە نەتەوەییەكانی گەلی كوردستان بێت، چونكە ئێمە خۆمان بە هەڵگری پەیامی نەتەوەیی گەلی كوردستان دەزانین.

دەربارەی سەركەوتن لەو بوارەدا دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی چەند گوێگر بۆ خۆمان پەیدا بكەین، زیاتر گرنگیمان بەوە دایە پەیامی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆمان بە زمانەكانی دیكە بە دەورووبەرمان بگەیەنین.

